دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتیکی فێدراڵ دا

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

ئۆرگانی حیزبی
دێموکراتی کوردستان

ژمارە ٦٠٣

سێشەممە
١٥ی رەشەمەی ١٣٩١
٥ی مارسی ٢٠١٣

نرخ: ١٥٠ تمەن

kurdistanukurd.com

## کۆماری ئیسلامی ئیدیعا دەکا گەمارۆ جیهانیی‌یەکان بەدژی ئێران کەم بۆتەوە



لە حاڵێکدا کە پاش دانوستانە ناوکی‌یەکانی ئەو دواییانە، لایەنی گرووپی (١+٥) رایگەیاند کە لەو وتووێژانەدا باس لە هەڵوەشاندنەوە یان کەمکردنەوەی گەمارۆکان نەکراوە، وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئیدیعا دەکا کە لەمەو دوا گەمارۆکان بەدژی ئێران نەک هەر زیاد ناکرێن، بەڵکوو کەمتر دەبنەوە.

عەلی ئەکبەر ساڵحی دەڵێ کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ئیبتیکار و لێهاتوویی خۆی، هەموو زەخت و فشارەکانی تێپەڕاندوە و توانیویەتی ئەو خاڵە نێگەتیڤانە کەم بکاتەوەو بە جۆرێک مامەڵە لەگەڵ هاوکێشەکان بکا کە دوژمن ماندوو بێ و وازی لێ بێنێ.

### سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وتووێژێکی تایبەت لە گەڵ «کوردکاناڵ»دا:

# ئێستا کورد مەجالی ئەوەی هەیە وەک هێزێک لە ناوچەکەدا دەور بگێڕێ



لە وتووێژێکی تایبەت دا کە تەلەڤیزیۆنی «کوردکاناڵ» لە گەڵ بەڕێز خالید عەزیزی پێکی هێناوە، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، خوێندنەوەی حیزبەکەی بۆ گرنگترین ئالوگۆر و پرسەکانی ناوچە، ئێران و کوردستان دەخاتە روو.

عەزیزی پێی وایە ئاڵوگۆڕەکانی ولاتانی عەرەبی چوون بەرەوپێشەوەن و ئەگەر لە گەڵ کەند و کۆسپیش بەرەوڕوو بوون، گەڕانەوە و کشانەوە بۆ دواوە، قبووڵ ناکەن\ بە باوەڕی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات» نەفسی ئاڵوگۆڕەکان شتێکی باشە، تازە بە مەعنای ئەوەیە حکوومەتی ئیستبدادی و سەرەڕۆیی و دیکتاتۆری لەژێر هەر عینوان و ناوێکدا بێ لەو ناوچەیە مەجالی نییە دیسانەکانە سەقامگیر بێتەوە.»

بە خوێندنەوەی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کورد بە پێچەوانەی سەردەمەکانی پێشوو، لە هەلومەرجی پڕ ئالوگۆڕی ناوچەکەیدا، ئێستا قورسایی خۆی هەیە: « ئێستا کورد مەجالی ئەوەی هەیە لە رادەی خۆیدا لە ناوچەکە لە گەمەکەدا بێ و دەور بگێڕێ و زۆرجار وەک هێزێک لە ناوچەکەدا لە حەددی توانای خۆیدا دەور بگێڕێ. بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوودا کورد ئیعترافی پێ کراوە و ئینکار ناکرێ، لە گەمەی عێراقدا مەترەحە، بێ کورد عێراق دروست نابێتەوە، لە سووریەدا لە گەمەکە دا مەترەحە، ناکرێ نادیدە بگیرێ، لە تورکیەش لە کێشەکەدا مەترەحە و ناکرێ نادیدە بگیرێ، هەرچەند لە ئێران حکوومەتی کۆماری ئیسلامی، کوردستانی ئەمنییەتی کردوە و بە دیدی ئەمنییەتی چاوی لێدەکا بەڵام لە ئێرانیش هەر ناکرێ نادیدە بگیرێ. جا ئەگەر وایە بە بەراورد لەگەڵ رابردوو، مەوقعییەتی کورد باشە و کورد لە مەوقعییەتێک دایە کە دەتوانێ لە حەددی توانای خۆیدا لەو گەمەیەدا بەشدار بێ.»

لەم ژمارەیەی «کوردستان» دا بەشی یەکەمی ئەو وتووێژە کە پێوەندیی بە ئالوگۆڕەکانی ناوچە و جێگە و پێگەی کورد لەو رووداوانە دا هەیە، دەخرێتە بەرچاوی خوێنەران.

## هەنگاوی یەکەم لە بەرەوپێشچوونی ئاشتی لە تورکیە دا

سەرچاوە خەبەرییەکان، رایان گەیاندوە کە پارتی کرێکارانی کوردستان (p.k.k) لە ماوەی ١٠ رۆژی داهاتوو دا کۆمەڵێک لە کاربەدەستانی رەسمیی تورک کەلە لە لایەن ئەو پارتەوە بەدیل گیراون، ئازاد دەکا. ئەم هەنگاوە نیشانەیەکە لە نیازپاکیی ((p.k.k و پیشوەچوونی وتوویژ و رێککەوتن لە نێوان سەرۆکی بەندکراوی پارتی کرێکارانی کوردستان و دەوڵەتی تورکیە، دەسەلمێنێت.

راگەیەنەکان لە زمانی عەبدوڵلا ئوجەلانەوە بڵاویان کردەوە کە ئەگەر دەوڵەتی تورکیە بەڵێن و بەرپرسیارەتییەکانی خۆی لە پێوەندی لە گەڵ پرسی کورد لەو ولاتە دا، جێبەجێ بکا، ئەو وا دەکا هێزەکانی پێ کا کا، تا مانگی ئاگۆست، لەو ولاتە بچنە دەر.

وتووێژی نێوان دەوڵەتی تورکیە و عەبدوڵلا ئوجەلان، کە ماوەیەکە دەستی پێ کردوە، هومێد بە ئاشتی و چارەسەری کورد بە رێگای ئاشتیی لەو ولاتەی دا بە هێز کردوە، بەلام هەر لەو کاتە دا، هەوڵی جۆراوجۆر بۆ لەباربردنی ئەو دەرفەتە لە گۆڕی داهەن کە دوا نموونە، لەقاودان و بڵاوکردنەوەی هێندێک زانیاری لە لایەن راگەیەنەکانەوە بوو کە دەوترێ لە نامەی بەڕێز ئوجەلان بۆ سەرکردایەتیی حیزبەکەی دا لە پێوەندی لە گەڵ رەوتی دانوستانەکان و ئاشتی و رێککەوتن لە گەڵ دەوڵەتی تورکیەدا هاتبوون.

لە چوارچێوەی هەوڵی چارەسەری پرسی کورد بە رێگای ئاشتیخوازانە دا، هەیئەتێکی پارتی ئاشتی و دیموکراسی، بۆ دیدار لە گەڵ سەرکردایەتیی پارتی کرێکارانی کوردستان و هەر وەها بۆ بیروراگۆڕینەوە لە گەڵ کاربەدەستانی حکوومی وحیزبی،چەند رۆژێکە لە هەرێمی کوردستانن.ئەو هەیئەتە درێژەی بۆمبارانی قەندیل لە لایەن دەوڵەتی تورکیەیان بە زیان و ناتەبا لە گەڵ هەوڵەکانی چارەسەری ئاشتیخوازانە زانی.

لە دیدارێکیشدا کە ئەو هەیئەتە لە گەڵ نیچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێکی هێنا، سەرۆکی حکوومەتی هەرێم هەڵوێستی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی دووپات کردەوە کە «هەمیشە ئامادەیە لە پێناو ئاشتی و چارەسەری ئاشتیانەی مەسەلەکەدا رۆڵی خۆی بگێڕیت و هەر ئەرکێک کە بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئاشتیانە بکەوێتە ئەستۆی، جێبەجێ بکات، هەروەها ببێتە یارمەتیدەرێک بۆ نەهێشتنی شەڕ و بەرگرتن لە رژانی خوێنی زیاتر و بەرقەراکرنی ئاشتی و ئارامی لە نێوان هەردوولادا.»

## داوای ئامانۆ لە ئێران بۆ پشکنینی خێرای ناوەندی پارچین لە لایەن ئاژانسەوە




یوکیا ئامانۆ، بەڕێوەبەری گشتیی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمی داوای لە ئێران کردوە هەلی دەستڕاگەیشتنی خێرا بە ناوەندی نیزامیی پارچین بۆ پشکێنەرانی ئاژانس برەخسێنێ.

ئامانۆ کە لە کۆبوونەوەی شووڕای حۆککامی ئاژانس‌دا قسەی دەکرد گوتی: ناتوانین بڵێین وتووێژەکانی ئاژانس لەگەڵ ئێران لە دوو ساڵ لەوە پێشەوە تا ئێستا پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە.

ناوبراو جەختی کردەوە ئێران دەبێ بە بێ کات بە فیرۆدان هەلی دەستڕاگەیشتن بە ناوەندی نیزامیی پارچین و چالاکییەکانی دیکەی کە گومان لە ئاشتی خواز بوونیان دەکرێ، بۆ پشکێنەرانی ئاژانس برەخسێنێ.

ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمی دەڵێ لەوانەیە لە بنکە نیزامییەکانی پارچین، کە لە باشووری رۆژهەڵاتی تاران هەڵ کەوتوو، چەند تاقیکاری‌یەک لەسەر مەوادی تەقینەوەیی ئەتومی کرابێ کە پێوەندیی راستەوخۆی بە دروستکردنی چەکە ئەتۆمییەکانەوە هەبێ.

ناوبراو هەروەها گوتوویەتی ئاژانس پێبەند بە وتووێژی بنیاتنەرانە لەگەڵ ئێران دەمێنێتەوە، بەڵام رێژیمی تارانیش دەبێ بسەلمێنێ کە لە نائاسایی بوونی بارودۆخەکە تێگەیشتووەو نیگەرانیی کۆمەڵگای جیهانی برەوێنێتەوە.

## پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

### بەبۆنەی ٨ ی مارس رۆژی جیهانیی ژن

لە نێو ئەو رۆژ و بۆنە سیاسییانەدا کە لەسەر ئاستی جیهانی و نێونەتەوەیی یاد دەکرێنەوە، هیچ رۆژ و بۆنەیەک بەقەرا ٨ی مارس رۆژی جیهانیی ژن ناسراو نییە و هێندەی ئەو رۆژەش هەموو ساڵێک لە زۆربەی نزیک بە تەواوی وڵاتانی جیهاندا باس و خواس و چالاکی بەدووی خۆیدا ناهێنێ. گرینگییەک کە بەدرێژایی ساڵەکان و دەهەکان رۆژی جیهانیی ژن وەدەستی هێناوە بەهەڵکەوت و لەخۆڕا نییە. ئەم ناسراوی و بایەخ وەرگرتنە هەر لەو کاتەدا کە نیشاندەری قووڵی و هەژێنەربوونی ئەو زوڵم و ناهەقییانەیە کە بەدرێژایی مێژوو بەهۆی ژنبوون لەو ژێندەرەی دیکەی مرۆڤایەتی کراوە، هەر لەو کاتەدا بەربڵاوی و جیهانیبوونی دیاردەی چەوسانەوەی ژنیش دەگەیەنێ.

سەرنجراکێشە کە ببینین هەتا ئەمڕۆ هیچ وڵات و کۆمەڵگایەک پەیدا نابێ کە لەودا خەبات بۆ یەکسانیی ژێندەری بەتەواوی وەدی هاتبێ و مشتومڕ لەسەر مافەکانی ژن کۆتایی هاتبێ، چونکە هێشتا تەنانەت پێشکەوتووترین کۆمەڵگاکانیش لە هێندێک بوار و کەرتدا بەو ئیدئالە یەکسانیخوازییە نەگەیشتوون کە شایانی مەقامی ئینسانیی ژن و ئەو خەبات و فیداکارییەیە کە ژنان لەسەر ئاستی خێزان و کۆمەڵگادا نەک تەنیا بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی تایبەت بە خۆیان بەڵکوو زۆر لەوە زیاتر لەپێناوی ئازادی و بەختیاریی دەوروبەر و کۆمەڵدا کردوویانە. فرەڕەهەندی و گشتگیر بوونی دیاردەی ستەم بە هەموو شکڵ و شێوازەکانیەوە بەرامبەر بە ژن بۆتە هۆی ئەوە کە پرسی ژن وەک پرسێکی کاتالیزۆری کێشەکانی کۆمەڵگا خۆی بنوێنێ و بزوتنەوەی ژنان بۆ وەدیهێنانی مافەکانیشیان جێگە و پێگەی تایبەتیی لەنێو بزوتنەوە عەداڵەتخوازەکاندا هەبێ.

مافەکانی ژن بەتایبەت لەسایەی هەوڵ و دەستپێشخەرییەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئەمڕۆ لەسەر بنەمای فەلسەفەیەکی گەردوونی ورد کراونەوە و کاکڵ و نێوەرۆکێکی هاوبەش و جیهانییان هەیە. لە بەرامبەریشدا هەموو ئەو دەوڵەتانەی کارنامە هەرە خراپ و رەشەکانیان لەبواری دۆخی ژناندا هەیە، بۆ خۆبواردن لە هەموو ئەو ئەرک و ئیلزاماتە کە دەوڵەتان لە بواری پەرەپێدانی جێگە و پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ژناندا هەیانە و بە پشتبەستن بە چەمکی نیسبییەتی فەرهەنگی، بەستێنی کۆمەڵایەتیی تایبەت بە خۆیان لەبواری ئایین و کولتور و دابونەریتدا وەک پاساوێک بۆ درێژەپێدانی وەزعییەتی مەوجوود بەکار دەبەن.

بێگومان زەقکردنەوەی بەستێنی تایبەت بە هەر وڵاتێک ئەگەر بەمەبەستی خۆدزینەوەی دەوڵەتی ئەو وڵاتە لە جێبەجێکردنی مافە بەڕەسمی ناسراوەکانی ژنان و وەک ئامرازێک بۆ هێشتنەوەی ژنان لە دۆخی بێمافی و بەجێمانیاندا بەکار بێ هەڵوێستێکی نابەرپرسیارانە و مەحکوومە.

ل ٨


سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وتووێژێکی تایبەت لە گەڵ «کوردکاناڵ»دا:
بەشی یەکەم
٤


تێزی: «کۆماری» و «ئیسلامی»، کێشەی سەرکۆمار و رێبەر
٥


زمانی زگماکی و نەتەوەی کورد
٦


با هەموو رۆژەکانی ساڵ بکەینە رۆژی خەبات دژی ستەم و ناعەداڵەتی
٨


ئەحمەدی نژاد شوالیەی تاریکی
٩



### بەشداری هەیئەتێکی کومیتەی ئوتریشی
### حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەساڵیادی شەهیدانی شیوعی دا

هەیئەتێکی کومیتەی ئوتریشی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ساڵیادی شەهیدانی حیزبی شیوعیی کوردستان دا بەشداری کرد و پەیامی حیزب بەو بۆنەیەی بە هەیئەتی خانەخوێ ڕاگەیاند.

ڕۆژی یەکشەممە، ٦ ی ڕەشەممە لە سەر بانگهێشتی ڕەسمیی حیزبی شیوعی کوردستان، هەیئەتێکی کومیتەی ئوتریشی حێزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە شەهیدانی ئەو حیزبە دا بەشدارییان کرد.

هەیئەتی حیزبی کە لە محەممەدی فەقێ عەلی و سمکۆ حوسێن پوور پێک هاتبوو، پەیامی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان بەو بۆنەیەوە بە بەڕێوەبەرانی ڕێوڕەسمە پێشکێش کرد.

## سەردانی شاندێکی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان



شاندێکی پایەبەرزی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد و لەو دیدارەدا گرینگترین پرسەکانی پێوەندیدار بە کورد لە ناوچە تاوتوێ کران.

ڕۆژی شەممە ٥ی ڕەشەممەی ١٣٩١ی هەتاوی، هەئیەتێکی پایەبەرزی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بە سەرۆکایەتیی ماموستا محەممەد فەرەج، ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کردو، لە لایەن هەئیەتێکی پایەبەرزی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە گەرمی پێشوازیی لێ کرا.

لە سەرەتای ئەو دیدارەدا کاک خالید عەزیزی لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە هەئیەتی میوانی بە خێرهاتن کرد و بەرەسمی باسی نێوان دوو حیزبی کردەوە.

لەو دانیشتنەدا ماموستا محەممەد فەرەج، ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان باسێکی سیاسیی هەمەلایەنە و پوختی لەسەر پرسە سیاسییەکانی کوردستان و ناوچە هێنایە گۆڕێ و بە سەرنجەوە باسی بارودۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستان و عیراقی کرد.

بەڕێزیان نەخش و دەورو کاریگەریی دەسەڵاتی سیاسی و ئۆپوزیسیون و هێزە سیاسییەکانی کوردستانی خستە بەر باس و سیاسەت و تێروانینی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانی بەنیسبەت مەسەلە گرینگەکان خستە روو، و دەست نیشانی ئەو ڕێگا سیاسییانەی کرد کە دەبنە هۆی پتەوترکردنی ئەزموونی سیاسیی هەرێمی کوردستان و نەتیجە بەخشین بە خەبات و تێکۆشانی سیاسیی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دا.

ماموستا محەممەد فەرەج لە درێژەی باسەکەدا باسی نەخش و دەوری دەوڵەتانی ناوچەکە کرد کە دەتوانن یان دەیانەوێ چ کاریگەرییەکیان لە سەر پرسی کورد بەگشتی و هەر کام لەو بەشانەی کە کوردیان بەسەردا دابەش کراوە هەبێ و بەگشتی دەبێ چ بکرێ بۆ ئەوەی کورد لەو دەرفەتانە کە ڕەخساون سوودی باشتر وەربگرێ و ئەوەش بە هەماهەنگی و هاوکاری و خەباتی سیاسی بەرپرسانە دەست دەکەوێ.

ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لەو بەشەدا جەختی کردەوە کە هێزە سیاسییەکان دەکرێ بە لەیەک تێگەیشتنی دروستتر و خەباتی سیاسیی بەرپرسانەتر لەو زەمینەیە کە ڕەخساوە کەڵکی باشتر وەربگرن.

لە کۆتایی باسەکەی دا ماموستا محەممەد فەرەج هەلوەستەی لە سەر پێوەندی دروستی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد و پتەوتر بوونی پێوەندیی ئەو دوو حیزبەی بە قازانجی حیزبەکان و لە بەرژەوەندی بزوتنەوەی کورد لە قەڵەم دا.

پاش باسی ماموستا محەممەد فەرەج، کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، باسێکی ورد و دەوڵەمەند و پڕ سەرنجی پێشکەش بە کۆبوونەوەی نێوان دوو حیزب کرد و لە سەر وەزعی سیاسیی کورد لە سووریە و ئەو دەرفەتەی کە بۆ کورد لەو وڵاتە هاتووتە پێش، سیاسەتی تازەی حیزبی دەستەڵاتدار لە تورکیە و سیاسەتی دەوڵەتی تورکیە بە نیسبەت پرسی کورد لەو وڵاتەداو، بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نەخش و دەوری هێزە سیاسی یەکان و وەزعی وڵاتی عیراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی کرد.

کاک خالید عەزیزی لە درێژەی باسەکەدا، بە وردی و پوختی چووە نێو باسەکە و هەڵویست وتێروانینی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی بۆ هەیئەتی میوان شی کردەوە و باسی لەوەش کرد لەگەڵ ئەوەی دا ئیمکانی هەیە دەسەڵاتی کوردی لە هەرێمی کوردستان کەم و کورتیی تایبەت بە خۆی هەبێ، کە حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەوە بە شتێکی سروشتیی دەسەڵاتی سیاسی و ئیدارییی هەر وڵاتێک دەزانی. بەڵام کورد لە بەشەکانی دیکە، بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ئومیدەوە دەڕوانێتە ئەو دەسکەوتە و بە ئەرکی هەموو لایەکی دەزانی هاوکار بین بۆ پتەوترکردنی ئەزموونی دەسەڵاتی کوردی لە هەرێمی کوردستان دا.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕات لە پێوەندی لەگەڵ ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش باسی لە چارەسەری پرسی نەتەوایەتی لە ئێران لە ژێر نیزام و سیستمی فیدرالی کرد، کە لەو نیزامەدا گەلانی ئێران بەگشتی لە دەسەڵاتی سیاسیی ئێران دا بەشدار بن و خاوەن حکوومەتی هەرێمی تایبەت بە خۆیان بۆ ئیدارەکردنی حکوومەتی خۆجێیی بن، هەروەها کارو تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە پێوەندی لەگەڵ ئۆپوزیسیۆنی ئێران بەگشتی و هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی خستە ڕوو.

بەڕێزیان سەردان و دیالۆگی ئەو دواییانەی نێوان دێموکراتەکانی بە کارێکی موسبەت زانی و باسی لەوە کرد حیزبی دێموکرات لە بەرنامەی دایە بە میکانیزمی ڕوون و گونجاو بەرەو پیلی وتووێژی بنیاتنەرانەی نێوان دێموکراتەکان هەنگاو بنێ.

شایانی باسە کە لە درێژەی باسەکانی ئەو دانیشتنەدا بەشدارانی کۆبوونەوەکە، بە سەرنج و پرسیار و تێبینی خۆیان باسەکانیان دەوڵەمەندتر کرد.

سەر ئەنجام پاش ٣ سەعات دانیشتن و وتووێژ و تاوتوێکردنی مەسەلەکانی پێوەندیدار بە کورد و کوردستان، هەئیەتی میوان کۆتاییان بە سەردانی ڕەسمی بۆ لای حیزبی دێموکراتی کوردستان هێنا.

## پێکهێنانی کۆبوونەوەیەکی سیاسی_ تەشکیلاتی بۆ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و سکرتاریای حیزبی دێموکرات کۆبونەوەیەکی سیاسی _ تەشکیلاتی‌یان بۆ بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هێنا.

لەو کۆبونەوەیەدا کە دوانیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەمە، ٥ ی ڕەشەممە بەڕێوە چوو، کاک خالید ئاوڕێکی خێرا و جێی سەرنجی لە پێوەندی لەگەڵ ڕوانگەکانی حیزب بۆ پرسی ژنان و کێشەکانیان و ئەو بەربەستانە دایەوە کە لەبەر دەم پێشکەوتنیان دایە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو کۆبوونەوەیەدا جەختی لەسەر ئامادەیی ڕێبەریی حیزب بۆ نەهێشتنی بەربەست لەبەر دەم بەرەو پێشچوونی ژنان کردە.

کاک خالید لە بەشێکی باسەکەی‌دا باسی لەوە کرد کە یەکێک لەو باسانەی کە بۆ ئێمە وەک حیزب و بە تایبەتی ڕێبەریی حیزب گرینگ و جێگەی بایەخ و سەرنجن، باسی ژنان و بە تایبەت ژنان لە حیزبی ئێمەدایە و ئێمە لە گۆشەنیگای سیاسیبوونی کێشەی ژن دەڕوانینە قەزیەکەو ئەو پرسە لە خەباتی سیاسیی ئێمەدا جێگەی سەرنج و تێڕامانە و لە هەموو ئەو ئاڵوگۆڕانە کە لە ناوچەکە دێنە ئاراوە، ئێمەش وەک کورد دەبێ خۆمانی بۆ ئامادە بکەین و ئەو خۆ ئامادەکردنەش پێویستیی بە وزەو هێزی هەموومان وەک ژن و پیاو هەیە.



سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕایگەیاند ئێمە هەر وەک گوتومانە کە نیوەی کۆمەڵگا ژنان پێکی دێنن، دەبێ بەرنامەشمان بۆ ئەوە هەبێ کە چۆن ئەو نیوەیەی کۆمەڵگا وەگەڕ بخەین و بەشدارییان پێبکەین کە بێگومان بەشداریی ژنان یەکێک لە هۆیەکانی سەرکەوتنی هەر بزووتنەوەیەکە.

## کۆبوونەوەی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە گەڵ ڕێکخراوەکانی لاوان و خوێندکاران





**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆبوونەوە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی یەکیەتیی لاوان و یەکیەتی نەتەوەیی خوێندکارانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا جەختی لەسەر ڕۆڵ و قورسایی لاوان لە مامەڵە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان‌دا کردەوە.**

ڕۆژی هەینی ٤ی ڕەشەمەی ١٣٩١ی هەتاوی بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆبوونەوەیەکی بۆ ئەندامان و لایەنگرانی هەر دوو ڕێکخراوی یەکیە تیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد بەڕێوە برد.

لە کۆبوونەوەیەدا بەڕێز خالید عەزیزی وێڕای ئاماژە بە ئالوگورەکانی ناوچە، پێی لە سەر گرینگیی ئەرکی لاوان و خویندکاران بۆ مامەلە کردنی پێشهاتەکان داگرت و لە درێژەی وتەکانی‌دا جەختی لە سەر پێویستیی گەشەی هزری نەتەوەیی لە چوارچێوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناساندن و ئاگادارکردنەوەی خەڵکی پارچەکانی دیکەی کوردستان لە مەینەتی‌یەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردەوە.

ناوبراو هەروەها لە سەر گرینگیی دەوری ڕاگەیاندن و میدیا بۆ مۆبیلیزە کردنی پتانسیلی لاوان و خوێندکارانی کورد لە نێوخۆی وڵات لە دەوری یەکیەتیی لاوان و یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکاران پێداگریی کرد. لە درێژەی وتەکانی دا جەختی لە سەر هاوکاری وهاوئاهەنگی زیاتر لە نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستان وئەو دوو ڕێکخراوەیەدا کرد.

## بەشداریی هەیئەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکی حیزبی سۆسیال دێموکراتی هولەند

هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆبونەوەی گەورەی حیزبی سۆسیالدێموکراتی هۆلەنددا بەشدار بوو کە بۆ باس لەسەر مەسەلە گرینگەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێک هاتبوو.

لە سەر بانگهێشتنی سکرتێری بەشی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبی سۆسیال دێموکڕاتی هولەند، هەیئەتێک لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، بە سەرپەرستیی مستەفا شڵماشی بەرپرسی کومیتەی بەڕێوەبەریی دەرەوەی وڵات لە کۆبونەوەیەکی بەرینی ئەو حیزبەدا بەشدار بوون کە بۆ باس لەسەر پرسە گرینگەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ڕێک خرابوو.

باسەکانی ئەو کۆبوونەوەیە بە قسەکانی فرانس تیمەرمانس، وەزیری دەرەوەی هولەند کرایەوەو بە قسەکانی دیدەریک سامسۆم، ڕێبەری حیزبی سۆسیال دێموکراتی هۆلەند کۆتایی هات و کۆبوونەوەکە دوو وورک شۆپیشی لە خۆ گرتبوو کە باسەکانی ئەو وۆرک شۆپانە بریتی بوون لە :

شەڕی نێوخۆیی لە سوورییە، داهاتووی کوردەکان لە عێراق، تورکیە وەک زلهێزێکی ناوچەیی تازە، ئیسرائیل و فەلەستین بەرەو ناسینی دوو دەوڵەت، ئێران و هەڕەشەی ئەتۆمی و هەڵوێستی کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی و ئەجندای گەشە کردنی میسر و تونس .

ئەو دوو وۆرک شۆپە بەسەر چەند پانێلێک دا دابەش کرابوون و بە پێی باسەکانی بەرنامەکە و لە هەرکام لە وۆرک شۆپەکان دا چە ند باسێک هاوکات هەڵدەسەنگێنران.

نوێنەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وۆرک شۆپی یەکەم و لە پانێلی داهاتووی کوردەکانی عێڕاق دا بەشدارییان کرد کە لە لایەن یان مارینۆس ویرسما لە حیزبی سۆسیال دێموکراتی هولەند، ئاریەن بێرکفنس لە حیزبی سۆسیال دێموکڕاتی هولەند، بەختیار بەکر، نوێنەری یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان و کاوە حەسەن نوێنەری بزوتنەوەی گۆڕانەوە بەڕێوە دەچوو.

کاک مستەفا شڵماشی، بەرپرسی کومیتەی بەڕێوەبەریی دەرەوەی حیزب تیشکی خستە سەر هێندێک مەسەلەی گرنگ کە پەیوەندییان بە داهاتوی گەلی کورد لە باشووری کوردستانەوە هەیە. بەڕێزیان ئاماژەی بەوە کرد کە ئەزموونی کورد لە تاقی کردنەوەی دیموکڕاسیدا ئەزموونێکی ساوایە، بەڵام بە پێی هەلومەرجی ئەو ناوچەیە سەرکەوتووە، هەرچەند کەموکوڕییشی هەیە.

ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب ئیشارەی بەوە کرد کە لە باسەکان دا زۆر مەسەلەی ورد دێنە گۆڕێ، کەچی فاکتۆری گرنگی وەک جێ بەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێڕاق بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان، کێشەکانی نێوان حکوومەتی عێڕاق و حکوومەتی هەرێم و مەسەلەی پێشمەرگە لە بیر دەکرێن. هەرلەو کاتەدا ئیشارەیەک بەوە ناکرێ کە ئەگەر کورد و حکوومەتی عێڕاق لە سەر مەسەلەکانی جێکای ناکۆکی ڕێک نەکەون چ دەبێ و چۆن پشتیوانی لە کورد دەکرێ.



لە وۆرک شۆپی دووەمیش دا نوێنەرانی حیزب بەشدارییان لەو پانێلە دا کرد کە تەرخان کرابوو بۆ باس لە سەر هەڕەشە ئەتۆمییەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و هەڵوێستی کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی.

بەڕێوەبەرانی ئەو پانێلە بریتی بوون لە نیکۆ سەحرایفەر سەناتۆر لە حیزبی سۆسیال دێموکڕاتی هولەند ، پەیمان جەعفەری لێکۆڵەر و نوسەری ئێرانی، ئاریەن دۆڵف دیرێکتۆری ڕادیۆ زەمانەو مینا سەددادی لە دەزگای خەبەریی شهرزاد نیوز.

لە و بەشەش دا کاک مستەفا شڵماشی باسێکی کورتی سەبارەت بە گرفتە بناغەییەکانی خەڵکی ئێران کرد. ئەو ڕاگەیاند کە زۆر جێگای تێڕامانە کە تەنیا باسی هەڕەشەکانی ئەتۆمیی ڕژیمی ئێران دەکرێ و مەسەلە گرنگەکانی وەک مەسەلەی نەتەوەکان، مافی مرۆڤ، دەست تێوەردانەکانی ڕژیم لە ناوچە و جیهان دا و پشتیوانیی ڕژیم لە تیرۆریزم ناکرێ.

شایانی باسە کە هەیئەتی حیزب لە کاتی پشودانەکاندا چاوی بە چەندین کەسایەتی کەوت و بە کورتی ئاڵوگۆڕی بیر و ڕای کرد لەوانە:

دیدەریک سامسۆم ڕێبەری حیزبی سۆسیال دێموکڕاتی هولەند، فڕانس تیمەرمانس، وەزیری کاروباری دەرەوەی هولەند لە حیزبی سۆسیال دێموکڕات، کێرستن مایەر، سکرتێری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبی سۆسیال دێموکڕاتی هولەند، نیکۆ سخڕایفەر سەناتۆڕ لە حیزبی سۆسیال دێموکڕاتی هولەند، ئاریەن دۆڵف دیریکتۆری ڕادیۆ زەمانە، بەختیار بەکر نوێنەری یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، کاوە حەسەن نوێنەری بزوتنەوەی گۆڕان و چەندین کەسایەتیی کورد، ئێرانی و هولەندیی

کوردستان
ژمارە: ٦٠٣
١٥ی ڕەشەممەی ١٣٩١
٥ی مارسی ٢٠١٣



## بەڕێوەچوونی سمینارێکی تەشکیلاتی بۆ ئەندامانی حدک لە وڵاتی نۆرویژ

کاتژمێر ١١ی بەیانیی ڕۆژی ٢٨ی ڕێبەندانی ١٣٩١ی هەتاوی، بەرامبەربە ١٦ی فێورییەی ٢٠١٣ی زایینی، سێمینارێکی سیاسی ـ تەشکیلاتی بۆ بەڕێزان کاک مستەفای شەڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسیو بەرپرسی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی حیزب لە دەرەوەی وڵاتو کاک سەعید بەگزادە، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو جێگری بەرپرسی کۆمیتەی دەرەوە و بەرپرسی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزب لە دەرەوەی وڵات ساز درا.

سەرەتا کاک سەعید بەگزادە سەبارەت بە مەبەستی پێکهێنانو تەوەرە سەرەکییەکانی سێمینارەکە لە هەردووک بواری سیاسی و باسە نێوخۆییەکان قسەی بۆ بەشداران کرد. تا ڕاوبۆچوونی ئەندامانی حیزب لەسەر مەسەلە جیاجیاکان وەربگرینو لە داهاتوودا بۆ دانانی پلانە سیاسیو تەشکیلاتییەکان کەڵکیان لێوەربگرین.

دواتر بەڕێز مستەفا شەڵماشی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب سەبارەت بە مەسەلە سیاسییەکانی کوردستان، ئێرانو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لێکدانەوەیەکی خستەبەر دیدەی بەشێک لە ئەندامانی بەشداری سێمینارەکە و ئەندامانی حیزبیش بە بەشدارییەکی چالاکانە لە باسە سیاسییەکاندا ڕاو بۆچوونی خۆیان لەسەر تەوەرە جیاجیاکان هێنایەگۆڕێ. پێویستە بگوترێ کە سەرجەم ئەندامانی بەشدار لە سێمینارەکە بە بۆچوونو پێشنیاری بەکەڵک باسەکەیان دەوڵەمەندتر کرد.

## سمینارێکی زانستی بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی دایک لەلایەن ئەکادێمیای کوردی لە هەولێر

ئاکادێمیای کوردی لە هەولێر بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکەوە سمینارێکی زانستیی بۆ باس لەسەر زمانی کوردی پێک هێنا.

لەو سمینارەدا کە ڕۆژی پێنج شەممە، ٣ی ڕەشەمە لە بنکەی ئاکادیمیای کوردی لە شاری هەولێر و بە بەشداریی دەیان کەس لە مامۆستایانی زمان، یاسانان، مامۆستایانی زانکۆ و توێژەرانی زمان بەڕێوە چوو، وێڕای بەرزڕاگرتنی ئەو ڕۆژە تایبەتە چەند باسێکی زانستی لە سەر پرسی زمانی کوردی پێشکێش کران.

لەو سمینارەدا مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە، سیمای ناسراوی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان باسێکی لەسەر گرینگیی زمانی زگماکی بۆ کورد پێشکێش کرد کە دەقی باسەکەی بەڕێز حەسەن زادە لە لاپەڕی ٦ دایە.



دوکتور سەباح ڕەشید بە باسێک لە ژێر ناوی «زمانی دایکی و پەروەردە»، دوکتور عەبدولوەهاب خالید بە باسێک لە ژێر ناوی «دەسەڵاتا زمانێ دایکێ»، دوکتور کاروان عومەر قادر بە باسی « کاریگەریی جیاوازییە زمانییەکان لە ستانداردکردنی زمانی کوردی» سێ کۆڕگێڕی دیکەی ئەو سمینارە بوون کە لە باسەکانیاندا تیشک خرابووە چەند ڕەهەندێکی پێوەندیدار بە پرس و گرینگیی زمانی دایکی.

شایانی باسە کە ئاکادیمیای کوردی ئەوە دووهەمین جارە کە بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکەوە سمیناری زانستی پێک دێنێ.

## کۆنفرانسیکی زانستی لە بارەی زمانەوە

**زانکۆی کۆیە لە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک دا کۆنفرانسیکی زانستیی یەک ڕۆژەی لە بارەی زمانەوە پێک هێنا**

به مەبەستی بەشداریکردن لە زیاترناساندنی زمانی کوردی و دەرخستنی ڕەسەنایەتییەکەی و دەرخستنی جیگە و پیگەی زمانی کوردی لە نیو زمانەکانی دیکەدا، هەر وەها بۆ هاوکاریکردنی بیروڕای ئاکادیمی لە پێناو کاراکردنی زمانی کوردی کە بە شێوەیەکی گونجاو ببێتە ئامرازی پیوەندی لە کۆمەڵگەی فرەزار و فرە ئایین و فرەچەشندا، زانکۆی کۆیە کۆنفرانسێکی زانستیی یەک ڕۆژەی پیک هینا. ئەم کۆنفرانسە کە لە هۆڵی سەرۆکایەتیی زانکۆی کۆیە بەڕیوەچوو ، کاتژمێر ٩ی بەیانیی ڕۆژی پێنج شەممە ٢١ی فیورییە بە وتاری لێژنەی بەڕیوەبەری کۆنفرانس کە لە لایەن د.دیلان مەجید ڕۆستەمەوە پێشکەش کرا، دەستی پێکرد. دواتر د.خدر مەعسووم سەرۆکی زانکۆی کۆیە، باسێکی زانستیی لە بارەی چۆنیەتیی گەشەی مرۆڤ وپەیدابوونی زمان و بڵاوبوونەوەی زمانەکان لە جیهاندا، پێشکەش کرد. هەر لە مەراسمی دەسپێک دا پەیامی مامۆستا مەزهەری خالەقی لە ئەنستیتۆی کەلەپووری کوردی و وتاری ئەنیستیتۆی کوردستان لە روسیای فیدراڵ لە لایەن د. ئەبووبەکر عەبدوڵلا شامحەممەد، خوێندرانەوە.

تەوەری توێژینەوەکانی کۆنفرانس:

تەوەری یەکەمی توێژینەوەکانی کۆنفرانس بۆ زمانی دایک و سیستەمی پەروەردە تەرخان کرابوو کە د. عوسمان دەشتی بەڕیوەی برد. ئەو توێژینەوانەی لەم تەوەرە دا پێشکەش کران بریتی بوون لە:زمانی دایک و بواری پەروەردەیی (لە لایەن د. عومەر ئیبراهیم عەزیز)، مەترسییەکانی بەردەم زمانی دایک لە قۆناغی خویندنی سەرەتاییدا (د.عەبدولواحید موشیر دزەیی)،زمانی دایک لە سیستەمی پەروەردە دا (د. مهاباد کامیل عەبدوڵلا).



تەوەری دووهەمی ئەم کۆنفرانسە زانستییە بۆ «زمانی دایک وەک زمانی نەتەوە« تەرخان کرابوو کە د.عومەر مەحموود بەڕێوەی برد. لەم تەوەرەش دادوو باس و توێژینەوە پێشکەش کران کە یەکەمیان بریتی بوو لە «کاریگەریی خوێندن بە زمانی دایک لە سەر زمانی نەتەوە« کە لە لایەن مامۆستای زانکۆ و ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان قادر وریا، تیشکی خرایە سەر. قادر وریا دوای ئاماژە بە بێبەشیی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە مافی خوێندن بە زمانەکەی خۆی، تیشکی خستە سەر دوو ڕەهەندی «کاریگەری خوێندن بە زمانیک لە سەر گەشەکردنی خودی زمانەکە« و هەر وەها «بە هێزکردنی شوناسی نەتەوەیی و دروستکردنی زمانی ستاندارد» لە ڕێگای خوێندن بەو زمانە لە قوتابخانە دا. هەر لە درێژەی ئەم باسەدا، وێڕای بەرزنرخاندنی ئەو هەوڵانەی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بە مەبەستی خزمەتکردن و پاراستنی زمانی کوردی لە گۆڕێ دان، گرنگترین ئەرکەکانی دڵسۆزان و هۆگرانی زمانی کوردی لە ڕۆژهەلاتی کوردستانی دەستنیشان کرد. دووهەم توێژینەوەی ئەو تەوەرە بریتی بوو لە «ڕۆڵی «چۆسەر» لە یەکخستنی دیالێکتەکانی زمانی ئینگلیزی و ئەگەرەکانی پەیڕەوکردنی هەمان شت لە زمانی کوریدا» کە لە لایەن د. ئیسماعیل محەممەد فەهمییەوە پێشکەش کرا.

دوو تەوەری دوانیوەڕۆی ئەم کۆنفرانسە زانستییەش بۆ «زمان- ناسنامە و دەولەتی نەتەوەیی» و «زمان- ڕاگەیاندن و ئایین» تەرخان کرابوون کە ئەم باس و توێژینەوانەیان تیدا پێشکەش کران:زمانی نووسین وەکوو پێشمەرجی نەتەوە بوون(لە لایەن د.چەعفەر شێخولئیسلامی)، ڕۆڵی زمان لە دروستبوونی دەولەتی نەتەوەییدا (د.شێرکۆ حەمەدەمین ومامۆستا ێڕوا ڕەسووڵ)، «کورد و سیاسەتی زمانی» (لە لایەن د. عومەر مەحموود کەریم)، «بایەخی زمانی کوردی لە چوار چێوەی ڕاگەیاندندا (د.پەخشان سابیر)، ڕۆڵی زمان لە پاراستنی بنج و بنەمای مەقاسید (د.هێمن عەزیز ئیبراهیم)، ‹دروستکردنی دەولەتی نەتەوە یان پلاندانانی زمانی(لە لایەن د،دیلان مەجید ڕۆستەم)، «پیرۆز کردنی زمان- خوێندنەوەیەک بۆ زمانی کوردی لە گوتاری ئایینیی سەدەکانی ناوەڕاست» (لە لایەن د.حەیدەر لەشکری). شایانی ئاماژە پێکردنە کە توێژینەوە وباسەکانی سەرجەم تەوەرەکان، لە گەڵ تێبینی و پێشنیار و ڕەخنە و هەڵسەنگاندن و بەشداریی چالاکانەی ئامادەبوو بەرەوڕوو.بوون .

دوابڕگەی ئەم کۆنفرانسە زانستییە، ئاهەنگی موزیک و گۆرانی بۆ خاتوونی هونەرمەند تارا جاف بوو.

## کۆبوونەوەی ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەگەڵ نوێنەری حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان لە نۆرویژ



کۆمیتەی نۆرویژی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژی هەینی، ٢٧ ی ڕێبەندان کۆبوونەوەیەکی بەرینی بۆ مستەفا شەڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکانی دانیشتووی نۆرویژ پێک هێنا.

لە سەرەتای ئەو کۆبوونەوەیەدا مستەفا شەڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵیی خۆی لە کۆبوونەوە و دانیشتن دەگەڵ نوێنەرانی هێزە سیاسییە کوردستانییەکان، سەرەتا باسێکی سەبارەت بە بەرفرەوان بوون و بە جیهانی بوونی پیوەندییە نێو نەتەوەییەکان لە بوارەکانی ئابووری، سیاسی و دیپلۆماتیک دا هێنایە گۆڕێ و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی بە یەکێک لەو شوێنە گرینگانە لە دونیای ئەورۆ دا ناساند کە بوونە جێگای سەرنجی هێزە بڕیاردەرەکانی جیهان.

بەڕێزیان هەروەها ئاماژەی بەوە دا کە بە دوای نەمانی بلۆک بەندیی دوو جەمسەریی، جیهاندا لە ڕاستی دا بەرەو چەند بلۆکی دەچێ. هێزی دیکەی وەک وڵاتانی چین و هیند دێنە مەیدان. لە لایەکی دیکەوە بەربەرەکانی بەرەی وڵاتانی دێموکراتیک و هێزە کۆنەپارێزەکان توندتر دەبێ و خەباتی نەتەوە ژێردەستەکان بەرە و سەرکەوتن هەنگاو دەنێ و لەو نێوەدا کۆماری ئیسلامیی ئێران دەیهەوێ بە کەڵکوەرگرتن هەستی مەزهەبی و کەمەربەندی شیعە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و دەستێوەردان لە کار و باری وڵاتانی ناوچە و بەهێز کردنی تیرۆڕیزم خۆی بکا بە جەمسەرێک لە ناوچەدا.

مستەفا شەڵماشی لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هاتە سەر دوو مەسەلەی گرینگ کە فەلەستین و کوردە. سەبارەت بە چارەسەری مەسەلەی فەلەستین، ئاماژەی بەوە کرد کە ناسراوە و خەریکە بەرەوچارەسەر دەچێ. ئەوکات مەسەلەی کورد وەک نەتەوەیەکی ٤٠ میلیۆنی دەبێتە گەورەترین مەسەلەی ناوچە و دونیا ناتوانێ چاوپۆشیی لێ بکا.

ئەندامی دەفتەری سیاسی لەو پێوەندی‌یەدا ئاماژەی بەوە کرد کە سێ فاکتەری گرنک مەسەلەی کورد بەرجەستە دەکەن. هەڵکەوتنی کوردستان وەک ناوچەیەکی ژێئۆپۆلیتیک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بوونی کانگاکانی نەوت و کانزاکانی دیکەی سروشتی و هەروەها هەبوونی سەرچاوەکانی ئاو ئەو سێ فاکتەرە گرینگەن کە دەتوانن ڕۆڵی گەورەیان لە دیاری کردنی داهاتوی کوردستان دا هەبێ.

مستەفا شەڵماشی لە تەوەرێکی دیکەی باسەکەدا بە گشتی باسی لە بواری دیپلۆماسیی کورد کرد و ئاماژەی بەوە دا کە دەبێ دیپلۆماسیی ئێمە لە قۆناخی پاڕانەوە و داوای یارمەتی لە بواری مافی مرۆڤدا، بگوازرێتەوە بۆ دیپلۆماسیی چالاک دەگەڵ دەوڵەتان و ناوەندە نێو نەتەوەییەکان و پێویستە پتانسیێلی مادی و مەعنەویی کورد بێنینە بەر باس و کاریان پێبکەین و نیشانی بدەین کە کوردیش دەتوانێ وەک نەتەوەکانی دیکە لە سەر بناغەی قازانجی هاوبەش ببێتە هاو پەیمانێکی بەهێز.

مستەفا شەڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات ئاورێکی کورتیشی لە مێژوویی حیزب و هێزەکانی کوردستان دایەوە کە سەرەڕای خەبات و قوربانیدانێکی زۆر لە پێناو وەدیهاتنی ئامانجەکانی گەلی کورددا، بەداخەوە زۆر جار لێکترازان و جیابوونەوە و تەنانەت شەڕی براکوژی ڕووی داوە، بەڵام بە خۆشییەوە ئێستا بەرەبەرە خەریکە هێزی کوردی لە هەموو بەشەکانی کوردستان بەرەو لێک نیزیک بوونەوە دەچێ و ئاواتی خواست کە لە داهاتوویەکی نیزیکدا خاوەنی یەک هەڵوێست و گوتاری هاوبەش بن.

ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب لە بەشێکی دیکەی باسەکەی‌دا هەڵسەنگاندنێکی لە سەر هەر چوار پارچەی کوردستان پێشکەش کرد و ئاماژەی بە دەسکەوتەکان و پێشکەوتنەکانی باشووری کوردستان کرد کە ڕۆژ بە دوایی ڕۆژدا بەرەو سەقامگیریی زیاتر دەڕوا و لە نێو کۆڕ و کۆمەڵ و وڵاتانی دونیا دا بە باشی وەردەگیرێ. هەروەها لە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاماژەی بە بەرەو لێکنیزیک بوونەوەی حیزبەکان بە تایبەتی هەر دوو باڵی حیزبی دێموکرات کرد کە بە خۆشییەوە کەوتۆتە قۆناغی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان و بۆتە مایەی دڵخۆشی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.

سەبارەت بە باکووری کوردستان، بەڕێزیان ئاماژەی بە بەرەوپێشچوونی خەباتی مەدەنی شانبەشانی خەباتی شاخ کرد و ئەوەی بە مۆدێلێکی سەرکەوتوو لە باکووری کوردستان دەستنیشان کرد. هەروەها سەبارەت بە ڕۆژئاوای کوردستان باسی لە بەرەوپێشچوونی هێزەکوردییەکان لەو بەشە کرد کە توانیویانە سەرەڕای کەم و کورییەکان بە کەمترین تێچوو ئیدارەی کاری خۆیان بەرەو پێش بەرن و هیوای خواست کە لە داهاتوو دا سەقامگیرتر بێ.

لە کۆتایی باسەکەی دا بەڕێز کاک مستەفا شەڵماشی جەختی لە سەر ئەوە کردەوە کە « پێویستە ئێمە بە جیاوازییەکانمانەوە یەکگرتوو بین و بە یەک زمان بچینە پێش و مەسەلەی خۆمان لەگەڵ وڵاتانی دێموکرات و پێشکەوتوو بێنینە بەر باس و یەک هەڵوێست بین».

لە بەشی دووهەمی ئەو کۆبوونەوەیەدا کە بۆ پرسیار و تێبینی و پێشنیاری نوێنەریی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکانی بەشدار لەو کۆبوونەوەیەدا تەرخان کرابوو، مستەفا شەڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەڵامی پرسیار و تێبینیی بەشدارانی دایەوە.

شایانی باسە کە نوێنەرانی ئەو حیزب و لایەنە سیاسی‌یانە لەو کۆبوونەویەدا بەشدار بوون:

پارتی دێموکراتی کوردستان، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، حیزبی شیوعیی کوردستان، حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، ڕێکخراوی خەباتی شۆرشگێری کوردستان، پارتی ئازادیی کوردستان، پارتی سەربەخۆیی کوردستان، کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان، پارتی سەربەستیی کوردستان، یاری کورد، ناوەندی چاک، چاوەدێری کوردۆساید

## کۆبوونەویەک بۆ باس لە سەر پرسی ژن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان



لەبەرەبەری ٨ ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژناندا یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، سمینارێکی بۆ باس لە سەر پرسی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێک هێنا.

ڕۆژی یەکشەممە، ١٣ ی ڕەشەممە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە پێشوازیی ٨ ی مارس، ڕۆژی نێونەتەوەیی ژناندا کۆڕێکی بۆ بەڕێز خەدیجە مەعزوور، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ژێر ناوی «چۆن دەتوانین ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بیدەنگی و بێ تەفاوەت بوون بە نیسبەت پرسی خۆیان و نەتەوەکەیان ڕزگار بکەین» پێک هێنا.

لە سەرەتای ئەو کۆڕەدا شیلان قوربانیفەر، کورتەیەکی لە مێژووی ٨ ی مارسی بۆ بەشداران باس کرد بە دوای ئەو دا کاک فەتاح کاویان، تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکرات شێعرێکی لە پەسنی دایک و پێگە و پایەی بەرزی ژن‌دا خوێندەوە و پاشان خەدیجە مەعزوور باسەکەی خۆی پێشکیش کرد.

بەڕێزیان باسی هۆکارەکانی بیدەنگی و بێ تەفاوەتیی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاست مافەکانیان و دەسنیشانی ئەو هۆکارانەی کرد .

ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزب پاشان خەسارناسییەکی کورتی ئەو بارودۆخەی کرد کە ژنانی کورد لە ئێران تێیدا دەژین و لەو بەشەدا سیاسەتی پڕ لە هەڵاواردن و سەرکوتگەرانەی ڕێژیمی بۆ هێشتنەوەی ژن لە چوارچێوەی ماڵێ و ڕێگری لە بەشداریی ژنان لە چالاکییە سیاسی و مەدەنی یەکانی شی کردوە.

**خالید عەزیزی: دەبێ زۆر گرنگی بدرێ بە تەوافوق لەگەڵ یەکتر. ئەگەر وایە لایەنە ئێرانییەکان دەبێ فێری ئەوە بن تەوافوق لەسەر چوارچێوەی سیاسیی داهاتووی ساختاری ئیداریی ئێران بکەن. ئەوە لە ڕوانگەیەکەوە ئەزموونیکی زۆری بۆ ئێمە تێدا هەیە کە کورد لە چارەسەری کێشەکەی خۆیدا چۆن تەعامول لەگەڵ بەغدا دا دەکا بۆوەی کە ئێمەش لەو تەجروبانە لە داهاتوودا بۆ چارەسەری کێشەی خۆمان لەگەڵ تاران کەڵک وەرگرین.**

**ئەو تەنەوعاتە ئەگەر بەیەکەوە چارەسەرێک نەبیننەوە تەبیعەتەن ناکرێ وا بە ئاسانی قسە لە ساختاری داهاتووی ئێران بکەین، قسە لە دروستکردنەوەی داهاتووی ئێران و قسە لە حکوومەتێکی دیموکراتیکی ناموتەمەرکیزی داهاتووی ئێران بکەین کە بەو ئاقارەدا بڕوا کە تەجرووبەکە لە ناوچەکە پێمان دەڵێ.**
**خالید عەزیزی**

## سکرتیری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وتووێژێکی تایبەت لە گەڵ «کوردکاناڵ»دا:

# ئێستا کورد مەجالی ئەوەی هەیە وەک هێزێک لە ناوچەکەدا دەور بگێڕێ

**بەشی یەکەم**

**ئاماژە:**
**ئەم وتووێژەی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ڕۆژی ١٢ی ڕەشەمە(٢ی مارس) لە تەلەڤیزیۆنی «کوردکاناڵ» بڵاو بۆتەوە. لەم ژمارەیەی «کوردستان» دا بەشی یەکەمی ئەم وتوویژە کە پیوەندیی بە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە و پرسی کورد لە وڵاتانی ناوچەدا هەیە، دەخەینە بەر سەرنجتان. لە بەشی دووهەمی ئەو وتوویژەدا کە لە ژمارەی داهاتووی»کوردستان» دا بڵاو دەبێتەوە، سکرتێری گشتیی حیزب تیشکی خستۆتە سەر قەیرانەکانی کۆماری ئیسلامی، هەڵبژاردنی داهاتووی سەرکۆماری، پێوەندیی نێوان دیموکراتەکان و پرسی یەکبوونەوەیان.**

**«کوردکاناڵ»: سەرەتا بەخێرهاتنی کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەکەین.**

**خالید عەزیزی:** زۆر سپاس و هەروەها ڕێز و سڵاویشم هەیە بۆ بینەرانی کورد کاناڵ.

**«کوردکاناڵ»: کاک خالید با لە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەوە دەست پێ بکەین. دووساڵ لەوەپێش کە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکە لە وڵاتانی عەرەبی دەستی پێکرد بە دەستەواژەی بەهاری عەرەبی دەستی پێکرد. ئێستا کە بەرەبەرە لە ئاکامگیرییەکان نزیک بووینەتەوە بەهاری عەرەبی جێی خۆی داوە بە زستانی عەرەبی لە تەفسیرەکاندا. حیزبی دیموکراتی کوردستانیش لە سەرەتاوە بە جۆرێک تەفسیری ئەم ڕووداوانەی کردوە ئایا ئێستا حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ئاکامگیریی ئەم ئاڵوگۆڕانەدا تەفسیری چۆنە؟**

**خالید عەزیزی:** یەکەم ئەو ئاڵوگۆڕانە لە ناوچەیەکدا دەستی پێکردوە کە ئەو ناوچەیە (لە ژێر دەسەڵاتی) حکوومەتە سەرەڕۆ و دیکتاتۆرەکاندا بووە و کۆمەڵانی خەڵک تەجروبەیەکیان لە دیموکراسی نەبوو. مادام ئەو تەجروبەیەیان نەبووە، سروشتییە کە ئەو ئاڵوگۆڕانە هەورازونشیویان دەبێ. ئەگەر چاوەڕوانیی ئێمە ئەوە بێ لەو وڵاتانە کە هەرگیز دیموکراسیی تێدا نەبووە و نەهادینە نەبووە و فەرهەنگ نەبووە پێمان وابووە ئەو ئاڵوگۆرانە لە ماوەیەکی یەک دوو ساڵەدا نەتیجە دەدا و حکوومەتێکی ڕێکوپێکی مۆدێرنی دیموکراسی دامەزراوە دیموکراتیکەکانی خۆی دادەنێ و وردەوردە پێوەندیی خەڵک و دەسەڵات لەسەر ئەو بنەمایانە شکڵ دەگرێ، بە باوەڕی من قەزاوەتێکی برێک بەپەلەیە بۆیە زۆر سروشتییە کە لەو ناوچەیەدا ئەو ئاڵوگۆڕانە زۆر بکێشێ، هەوراز و نشێوی هەبێ و حکوومەتێک هەڵبژێردرێ و دوایە دیسان کۆمەڵانی خەڵک بەجۆرێکی دیکە لە دژی ئەو حکوومەتە خۆپێشاندان بکەن و باسی ئاڵوگۆڕ لە قانوونی ئەساسی، لە حکوومەتدا بکەنەوە. ئەوە تەبیعەتی ئەو ئاڵوگۆڕانەیە ئوورووپای دیموکراتیکیش هەر بەو مەسیرانەدا ڕۆیشتوە ،بەیەک ڕۆژ و دوو ڕۆژ، ساڵ و دوو ساڵ تەواو نەبووە، هەوراز و نشیوی زۆر بووە. ئەگەر لە سەردەمێکدا بەهاری عەرەبی بووە، سەیر نییە پاییزی عەرەبییشی بەدوا دابێ، زستانی عەرەبییشی بەدوا دابێ، هاوێنی عەرەبییشی بەدوا دابێ، یانی ئێمە نابێ هەرئاوا یەک بوعدی چاو لە قەزییەکە بکەین و بڵێین ئەوە ئاڵوگۆڕ بووە و حکوومەتێکی ئیستبدادی ڕووخاوە و وا بەئاسانی خەڵک بە ساڵێک و دووساڵ فێری دیموکراسی دەبن و دەسەڵاتیش بە ساڵێک و دووساڵ فێری ئەوە دەبێ کە چۆن ببنە دەسەڵاتێکی دیموکراتیک و وەڵامدەر. بۆیە بە باوەڕی من نەفسی ئاڵوگۆڕەکان شتێکی باشە، تازە بە مەعنای ئەوەیە حکوومەتی ئیستبدادی و سەرەڕۆیی و دیکتاتۆری لەژێر هەر عینوان و ناوێکدا بێ لەو ناوچەیە مەجالی نییە دیسانەکانە سەقامگیر بێتەوە. خەڵک فێری خۆپێشاندان و ئیعترازات بوون. بۆیە بە باوەڕی من ئەوە دەستکەوتی یەکەمە، لە باری زەمانییەوە دەبێ چاوەڕوان بین، چونکە درێژە دەکێشێ. بەڵام پێم وایە هەروەکی گوتم پاشگەز بوونەوەی تێدا نییە.

**«کوردکاناڵ»: کاک خالید! هەروەختێک کە ڕێبەرانی کورد باسی دوایین ئاڵوگۆڕەکانی وڵاتانی عەرەبی و ناوچەکە بە گشتی دەکەن ئەوکاتە گرنگییەکەی دەردەکەوێ کە لە ڕوانگەی بزووتنەوەی کوردەوە و لەڕوانگەی مەوقعییەتی کورد لەو بەشانەدا، (ئاڵوگۆڕەکان) تەحلیل و تەفسیر دەکەن. ئێستا پێش ئەوەی کە بچمە سەر ئەو پرسیارە ئێوە ڕیزبەندیی نێونەتەوەیی یانی ( ڕۆڵی)زلهێزەکان لەو گۆڕانانەدا چۆن دەبینن؟**

**خالید عەزیزی:** ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ناوچەیەکی دەوڵەمەندە، جۆراوجۆریی مەزهەبی و میلیی زۆری تێدا هەیە، ناوچەیەکی حەسساسە، زلهێزەکان بەرژەوەندی ڕاستەوخۆیان تێدا هەیە، بۆیە زۆر ئاساییە لە چەند و چۆنی ڕەوەندی ئەو ڕووداوانە دا، دەوریان هەبێ و(هەول بدەن ڕووداوەکان) بە جۆرێک بچێنە پێشێ کە لە بەرژەوەندیی واندا بێت. ئەوەی پێوەندیی بە کوردەوە هەیە، ئێمە یەک دوو دەورانمان تەجروبە کردوە، یەکەم سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانی کە ئاڵوگۆڕێک هاتە پێشێ و کۆماری کوردستانی لێکەوتەوە، کورد توانی بیقۆزێتەوە و کەڵکی لێ وەربگرێ. لەدوای ئەودا کە دنیا بەینی دوو جەمسەری ئەمریکا و سۆڤیەتی پێشوو دابەش ببوو، یانی دووبەرەکییەکی تێدا هاتبووە گۆڕێ، لە نێو جووڵانەوەی کورد دا بیر و بۆچوونی جۆراوجۆر(لە بارەیەوە) هەبوو، بەڵام کورد ئەووەختی فاکتۆرێکی وا بەقووەت نەبوو کە لەو کێشانە بە قازانجی خۆی کەڵک وەربگرێ. زۆر جار دەکەوتە نێو کێشەکان، ناڕاستەوخۆ دەکەوتە چوارچێوەی بەرژەوەندیی ئەو زلهێزە یان زلهێزەکەی دیکە. ئێستا بە بەراورد لەگەڵ ئەو سەردەمدا گۆڕان هەم لە دنیادا دروست بووە هەم لە ناوچەکەدا دروست بووە، هەم بە خۆشییەوە لە مەوقعییەتی سیاسیی کورددا دروست بووە. بۆیە ئێستا کورد مەجالی ئەوەی هەیە لە ڕادەی خۆیدا لە ناوچەکە لە گەمەکەدا بێ و دەور بگێڕێ و زۆرجار وەک هێزێک لە ناوچەکەدا لە حەددی توانای خۆیدا دەور بگێڕێ. یەکەم، بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوودا کورد ئیعترافی پێ کراوە و ئینکار ناکرێ، لە گەمەی عێراقدا مەترەحە، بێ کورد عێراق دروست نابێتەوە، لە سووریەدا لە گەمەکە دا مەترەحە، ناکرێ نادیدە بگیرێ، لە تورکیەش لە کێشەکەدا مەترەحە و ناکرێ نادیدە بگیرێ، هەرچەند لە ئێران حکوومەتی کۆماری ئیسلامی، کوردستانی ئەمنییەتی کردوە و بە دیدی ئەمنییەتی چاوی لێدەکا بەڵام لە ئێرانیش هەر ناکرێ نادیدە بگیرێ. جا ئەگەر وایە بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو، مەوقعییەتی کورد باشە و کورد لە مەوقعییەتێک دایە کە دەتوانێ لە حەددی خۆیدا لەو گەمەیەدا بەشدار بێ.

**«کوردکاناڵ»: کاک خالید! هەر لەسەر ئەو قسانەی جەنابت، ئێستا کورد لە سووریە بە تەحلیلی حیزبی دیموکرات چۆن جووڵاوەتەوە لەگەڵ ڕووداوەکان؟ لە تەعامول لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆندا و ئایا حیزبی دیموکراتی کوردستان کە ئێمە ڕۆژانە ڕۆڵی لە هەواڵەکاندا دەبینین و دەبیسین، لەگەڵ لایەنەکان دادەنیشێ، چۆن توانیویەتی یارمەتیی بکات کە بە جۆرێک لە کێشەکانیان بگەیەنێ و ڕاسپاردەی حیزبی دیموکرات لەو پێوەندییەدا چییە؟**

**خالید عەزیزی:** ئێمە دوو سیاسەت بە نیسبەت سووریە تەعقیب دەکەین. سیاسەتی یەکەم ئەوەیە وەک کورد هەموو هەوڵی خۆمان دەدەین کە حیزبە سیاسییەکانی کورد لە کوردستانی سووریە لەو واقعییەتە بگەن و دەرکی گرنگیی مەسەلەکە بکەن و پێیان بڵێین ئەو هەلومەرجەی کە هاتۆتە گۆڕێ بیقۆزینەوە و باشترین کار بۆ قۆستنەوەی ئەم هەلومەرجە ئەوەیە کە حیزبەکان لە نێو خۆیاندا یەکیەتییان هەبێ و یەکگرتوو بن و بەم جۆرە ئیقتدار و دەسەڵاتی کوردی بە یەکگرتوویی نەتەوەیی بنوێنن . (ئەوە دەتوانێ) سیگناڵێکی باش بدا بە لایەنەکانی دیکە لەوێ کە ناکرێ قەزییەی کورد پشتگوێ بخرێ. لەو پێناوەدا لەگەڵ لایەنەکاندا دانیشتووین و تەشویقمان کردوون و پێمان گوتوون کە تێبکۆشن لێک نزیک ببنەوە، لە هەمان کاتیشدا لەبەر ئەوەی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بە هەموو هەوڵ و تێکۆشانی خۆی ستراتیژییەکەی ئەوەیە کە دەوڵەتی بەشار ئەسەد نەرووخێ و ئێمەش پێمان وایە ڕووخانی بەشار ئەسەد دەتوانێ سەرەتایەک بێ بۆ لەقبوونی مەوقعییەتی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا، تێدەکۆشین بە هەموو لایەنەکانی نێودەوڵەتی و ناوچەیی بڵێین کە بەڵێ کۆماری ئیسلامی لە پشتی بەشار ئەسەدە و تێدەکۆشین بە خەڵکەکەی ئەوێش بڵێین ئەگەر حکوومەتی بەشارئەسەد بەو جۆرە بمێنێتەوە تەبیعەتەن ئێوە ئایەندەیەکتان نابێ. جا ئەگەر وایە جەهەتێکی(سیاسەتمان) جەهەتی کوردییە کە ئەوە ئەرکی نەتەوەیی حیزبی دیموکراتە هەر ئەوەشی لێ چاوەڕوان دەکرێ و جێبەجێی دەکا. جەهەتەکەی دیکە جەهەتی سیاسییە لە جەهەتە سیاسییەکە بە نیسبەت سووریە زۆربەی زۆری لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیش کەم و زۆر هەمان سیاسەتیان هەیەو ئەوەش کۆمەک دەکا بۆئەوەی کە دیموکراسی لە سووریە سەقامگیر بێ.

**«کوردکاناڵ»: کاک خالید! هەردوو ولاتی عێراق و تورکیە لەو وڵاتانەن کە نەقشیان بەرچاوە لە گۆڕانەکاندا، هەم لەو بارەیەوە کە کوردیان تێدا هەیە و لەگەڵ مەسەلەی کورد ڕووبەڕوون و هەم لە باری پێوەندیی پێشوویان لەگەڵ سووریەدا (چ دووژمنایەتیی پێشوو بێ چ دۆستایەتی) و چ ئەو مەوقەعییەتە مەزهەبییە کە هەرکام هەیانە لە ناوچەکەدا. ئایا کورد لەم دوو وڵاتە چۆنی توانیو عەمەل بکا و بەتایبەت ئەو گۆڕانانەی کە ئێستا لە سووریە لە تورکیە لە پێوەندیدا هەیە و ئێوە لەو پێوەندییەدا پەیامتان بۆ هێزە سیاسییەکان چ بووە ؟**

**خالید عەزیزی:** بە نیسبەت تورکیە قەزیەکە بە باوەڕی من زۆر تایبەتییە، تایبەتییە بەو مەعنایە ئەگەر تۆ بە مەعنای بەراوردی مەوقعییەتی کورد بکەی لە تورکیە بە ١٠ ساڵ ١٥ ساڵ پێش ئێستا گۆڕانێکی زۆری تێدا دروست بووە، یەکەم و ئینکاری کورد ناکرێ. دووهەم، مەسەلەی کورد چۆتە پارلمانی تورکیە. سێهەم، لە میدیا و ڕاگەیەنە گشتییەکانی تورکیەدا بە ڕاشکاوی لە سەری دەنووسرێ. لە هەمووی ئەوانە گرینگتر دەوڵەتی (ئاک پارتی) بەو قەناعەتە گەیشتوە کە بە دوای ڕێگا چارەیەکدا بڕوا، لە چوارچێوەی ڕێگا چارەدا دەورانێک کە عەبدوڵا ئۆجەلانیان گرت و زیندانیان کرد، ئێستا دەچنە ئیمڕاڵی لەگەڵی دادەنیشن و باسی چۆنیەتیی چارەسەری کێشەی کوردی لەگەڵ دەکەن و تێدەکۆشن لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی کورد پێوەندی و وتوێژیان هەبێ، ئەو مەسەلەیە حەل بکەن. بە باوەڕی من ئەوە کارێکی باشە. ئێمە وەک حیزبی دیموکرات ئەوەندەی مەجالمان بووە لەگەڵ تورکەکان پێمان گوتوون ئەوە باشترین شێوەیە، بە قازانجی تورکە، بە قازانجی عیلاقاتی کورد و تورکە، بە قازانجی خوێندنەوەیەکی مەعقوولانەی یەکیەتیی ئورووپایە لەسەر تورکیە. بە لایەنەکانی کوردیشمان گوتوە کە لە ڕاستیدا دەوڵەتی تورک بە کورد ناڕووخێ، شەڕی چەکداریی کورد لە تورکیە سەرئێشەیەکە کە مەجبووری بکا بە وتووێژ، دەنا پێی ناڕووخێ. لە نەتیجەدا ئەوانیش ( پێویستە) تێبکۆشن لەو فورسەتەی کە ئێستا هاتۆتە گۆڕێ، ئەو مەجالەی کە دەوڵەتی تورکیە داویەتی، ئەو سیاسەتەی کە (ئاک پارتی) هەیەتی سوود وەر بگرن، تێبکۆشن کۆمەک بە ڕەوتەکە بکەن.تا ئەو جێیەی پێوەندیی بە ئێمەوە هەیە لە هەردووک لای قەزییەکە ئەو داوایەمان هەبووە و هەوڵمان داوە ئەوە بە ڕێگا چارەیەکی سەردەمیانە پێناسە بکەین کە تەنیا ئەو ڕێگایەیان هەیە.

بە نیسبەت عێراق مەسەلەکە تەواو فەرق دەکا، ئەوەی تورکیە ئێمە بۆیە بەلامانەوە گرینگە کە بە ئێرانییەکان _– – ئەوانەی لە ئۆپۆزیسیۆندان و ئەوانەی لە نێو کۆماری ئیسلامی دان، بەڵام بە جۆرێک خۆیان بە ئیسلاح تەڵەب و سەوز دەزانن، نەقدی وەلیی فەقیە دەکەن پێیان وایە حکوومەتێکی سەرەڕۆیە_ بڵێین کە بەڵێ لە تورکیە کە کوردی ئینکار دەکرد ئێستا ئامادەیە لەگەڵ کورد وتووێژ بکا، کێشەکەی چارەسەر بکا و ئیعترافی پێ دەکا. بەڵام لە ئێران کە کۆمەڵگای ئێران قەت کوردی ئینکار نەکردوە کەچی کۆماری ئیسلامی سیاسەتێکی هەبووە بە دیدی ئەمنییەتی چاوی لێ کردوە و ئەو خەڵکە چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوەی وڵات بە دوای ئەوەدا بگەڕێن کە ڕێگا چارە، گفتوگۆ و وتووێژە. یانی مەبەستم ئەوە نییە کۆماری ئیسلامی ئێستا وتووێژ لەگەڵ ئێمە بکا، بەڵام ئێرانییەکان (لە شارەکانی دەرەوەی کوردستان) بەو قەناعەتە بگەن کە تاکەی کێشەی کورد دەبێ ئاوا بچێتە پێشێ؟ بۆ لە وڵاتانی دراوسێ بە وتووێژ حەلی دەکەن، دەچن لە زیندان لەگەڵیاندا دادەنیشن، بۆ ئێوە ئاوڕێک وەسەر قەزییەی کورد نادەنەوە؟

لە پێوەندیی لەگەڵ عێراقدا، عێراق تایبەتیی خۆی هەیە. یەکەم عێراق بە شێوەیەکی فیدراڵی دامەزراوەتەوە، سێ لایەنی تێدا هەیە: شیعە و سنی و کورد. ئەو تەنەوعاتە دەبێتە هۆی ئەوەی ئێمە بە جۆرێک تەعمیمی بدەین بە ئێران. لە ئێرانی داهاتووش دا دەکرێ فێدرالیزم لە سەر بنەمای ئەو تەوافوق و تەنەوعاتە ببێ بە حەلێک کە حیزبی دیموکراتی کوردستان و لایەنەکانی دیکە هێناویانەتە پێشێ. لە هەمان کاتیشدا ئەوە سەرەتای دامەزرانی ئەو فێدرالیزمە بوو، بۆوەی کە نەهادینە بێ، لە وڵاتێک کە دیموکراسیی تەجروبە نەکراوە، دەبێ زۆر گرنگی بدرێ بە تەوافوق لەگەڵ یەکتر. ئەگەر وایە لایەنە ئێرانییەکان دەبێ فێری ئەوە بن تەوافوق لەسەر چوارچێوەی سیاسیی داهاتووی ساختاری ئیداریی ئێران بکەن. ئەوە لە ڕوانگەیەکەوە ئەزموونیکی زۆری بۆ ئێمە تێدا هەیە کە کورد لە چارەسەری کێشەکەی خۆیدا چۆن تەعامول لەگەڵ بەغدا دا دەکا بۆوەی کە ئێمەش لەو تەجروبانە لە داهاتوودا بۆ چارەسەری کێشەی خۆمان لەگەڵ تاران کەڵک وەرگرین. حیزبی دیموکرات لەو پێوەندییەدا لە هەنگاوی یەکەمدا دیسان پێی وایە یەکگرتوویی شەقامی کوردی، یەکگرتوویی هێزە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستان کە گوتارێکی دیموکراتیکیان هەیە، کە پایەبەندن بە قانوونی ئەساسیی عێراق، پایەبەندن بەوەی کە کێشەی بەغدا و هەولێر لە ڕێگای گفتوگو و موزاکرات حەل بکرێ و ئەوەش مەبنای قانوونیی هەیە، زۆر پێویستە. هیوادارین لەسەر بناغەی ئەو ڕیوشوێنە دیموکراتیک و ئینسانیانەی تەوافوقی دەستوورییان لە سەر هەیە، بەدوای ئەو حەڵلەدا بچن. ئەو حەڵلە باشترین حەڵلە بۆکورد، بۆ عێراق و بۆ داهاتووی ناوچەکەش بە گشتی. ئێمە هەوڵمان داوە لە حەدی توانای خۆماندا (و بە پێی ئەو تێڕوانینەمان) دەور بگێڕین.




**«کوردکاناڵ»: کاک خالید! باسی ئەزموونی ئەو بەشانەی کوردستانت کرد بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئێستا سێ ئەزموونی جیاواز هەیە. لە سووریە کورد خەریکە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن تەعامول دەکا و بیر لە ڕووخانی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد و دامەزراندنی دەوڵەتێکی فیدراڵ دەکەنەوە. لە تورکیە لە ڕێگای وتووێژ و دانوستانەوە خەریکە کێشەکە بەرەوپێش دەروا. لە عێراق کورد زیاتر لە ٢٠ ساڵە بە بەشێک لە مافەکانی خۆی گەیشتوە و لە دەورانی سەقامگیری دایە و دەوڵەتی ناوەندییش چەند ساڵێکە ئیعترافی بە فیدراڵیزم کردوە. حیزبی دیموکراتی کوردستان و یا بە گشتی هێزە سیاسییەکان چەندە پێوەن کە ئەم ئەزموونانە بگوازنەوە بۆ ئێستای ئێران؟ بە تایبەتی کە کورد لە ئێران ئێستا تەقریبەن لە حاڵەتێکی کپی دایە؟**

**خالید عەزیزی:** بۆ ئێمە هەمووی ئەوانە تەجروبەی ڕاستەوخۆن، تەجروبەی کوردین، تەجروبەی وڵاتەکانی دیکەی دراوسێی ئێرانن، تەجروبەی قانوونین، تەجروبەی موزاکراتن، تەجروبەی لەگەڵدابوون و ئینکار و مشارەکەت و بەشدارییە، هەمووی ئەوانە لە جێگای خۆیدا تەعمیمیان بدەین لە چۆنییەتی چارەسەری کێشەی کورد و لە ئێراندا بیانهێنینە گۆڕێ. ئەوەندەی پێوەندیی بە ئێمەوە هەبێ کاتێک تۆ دەگەیە نێو ئەو چارەسەرانە یا دەبێ قانوونی ئەساسی مەجالت پێ بدا کە ببیە بنەمایەک لەسەر ئەو کێشانە بە تەوافوق بگەی، یان دەنا دەبێ ڕەوتی خەبات و جووڵانەوەکە بگاتە ئاستێک تۆ لەوێدا بەردەنگ ببینییەوە (پارتنێر ببینییەوە) و لەگەڵ پارتنێرەکان (مەسەلەکە) بێنییە گۆڕێ، یان دەبێ ئاڵوگۆڕەکان لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا جۆرێک بێ، دەستووری کارێک لە گۆڕێدا بێ تۆ خۆتی تێدا ببینیەوە.

لە پێوەندیی لەگەڵ ئێراندا ڕاستییەکەی لەبەر ئەوەیکە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی هیچ مەجالێکی نەهێشتۆتەوە، دەسەڵاتێکی موتڵەقی دیکتاتۆرییە، کوردستانیش بە دیدی ئەمنییەتی چاو لێدەکا. ئێمە وەک حیزبی دیموکرات( بە شێوەی)قانوونی لەوێ کار ناکەین، حیزبێکی ئاشکرا نین. لە نەتیجەدا ناتوانین لە نێوخۆی وڵات لە موخاتبەکانی خۆمان بگەڕێین، بەستەر دروست بکەین بۆ لێکحاڵیبوون و جێبەجێکردنی پرۆژەی چارەسەری دیموکراتیک و فێدرالیزم و ئەوانە. (دەبێ بزانین)مەیدانی مانۆڕەکەمان تا کوێیە. مەیدانی مانۆڕی ئێمە زۆرتر ئاستی نێودەوڵەتییە، ناوچەکەیە، موخالفینی حکوومەتی کۆماری ئیسلامییە لە دەرەوەی وڵات و ڕاگەیەنە گشتییەکانە. لە هەمووی ئەو مەیدانانەدا کە تا ئێستا ئێمە تێیدا دیار بووین و بەشدار بووین هەموو هەوڵی ئێمە ئەوە بووە کە لە سەرەتادا ئاماژەم پێکرد کە ئەو گوتارە، ئەو چارەسەرانە بخەینە نێو بازاری سیاسیی داهاتووی ئێران و پێیان بڵێین کە ئاوا بەدوای کێشەکەدا نەڕۆین، کێشەی ئێران ئاوا چارەسەر نابێ، ئەو تەنەوعاتە ئەگەر بەیەکەوە چارەسەرێک نەبیننەوە تەبیعەتەن ناکرێ وا بە ئاسانی قسە لە ساختاری داهاتووی ئێران بکەین، قسە لە دروستکردنەوەی داهاتووی ئێران و قسە لە حکوومەتێکی دیموکراتیکی ناموتەمەرکیزی داهاتووی ئێران بکەین کە بەو ئاقارەدا بڕوا کە تەجرووبەکە لە ناوچەکە پێمان دەڵێ.

**مستەفا مەعروفی: ئەم ڕووداوانەی دوایی بە ڕوونی دەری دەخەن ـ بێ ئەوەی بمانەوێ بڵێین ئەحمەدی نەژاد هاوشانی ئەبولحەسەنی بەنی سەدرە ـ پێوەندیی سەرکۆمار لەگەڵ ڕێبەر گەیشتۆتە ڕادەی پێوەندیی خومەینی لەگەڵ بەنی سەدر. بەڵام ئایا ئەحمەدی نەژاد تووشی چارەنووسی بەنی سەدر دەبێ؟**

**مەسعوود ڕەواندوست: ئۆباما بە هەست کردن بە کەمبوونەوەی دەرفەتەکان و نیگەرانی لەوەی لە سەردەمی سەرۆک کۆماریی ئەودا ئێران ببێ بە هێزی ئەتۆمی، بە هەموو تواناوە هەوڵ دەدا ئێران ناچار بە تەسلیم و تەمکین بکا و، دەزانێ ئەگەر لەوەدا سەرکەوتوو نەبێ دەبێ ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوەی نیزامی بێ لەگەڵ ئێران.**

# تێزی: « کۆماری»و « ئیسلامی» ، کێشەی سەرکۆمارو ڕێبەر



مستەفا مەعروفی

لە ١٠و ١١ی خاکەلێوەی ١٣٥٨دا کاتێک خەڵکی ئێران بە زۆرینەیەکی تەواوەوە دەنگیان بە « کۆماری ئیسلامی» تاقە سیستمی پێشنیارکراو لە لایەن خومەینییەوە دا، جگە لە حیزبی دیموکراتی کوردستان بەتایبەتی‌و خەڵکی کوردستان بە گشتی کەم کەس بیری لەوە کردەوە کە دوو گوتاری « کۆماری»و» ئیسلامی « چ پێوەندییەکان پێکەوە هەیە، کامەیان ئەوی دیکە وەلا دەنێ یان لە باشترین حاڵەت دا کامەیان بەسەر کامەیان دا زاڵ دەبێ. ئەوکات کە هێشتا گەلێک هێزو ڕێکخراوو کەسایەتیی سکۆلارو دیموکرات لە مەیداندا بوون‌و دروشم، دروشمی « ئازادی» بوو، خومەینی بە باشی نەیدەزانی ڕاست‌و ڕەوان سیستمی دڵی خۆی پێشنیار بکاو، بۆ وێنە بڵێ:» ئیمارەتی ئیسلامی». دەبووا گوتارێکی وەک « کۆماری»ی لەگەڵ بخا بۆ ئەوەی ئەو هێزانە تروسکایەکی تێدا بەدی بکەن تاکوو دەنگی پێ بدەن.

پێکهاتەی دەسەڵات‌و ئۆرگانە دەسەڵاتدارەکان لە کۆماری ئیسلامی دا لە سەرەتاوە لەسەر بنەمای ئەو دوو گوتارە جیاوازو دژ بەیەکە دامەزراوە. هێندێک ئۆرگان هەن کە نوێنگەی « کۆماری»یەت‌و هێندێک ئۆرگانیش هەن کە نوێنگەی «ئیسلامی»یەتی کۆماری ئیسلامین. ئۆرگانەکانی دەستەی یەکەم ئۆرگانە هەڵبژێردراوەکانن، وەک سەرکۆماری، مەجلیس، شووراکان ( کە هەتا ٢٠ ساڵ دواتر هەڵبژاردنی بۆ نەکرا ). ئۆرگانەکانی دەستەی دووەم یان ئۆرگانە هەڵنەبژێردراوەکانن، وەک: نیهادی «ویلایەتی فەقیە»، «شووڕای نیگابان»، «مەجمەعی تەشخیسی مەسڵەحەتی نیزام». دەستەی یەکەم سێبەری دەسەڵات‌و دەستەی دووەم خودی دەسەڵات. هەرکام لەمانە لە قانوونی ئەساسی دا سەڵاحییەت‌و دەسەڵاتیان دیاری کراوە. ئەوەی مەبەستی ئەم باسەیە پۆستی سەرکۆمارییە.

**قانوونی ئەساسی‌و سەرکۆمار**

لە ئەسڵی ١١٣ی قانوونی ئەساسیدا گوتراوە کە :» پاش پۆستی ڕێبەری سەرکۆمار بەرزترین پۆستی فەرمیی وڵاتە». بەر لە هەموو شت لە ئەسڵی شەشەم دا گوتراوە ئەو دەسەڵاتەی لە «ڕێبەر» دەمێنێتەوە لە ئەستۆی سەرکۆمارو وەزیرەکانە:» ئیدارەی دەسەڵاتی بەڕێوەبەری جگە لەو بوارانەی لەم قانوونەدا ڕاستەوخۆ بە ڕێبەر ئەسپێردراون، لە ئەستۆی سەرکۆمارو وەزیرەکانە.» لە ئەسڵی ١١٠دا ماددەی ٩ « ئیمزای حوکمی سەرکۆمار پاش هەڵبژێران... سەڵاحییەتی کاندیداکانی سەرکۆمار ... دەبێ بەر لە هەڵبژاردن لەلایەن شووڕای نیگاهبانەوە تەئیید بکرێ‌و لە پێشداش لە لایەن ڕێبەرەوە تەئیید بکرێ.»لە ڕیزی سەڵاحییەتەکانی ڕێبەر دان. بە پێی ماددەی ٦ی ئەم ئەسڵە فەقیهەکانی شووڕای نیگابانیش لەلایەن ڕێبەرەو دیاری دەکرێن. هەر بە پێی ئەسڵی ١١٠ی قانوونی ئەساسی، ماددەی ١٠، ئەگەر بەرژەوەندیی وڵات بخوازێ « وەلانانی سەرکۆمار» لە دەسەڵاتی ڕێبەر دایە. لە ئەسڵی ١٢٢دا سەرکۆمار چۆن لەبەرامبەر مەجلیس‌و خەڵک دا بەر پرسە، ئەوەندەش لە بەرامبەر « ڕێبەر»دا بەرپەرسە. لە ئەسڵی ١٣٠دا کاتێک سەرکۆمار دەست لە کار دەکێشێتەوە لە جیاتی ئەوەی دەست لەکارکێشانەوەکەی پێشکێشی مەجلیس بکا، « پێشکێش بە ڕێبەری دەکاو تا ئەو کاتەی دەست لەکار کێشانەوەکەی لێ قبووڵ دەکرێ ئەرکەکانی خۆی بەجێ دەگەیەنێ.». لە ئەسڵی ١٣١دا ئەگەر سەرکۆمار مرد یان وەلانرا... « جێگری یەکەمی سەرکۆمار بە ڕەزامەندیی ڕێبەر بەرپرسایەتی‌و سەڵاحییەتەکانی بە ئەستۆوە دەگرێ«.

کاتێک چاوێک لەو ئەسڵانەی قانوونی ئەساسی دەکەین بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێ کە « سەرکۆمار» کە نوێنگەی « کۆماری»یەتی ڕێژیمە، بە کردەوە سێبەرو ڕاسپاردەو «پیاوی» «ڕێبەر»ەو ڕێبەریش نوێنەرایەتیی « ئیسلامی»یەتی ڕێژیم دەکا. بێ‌دەسەڵاتی‌و بێ‌نێوەڕۆکیی پۆستی سەرکۆماری هەرئەوەندە نیە کە لە قانوونی ئەساسی دا دیاری




کراوە، بەڵکوو «ڕێبەر»و ئۆرگانە هەڵنەبژێردراوەکانی دیکە تەنانەت ئامادە نین لەو چوارچێوەیەش دا « سەڵاحییەت‌و دەسەڵاتەکانی سەرکۆمار» قبووڵ بکەن. بۆ وێنە:

لە ئەسڵی ١٣٦ی قانوونی ئەساسی دا هاتوە»: سەرکۆمار دەتوانێ وەزیرەکان لەسەر کار لابەرێ...»، بەڵام دوایین نموونەی پێشێلکرانی ئەم ئەسڵەو دەسەڵاتی زیاتر لە قانوونی ڕێبەر، کاتێک بوو کە سەرکۆمار، حەیدەری موسڵیحی، وەزیری ئیتیلاعاتی لەسەر کار وەلا نا، کەچی ڕێبەر فەرمانی دا بچێتەوە سەر پۆستی خۆی!

**سێ سەرکۆماری جەنجاڵی**

**ئەبولحەسنی بەنی سەدر**

بۆ هەڵبژاردنی سەرکۆمار لە ٥ی ڕێبەندانی ١٣٥٨دا خومەینی بە هەر نرخێک بوو کارێکی وای کرد ئەبولحەسەنی بەنی سەدر ببێ بە سەرکۆمارو هەر واش دەرچوو. خومەینی لەسەرەتادا پێی وابوو دەبێ شەڕو ململانێی دەسەڵات بە کەسێک بکا کە «سەر رووت» بێ‌و ئەو جۆرە کاروبارانەی لە شەئنی « رووحانی»یەک دا نەدەدیت. هەرچەند بەنی سەدر لە سەرەتادا هاوئاهەنگییەکی لەگەڵ کردەوە دیکتاتۆرانەکانی خومەینی و دەسەڵاتدارانی ڕاستەقینە کرد، بەڵام کەسێک نەبوو بتوانێ تاسەر لەگەڵیان بڕوا. ئەو هەوڵی دەدا پێگەو دەسەڵاتێک کە شیاوی سەرکۆمارێکە بۆ خۆی مسۆگەر بکا. بۆیە زۆری نەبرد ڕەخنەی لە هێندێک لەو کردەوانە گرت، بەتایبەتی لە دژی قەڵاچۆکردنی زانستگان ڕاوەستا کە خومەینی ناوی لێ نا « شۆڕشی فەرهەنگی»! و تەنانەت « شۆڕشی دووەم». ئەو لەدژی داگیرکرانی سەفارەتی ئەمریکاش ڕاوەستا. هەوەرها لە دژی سەرکوتی خوێناویی خۆپێشاندەرانی ٣٠ی جۆزەردان لەشارە گەورەکانی ئێران هەڵوێستی گرت‌و لە لایەن خومەینییەوە



لەسەر پۆستی سەرکۆماری وەلا نراو ناوبراو ناچار بوو لە پووشپەڕی ١٣٦٠بە نهێنی لە ئێران رابکا.

**سەید محەممەدی خاتەمی**

لە دەیەی ٧٠ی هەتاویدا سیاسەتی « بنیاتنانەوە»کە پاش کۆتاییهاتنی شەڕی ئێران ـ عێراق لەلایەن ڕەفسەنجانییەوە ببوو بە دروشم جگە لە وێرانیی زیاتری بنەما ئابوورییەکان، قەیرانە کۆمەڵایەتی‌و سیاسییەکان، پەرەگرتنی زیاتری تێرۆریزمی دەوڵەتی‌و گرانی، هیچی دیکەی بەدواوە نەبوو. پێڕەوەکانی کە نازناوی « سەرداری سازندگی (بنیاتنان)»یان پێ‌بەخشیبوو، بەگاڵتەجاری لە نێو خەڵکدا بە «سردار بازندگی ( دۆڕاو ) ناوی ڕۆیشتبوو. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا باڵێک لە نێو ڕێژیمدا سەری هەڵ دا کە بە « ریفۆرمخواز» ناوی دەرکرد. لە ٢ی جۆزەردانی ١٣٧٦دا باڵی ریفۆرمخواز کاندیدایەکی بە ناوی « محەممەدی خاتەمی» نارده مەیدانی هەڵبژاردنەوە. بەڕاستی بۆ هیچ کەس ، تەنانەت بۆ ڕێبەرانی ڕێژیمیش پێشبینی نەدەکرا کەسێک کە تا ئەو کاتە ناووناوبانگێکی ئەو تۆی نەبوو لە ناتقی نووری بباتەوە کە پێشتر سەرۆکی مەجلیس بوو و دەسەڵات‌و ناووناوبانگێکی زۆری هەبوو. هەرچەند خاتەمی زیاتر لە ٢٠ میلیۆن دەنگی لە پشت بوو کە دەیتوانی ببێ بە پێگەو دەسەڵاتێکی زۆر، کە بێگومان خامنەیی ئەگەر بە هەڵبژاردن بووایە قەت ئەوەندەی بەدەست نەدێنا، بەڵام سەرۆککۆمارێکی بە ئیرادە نەبوو، بەوحاڵەش توانی گەلێک سەرئێشە بۆ دەسەڵاتدارنی ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامی دروست بکا.

**مەحموودی ئەحمەدی نەژاد**

ئەزموونی تاڵی ریفۆرمخوازان بۆ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئەوە بووکە بە مەبەستی سڕینەی ئاسەواری ریفۆرمخوازان، سەرکۆماری بدەن



بە کەسێک لە وەفادارترین هێزەکانی سەر بە ڕێبەر، چونکە سوپای پاسداران کە ئەحمەدی نەژاد یەکێک لە فەرماندەکانی بوو میلیشیایەکی سەر بە ڕێبەرە. تەنانەت لە دەوری یەکەمی سەرکۆمارییەکەیدا کەسێکی وەک هاشمیی ڕەفسەنجانیان لە سەر ڕێی لابرد کە بە تەمای سەرکۆماری بوو. لە دەوری دووەمدا بە ئاشکرا دەنگەکانی میر خوسێنی مووسەوییان وەپشتگوێ داو بە زەبری هێزی نیزامی‌و بە خوێن لەسەر کورسیی دەسەڵاتیان دانایەوە.

ئەم ڕووداوانەی دوایی بە ڕوونی دەری دەخەن ـ بێ ئەوەی بمانەوێ بڵێین ئەحمەدی نەژاد هاوشانی ئەبولحەسەنی بەنی سەدرە ـ پێوەندیی سەرکۆمار لەگەڵ ڕێبەر گەیشتۆتە ڕادەی پێوەندیی خومەینی لەگەڵ بەنی سەدر. بەڵام ئایا ئەحمەدی نەژاد تووشی چارەنووسی بەنی سەدر دەبێ؟ بێگومان، نا. چونکە: یەکەم، خامنەیی جێگەو پێگەی خومەینی نیە ئەمەی بۆ بچێتە سەر، دووەم، ڕێژیم نفووز و ئیعتیباری ئەو کاتی نیە، سێیەم، ڕێژیم لە نێو کۆمەڵێک قەیرانی نێوخۆیی ونێونەتەوەییدا دەژی، چوارەم، دەورەی سەرکۆماریی ئەحمەدی نەژاد لە کۆتایی نزیک بۆتەوە، بۆیە ئەو چەند مانگەش تەحەممولی دەکەن‌و خۆیان تووشی سەر ئێشەی « وەلانانی سەرکۆمار» ناکەنەوە. پێنجەم، ئەحمەدی نەژادیان بە نرخێکی زۆر گران هێنایە سەر کارو ئێستاش ترسێکی زۆریان لە ڕەقیبەکانی واتە میر حوسێنی مووسەوی و کەڕوبی هەیە.

داستانی ٣٤ ساڵ سەرکۆماری لە « کۆماری ئیسلامی «دا بە ڕوونی دەری دەخا کە دوو گوتاری «کۆماری»و « ئیسلامی»پێکەوە جۆش ناخۆن. لەخۆڕا نەبوو خامنەیی ساڵی ڕابردوو لە وتارێک دا ڕای گەیاند: لەوانەیە لە داهاتوو دا سەرکۆمار لە لایەن مەجلیسەوە هەڵ بژێردرێ.

تەنیا قازانجی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لەوە دایە کە ڕقەبەرایەتی‌و ململانێ‌و گەلێک لەلایەنە شاراوو پێچەڵپووچییەکانی کۆماری ئیسلامی ئاشکرا دەبن‌و هێزو لایەن‌و کەسەکان سەنگ‌و پێگەیان ڕوون دەبێتەوە.

# ئالقەیەکی نوێ لە زنجیرەی کۆبوونەوە ئەتۆمییەکان



مەسعود ڕەواندوست

دوای هەشت مانگ وەستانی زنجیرە کۆبوونەوەکانی گرووپی ٥+١ و کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر پەروەندی ئەتۆمیی ئەم وڵاتە، ڕۆژی سێ شەممە ٨ی ڕەشەممە لە شاری ئالمائاتیی قەزاقستان، ئالقەیەکی نوێی ئەم زنجیرە کۆبوونەوانە بەڕێوەچوو.

ئەم زنجیرە کۆبوونەوانە کە ماوەی چەند ساڵە لە نێوان ئێران و وڵاتانی ڕۆژئاوایی و لە سەرووی هەمووانەوە ئەمریکا، بۆ چارەسەریی قەیرانی ئەتۆمیی ئێران بەڕێوەدەچن، تا ئێستا تەنیا ئاکام و خاڵی هاوبەشیان ئەوە بووە کە کۆبوونەوەیەکی دیکە، لە شوێنێکی دیکە و لە ڕێکەوتێکی دیکەدا بەڕێوە بچێ.

ئەمڕۆ کەم کەس هەیە نەزانێ ئامانجی ئێران لە بەڕێوەبردن و درێژەدانی ئەم کۆبوونەوانە کڕینی کات و وەدەستهێنانی دەرفەتی زیاترە بۆ گەیشتن بە ئاکامی پرۆژە ئەتۆمییەکەی و، ئامانجی ڕۆژئاواش ئەوەیە بە شێوەیەکی ئاشتیانە و بێ پەنابردنە بەر شەڕ و هێرشی نیزامی، ڕێگە نەدا ئێران ببێتە خاوەن چەکی ئەتۆمی.

کۆبوونەوەی ئالمائاتی دوای هەشت مانگ وەستانی کۆبوونەوەکان، لە حاڵێکدا بەڕێوەچوو کە ڕۆژئاوا و بە تایبەت ئەمریکا بازنەی گەمارۆکانیان بۆ سەر ئێران تا ئەو ڕادەیە تەنگ کردۆتەوە کە ئابووریی ئەم وڵاتە کەوتۆتە خراپترین دۆخی خۆی لە ماوەی دەسەڵاتدارێتیی ڕێژیمی ئاخوندی‌دا. بە گوێرەی ئامارە ڕەسمییەکان ئاکامی گەمارۆ سیاسی و ئابوورییەکان بۆسەر ئێران لەم هەشت مانگەدا زەرەر و زیانێکی ٤٨ میلیارد دۆلاری بووە. ئەم زیانە قورسە وای کردوە بەهای دراوی ڕەسمیی ئێران بە ڕادەیەکی بەرچاو دابەزێ و بناغەی لەرزۆکی ئابووریی ئێران بەرەو ڕووخان و لێکترازان بڕوا. کاریگەریی گەمارۆکان بە ڕادەیەک بووە کە کاربەدەستانی ڕێژیم کە گەمارۆکانیان بە پارچەکاغەزێکی بێ نرخ دەزانی ئێستا دان بە کاریگەریی قورس و قووڵی گەمارۆکان لە ئابووری و بارودۆخی ڕێژیمدا دادەنێن.

لە لایەکی دیکەوە کۆبوونەوەی ئالمائاتی لە ماوەیەکی کورت دوای دەسپێکی دەوری دووەمی سەرۆک کۆماریی ئۆباما و دیاریکرانی ئەندامانی نوێی کابینەکەی بەڕێوەچوو. ئەگەرچی دیاریکرانی جان کێری بۆ وەزارەتی دەرەوە و چاک هێگێل بۆ وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا ئەو گومانەی لای زۆر کەس دروست کرد کە لەمەودا ئۆباما سیاسەتێکی نەرمتر و جۆرێک موماشات لەگەڵ ئێران دەگرێتەبەر، بەڵام ئەو ڕاستییەی لە پشت ئەم ڕواڵەتە هەڵخەڵەتێنەرەدا خۆی حەشارداوە ئەوەیە کە ئۆباما زۆر بە باشی هەستی بەوە کردوە کە دەرفەتێکی زۆر کەم بۆ چارەسەری



قەیرانی ئەتۆمیی ئێران ماوە و، ئەمریکا ناچارە یان ئێرانی ئەتۆمی قەبووڵ بکا، کە ئەوە زۆر ئاستەم دێتە بەرچاو، یان ئامادەی بەرەوڕووبوونەوەیەکی نیزامی بێ لەگەڵ ئێران. هەر بۆیە ئۆباما هەموو توانا و ئیمکاناتی خۆی وەگەڕ خستوە بۆ ئەوەی لەم ماوە کەمەی لەبەردەست ڕۆژئاوادا ماوە قەیرانەکە بێ شەڕ و هێرشی نیزامی چارەسەر بکا. لە لایەک بازنەی گوشار و گەمارۆکان تەنگتر دەکاتەوە و لە لایەکی دیکەوە چرای سەوز و دەرگای ئاوەڵا بە ئێران نیشان دەدا بۆ ئەوەی ئێران ناچار بکا بەم دەرگا ئاوەڵایەدا خۆی لە گەمارۆکان ڕزگار بکا و ڕۆژئاواش لە نیگەرانییەکانی سەبارەت بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی.

بەم ئاراستەیە کە لە بەرنامەی کاری گرووپی ٥+١ یشدا ڕەنگی داوەتەوە، کۆبوونەوەی ئالمائاتی بەڕێوەچوو. لەم کۆبوونەوەیەدا ڕۆژئاوا بۆ ئەوەی نیازپاکیی خۆی نیشان بدا و بە قەولێک ئیمتیازی زیاتر بدا بە ئێران، بە پێچەوانەی کۆبوونەوەکانی پێشوو داوای داخستنی تەواوی ناوەندی ئەتۆمیی فەردووی نەکرد و تەنیا داوای ڕاگرتنی پیتاندنی ئۆرانیۆم لە ئاستی ٢٠٪ی کردوە و لە بەرامبەریشدا بەڵێنی داوە چەند بەشێک لە گەمارۆکان سووکتر بکا و جارێ گەمارۆی دیکە بەسەر ئێران‌دا نەسەپێنێ. بەڵام ڕۆژئاوا لە بەستە پێشنیارییەکەی‌دا بە هیچ شێوەیەک باسی لە لابردن یان کەمکردنەوەی گەمارۆ نەوتی و بانکییەکان نەکردوە.

هەیئەتی ئێرانی کە بە وەبەرچاوگرتنی ئەوەی لەسەرەوە باس کرا خوازیاری درێژەدانی کۆبوونەوەکانە، ئەم کۆبوونەوەیەی بە ئەرێنی وەسف کردوە و دوو لایەن ساغ بوونەتەوە کۆبوونەوەکان درێژەیان هەبێ و بڕیارە ٢٨ی ڕەشەممە کۆبوونەوەیەک لە ئاستی کارناسان‌دا لە ئێستانبولی تورکیە بەڕێوە بچێ و دواتر لە ڕۆژانی ١٦ و ١٧ی خاکەلێوەدا دوو لایەنی سەرەکیی دانوستانەکان بۆ جارێکی دیکە لە ئالمائاتی کۆببنەوە.

ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە سەرەڕای ئەوەی دوو لایەن کۆبوونەوەکە بە ئەرێنی وەسف دەکەن، بەڵام لەم کۆبوونەوەیەشدا تەنیا شتێک کە هەر دوولا لەسەری ڕێک کەوتوون ئەوەیە کە کۆبوونەوەکان درێژەیان هەبێ. ئەم کۆبوونەوەیە بە جۆرێک وەبیرهێنەرەوەی زنجیرە کۆبوونەوەکانی ئێستانبول، بەغدا و مۆسکۆن کە دوای ١٦ مانگ وەستانی زنجیرە کۆبوونەوەکان بەڕێوەچوون و دوو لایەن هەر بەو دەستەواژانەی ئێستا کۆبوونەوەکانیان بە ئەرێنی وەسف کرد، بەڵام لە مۆسکۆ کۆتاییان پێ هات.

ئێستاش بە وەبەرچاو گرتنی ئەوەی چەند ڕۆژ لەمەوبەر جارێکی دیکە خامنەیی داوای وتووێژی ڕاستەوخۆی ئەمریکای ڕەت کردەوە، وێ ناچێ ئەم کۆبوونەوانەش لە کۆبوونەوەکانی پێش ئەم هەشت مانگە ئاکامێکی زیاتریان هەبێ و تەنیا درێژ بوونەوەی کۆبوونەوەکان و کڕینی دەرفەتە بۆ ئێران. بە تایبەت کە ئێران بە وەبەرچاوگرتنی ئاستی ئامادەیی ئێستای ڕۆژئاوا بۆ شەڕێکی دیکە، تا ئێستاش پێی‌وایە دەرفەتی مانۆڕی بە دەستەوەیە و هەوڵ دەدا یاری بە کارتەکانی بکا.

بەڵام هەروەک لە سەرەتادا ئاماژەی پێ کرا ئۆباما بە هەست کردن بە کەمبوونەوەی دەرفەتەکان و نیگەرانی لەوەی لە سەردەمی سەرۆک کۆماریی ئەودا ئێران ببێ بە هێزی ئەتۆمی، بە هەموو تواناوە هەوڵ دەدا ئێران ناچار بە تەسلیم و تەمکین بکا و، دەزانێ ئەگەر لەوەدا سەرکەوتوو نەبێ دەبێ ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوەی نیزامی بێ لەگەڵ ئێران.

ئێستا دەبێ چاوەڕوانی کۆبوونەوەکانی داهاتوو بین و بزانین ئێران کام ڕێگە دەخاتە بەردەم ڕۆژئاوا و بە تایبەت ئەمریکا.

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە : ئەوەی کۆمەڵگای جیهانیو بەڵگەنامەکانو یەک لەوان بەیاننامەی جیهانیی مافە زمانی یەکان بەڕەسمیی دەناسن خوێندن بە زمانی زگماکی یە نەک بە شێوەزاری شارو ناوچەو هی دیکە. هیچ نەتەوەیەک لەم جیهانەدا نابینرێ کە دوو زمانی خوێندنو نووسینی هەبێ**

**ئێستاش کە ئێستایە بەشێک لە نامەگۆڕینەوەی نێوان دامودەزگاکانی حکوومەتی هەرێمو زۆر لە حوکمەکانی دادگا بەزمانی عەرەبی دەنووسرێن، ئێستاش ئەگەر بە ناوچە جۆراوجۆرەکانی هەرێمدا بگەڕێیو سەیری تابلۆی سەردەرانەی دامودەزگاکانو تابلۆکانی سەرجادە بکەی، هەست ناکەی لە وڵاتێکدا دەگەڕێی کە گەلەکەی هەموو مافە زمانییەکانی بەڕەسمی ناسراونو بۆخۆی بڕیاردەری چارەنووسی خۆیەتی.**
**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**

# زمانی زگماکیو نەتەوەی کورد

## ( لە سمیناری ئەکادیمیای کوردی لە هەولێر بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک پێشکەش کراوە)

عەبدوڵڵا حەسەن زادە

**بەڕێزان!**
**دڵسۆزانی پێشکەوتنی زمانو ئەدەبو کولتووری کوردی!**

لێرە لە دەوری یەک کۆ بووینەوە بۆ ئەوەی وێڕای هەموو مرۆڤایەتیی پێشکەوتوو ڕێز لە ڕۆژی زمانی زگماکی بگرین. بەم هۆیەوە دەستخۆشی لە ئەکادیمیای کوردی دەکەم کە ڕێزی لەو بۆنەیە گرتووە دەرفەتێکی ڕەخساندوە کە بتوانین بیروڕای خۆمان لەو بارەیەوە دەربڕینو لەوەش زیاتر ئاوڕێک لە بارودۆخی نەتەوە بەشکراوو بەشخوراوەکەمان لەو پێوەندی‌یەدا بدەینەوە. هێندێک کەس «زمانی زگماکی« بەکار دێنو کەسانێکیش «زمانی دایک» بە دروستتر دەزانو جاری وایە زمانی ئەسڵی، یان زمانی یەکەمیش بەکار دەبرێ، بەڵام هەرکام لەمڕایانە ڕاست بێ شتێک لە نێوەرۆکی مەسەلەکەو لە بایەخی زمانی زگماکی ناگۆڕێ. با ئەوەش بڵێم کە ئەوەندەی بۆخۆم ئاگادارم کورد هەمیشە ئەوەی بە «زمانی زگماکی» ناو بردوە.

بۆ گرنگیو بایەخی زمانی زگماکی زۆر بەڵگەی دەروونناسیو پەروەردەیی لەدەستدان. منداڵ بەتایبەتی لە یەکەم قۆناغی چوون بۆ باخچەی ساوایان یان قوتابخانەدا ئەگەر دەگەڵ زمانێکی غەیری زمانی زگماکی بەرەوروو بێ دوچاری بارودۆخێکی زۆر دژواری دەروونی دێ. هەست دەکا لە فەزای گەرمو پڕخۆشەویستیی بنەماڵەوە چووەتە دنیایەکی تازە کە زمانی قسەپێکردنو ڕوخسارەکانو دابونەریتو تەنانەت داروبەردی، بۆ ئەو تازەو بێگانەن. بەو ڕووحە پاکو بێگەردەوە دەبێ خۆی دەگەڵ هەلومەرجێکی نوێ بگونجێنێ بێ‌ئەوەی کەسێک هەبێ بەو زمانە شیرنەی تائێستا پێی‌ڕاهاتوە دڵخۆشیی بداتەوەو شتە نامۆکانی پێ‌بناسێنێو چەمکە نەناسراوو نەبیسراوەکانی بۆ شی بکاتەوە.

ئەوکاتەی منداڵ دەچێتە پۆلی دەرسو گوێ بۆ مامۆستایەک هەڵدەخا کە بە زمانێکی غەیری زمانی زگماکی قسە دەکا، هەرچی بەرگوێی دەکەوێ نەکهەر مانای نازانێ، بگرە پیتەکانیشی بۆ لێک جیا ناکرێنەوە. مامۆستا بەکۆمەگی وێنە دەیەوێ دەگەڵ دیاردەکانی دەوروبەر ئاشنای بکا، کەچی منداڵ دەبینێ کە ئەوەی تائێستا لە ماڵو گەڕەکو لە نێو ئاواڵەکانی فێری بووە هیچی وەک خۆی نەماوەو دەبێ لەهیچەوە دەست پێ‌بکاتەوە. هەرچی لە دەوروبەری خۆی دیویەو ناسیویە هەمووی ناوی گۆڕاوەو ئێستا بە زمانێک کە تێی‌ناگا دەبێ هەم ناویان فێر بێ، هەم نووسینی ناوەکەیان، بێ‌ئەوەی کەسی لە پەنا بێ کە بەو زمانەی لە ماڵەوە فێری بووە تێی‌بگەیەنێ.

لەوانەش بگوزەرێین، ئەگەر منداڵ نەش‌توانێ دەری ببڕێ، هەست دەکا کە ئەو زمانەی لە بنەماڵەدا فێری بووەو قسەی پێ‌کردوە، ئێستا کە هاتۆتە نێو کۆمەڵ، بەکەلکی نایەو ڕووی مەجلیسانی نیە. لەوحاڵەدا یان هەست بەوە دەکا کە خۆیو زمانەکەیو بنەماڵەکەی لە پلەیەکی نزمتری پێوانە کۆمەڵایەتی‌یەکان‌دان یان ڕقی لەو ماڵە تازەیەو هەموو دەوروبەرەکەی دەبێتەوەو بیر لەوە دەکاتەوە لەبەری هەڵێ. هەر بۆیەش دەبینین لەو شوێنانە کە خوێندن بە زمانی زگماکی نیە دیاردەی ڕاکردنی منداڵان لە قوتابخانە بە بەراورد لەگەڵ ئەو جیگایانە کە منداڵان بەزمانی زگماکی دەخوێنن، زیاترە.

تەنانەت بۆ گەورەسالانیش ئەوکاتەی بەزمانی زگماکی قسە دەکەن، وتار دەنووسن، لە دادگادا بەرگری لەخۆیان دەکەن یان ڕووداوێک دەگێڕنەوە، کارەکە زۆر ئاسانتر لەو وەختەیە کە بە زمانێکی غەیری زمانی زگماکی ئەوکارانە دەکەن. چونکە کاتێک مرۆڤ زمانی خۆی بەکار دێنێ تەواوی هۆشو بیری لەلای ئەوەیە کە بابەتەکە چۆنەو بە چ شێوەیەک بۆ بەردەنگەکانی ڕاگوێزێ تا باشتری وەرگرنو دژکردەوەی باشتریان بەرامبەری هەبێ. بەڵام ئەوکاتەی بە زمانێکی دیکە دەدوێ یان دەنووسێ دەبێ بەشێکی زۆری بیرو زەینی بۆ وەبیرهاتنەوەی وشەو زاراوەی گونجاوو دارشتنی ڕستەکانی بەجۆرێکی شیاو تەرخان بکا.

بەڕێزان! لەبەر ئەو هۆیانەو زۆر هۆکاری دیکەی لەو بابەتە بوو کە دەزگای یۆنسکۆی سەر بەڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە مانگی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٩٩دا لەسەر پێشنیاری دەوڵەتی بەنگلادێش، ڕۆژی ٢١ی فێبرایری کردە ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی ، ڕۆژێک کە ئەمڕۆ ئێمەی لە دەوری یەکتر کۆ کردۆتەوە. دڵنیام زۆربەی ئێوە بەڕێزان دەزانن کە پێشنیارکردنو هەڵبژاردنی ئەم ڕۆژە بۆ زمانی زگماکی بە مەبەستی ڕێزدانان بۆ یادی ئەو چەند خوێندکارە بەنگلادێشی‌یە بوو کە ساڵی ١٩٥٢ لە خۆپیشاندانێکدا بە مەبەستی وەرگرتنی مافی سروشتیی خوێندن بەزمانی زگماکی لەلایەن پۆلیسی پاکستانەوە شەلاڵی خوێن کرانو شەهید بوون. دەزانین کە ئەوکاتە وڵاتی بەنگلادێش لەلایەن پاکستانەوە کە ١٦٠٠ کیلۆمیتری لێ دوور بوو، کۆنترۆڵ دەکرا،و بەپاکستانی ڕۆژهەڵات ناو دەبرا.

هەر لەو پێوەندی‌یەدا ساڵی١٩٩٦ی زایینی دامو دەزگاو ڕێکخراوە نادەوڵەتی‌یەکانی وڵاتانی جۆراوجۆری دنیا لە بەرشلۆنەی ئیسپانیا بەیاننامەیەکیان ئیمزاو بڵاو کردەوە بەناوی « بەیاننامەی جیهانیی مافە زمانی‌یەکان» کە لەودا بە دووروودرێژی مافی کۆمەڵە زمانی‌یەکان بۆ بەکارهێنانی زمانی زگماکی لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی، پەروەردەییو کۆمەڵایەتیو هتددا پێی لەسەر داگیراوە. ئەگەرچی ئەو بەیان‌نامەیە بۆ بەشێکی زۆر لە ئێوە بەڕێزان شتێکی ئاشنایە، بەڵام لەبەر گرنگیو بایەخی ئەم پەسندکراوە نێونەتەوەیی‌یە پێم‌خۆشە ڕێگام بدەن هەرنەبێ چەند خاڵێکی گرنگی جارێکی دیکە بخەمەوە بەرچاوی ئێوە ڕێزداران:

بەیان‌نامەی جیهانیی مافە زمانی‌یەکان پشت بە بەیان‌نامەو بڕیارنامەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبەستێو وەبیر دێنێتەوە کە: بەیان‌نامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، پەسندکراوی ساڵی ١٩٤٨، لە پێشەکی‌یەکەی‌دا باوەڕی خۆی بە بەرامبەریی مافە بنەڕەتی‌یەکانی مرۆڤ، کەرامەتو بایەخی مرۆڤەکانو مافی بەرامبەری پیاوو ژن دەر بڕیوە؛و لە ماددەی دووەمیشی‌دا ڕای‌گەیاندوە کە هەموو کەسەکان، بێ لەبەرچاوگرتنی بنەچەکە یان نەژاد، ڕەنگی پێست ، ڕەگەز، زمان، ئایین، بیروباوەڕی سیاسی یان بیرو باوەڕی دیکە، ڕەچەڵەکی نەتەوەیی یان کۆمەڵایەتی، شوێنی لەدایکبوونو تایبەتمەندیی دیکە خاوەنی هەموو مافو ئازادی‌یەکانن.

بەیان‌نامەکە دەڵێ: بە لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە زۆربەی ئەو زمانانەی لەژێر مەترسیی لەنێوچوون‌دان، هی ئەو کۆمەڵە خەڵکانەن کە لە مافی فەرمانڕەوایی نەتەوەیی بێ‌بەشنو ئەو هۆکارە بنەڕەتی‌یانەی پێشی پەرەگرتنی ئەو زمانانەیان گرتووە ڕەوتی لەجێگەدانانی زمانێکی دیکە خێراتر دەکەن، بریتین لە نەبوونی حکوومەتی خۆیی‌و سیاسەتی ئەو دەوڵەتانە، کە پێکهاتەی سیاسیو زمانیی خۆیان بەسەر وان‌دا دەسەپێنن؛و هەروەها: بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستی‌یە کە بۆ دابین کردنی پێکەوەژیانی بەئاشتی لەنێو کۆمەڵە زمانی‌یەکان‌دا، پێویستە بنەماگەلێکی گشتی پەیدا بکرێن کە هاندانو بەرەژوورچوونی جێگەوپێگەو ڕێزی هەموو زمانەکانو بەکاربردنی کۆمەڵایەتیی ئەوان لە بوارە گشتیو تایبەتی‌یەکان‌دا مسۆگەر بکا؛ ئەم بەیان‌نامەیە «کۆمەڵە زمانی‌یەکان» بە بناخە وەردەگرێ،نەک «دەوڵەتەکان» و دەبێ ئەم بەیان‌نامەیە وەک ئامرازێک بۆ بەهێزکردنی ئەو دامودەزگا نێو دەوڵەتی‌یانە چاو لێ‌بکرێ کە دەتوانن گەشەکردنی وەکیەکو بەردەوامی هەموو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی مسۆگەر بکەن. هەر بۆیە یەکێک لە ئامانجەکانی ئەم بەیان‌نامەیە، پێکهێنانی چوارچێوەیەکی سیاسی بۆ جۆراوجۆریی زمانەکانە، کە بناخەکەی لەسەر ڕێزدانان، پێکەوەژیانی هاوتەریبو قازانجی بەرامبەری هەمووان دانرابێ».

لە بەیان‌نامەی جیهانیی مافە زمانی‌یەکان‌دا کە ٥٢ ماددەو چەند تێبینی لەخۆی دەگرێ مافی هەموو»کۆمەڵە زمانی‌یەکان» لە بەکارهێنانی زمانی زگماکی لە سەرجەم بووارەکانی ژیانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، پەروەردەیی‌و هی‌تردا بە ڕەسمی ناسراوەو هەرچەشنە کەندوکۆسپێک کە دەوڵەتان بیخەنە بەردەم بەکارهێنانی ئەو مافە سروشتی‌یە مەحکووم کراوە.



### زمانی زگماکی چیە؟

دەزانین کە مەبەست لە زمانی زگماکی ئەو زمانەیە کە مرۆڤ لەدایک‌وباب‌و خزم‌و کەس‌و دەوروبەری فێری دەبێ‌و لەسەری ڕادێ. بەڵام هێندێ‌جار ئەمە دەقاودەق دروست دەرناچێ. بۆ وێنە منداڵێک کە لەسەرخاکی باب‌وباپیرانی‌و لەنێو نەتەوەی خۆی‌دا لەدایک دەبێ‌و پێ‌دەگا، بەڵام دایکی لە نەتەوەیەکی دیکەیەو بە زمانێکی دیکە قسە دەکا، زمانەکەی دووڕونیزیک فڕی بەسەر زمانی دایکیەوە نیە. هەروەها بۆ منداڵێک کە لە وڵاتێکی بێگانە لە دایک دەبێ‌و بەخۆی‌دا دێ، بەکردەوە زمانی یەکەم، زمانی ئەوگەلەیە کە لەنێوی‌دا دەژی‌و دەگەڵ منداڵەکانی لە کۆڵان گەمە دەکاو لە قوتابخانە دەرس دەخوێنێ. بەوپێیە زمانەکەی لەجیاتی زمانی دایک‌وباب‌و کەس‌وکاری، زمانی نەتەوەیەکی دیکەیە. لەوەڕا دەگەینە ئەو ئاکامە کە ئەوەی لە بەیان‌نامەی جیهانیی مافە زمانی‌یەکان‌دا قسەی لێ‌کراوەو بەڕەسمی ناسراوە، زمانی کۆمەڵە ئینسانی‌یەکانە نەک زمانی تاکەکان.

### نەتەوەی کوردو زمانی زگماکی

شاراوە نیە کە سەدان ساڵە نەتەوەی کورد لەسەر خاکی باب‌و باپیرانی خۆی، واتە کوردستان دەرکی بەبوونی نەتەوەیی‌و کەسایەتیی نەتەوەیی خۆی کردوە. لەوکاتەوە تا ئێستا ئەم نەتەوەیە بە ڕێگای جۆراوجۆردا هەوڵی داوە ماف‌و ئازادی‌یە ڕەواکانی خۆی‌و یەک لەوان مافە زمانی‌یەکانی بەدەست بێنێ. بەڵام هەمووکاتێک هەوڵ‌و تێکۆشانی ئەم گەلە دەگەڵ دوژمنایەتیی دەوڵەتە دیکتاتۆرەکان لەلایەک‌و کارشکێنیی زلهێزە جیهانخۆرەکان لە لایەکی دیکەوە بەرەوڕوو بووە. دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستان‌دا نەکهەر ئامادە نەبوون کوردستان‌و کورد وەک وڵاتێک‌و نەتەوەیەکی سەربەخۆ بەڕەسمی بناسن، بەڵکوو لەجێدا حاشایان لە کەسایەتیی نەتەوەیی کورد کردوەو بە بەشێک لە فارس یان تەنانەت بەشێک لە تورک‌و عەرەبیشیان ناو بردوە.

ئەو حکوومەتە زۆردارانەی کوردستانیان لەنێو خۆیان‌دا دابەش کردوە، بە حاشالێکردن‌و قەدەغەکردنی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە ڕۆڵەکانی ئەم گەلە هێندێ جار هەوڵیان داوە جۆرێک سیاسەتی ژینۆساید، یان قەڵاچۆی نەتەوەیی دژی نەتەوەکەمان بەکار بەرن. زۆرمان نەگوتوە ئەگەر بڵێین ئەو جۆرە ئاسیمیلاسیۆن یان ژینۆسایدە نەتەوەیی‌یە لە ژینۆسایدی فیزیکیی نەتەوەیەک وێرانکەرترو مەترسیدارترە. چونکە لە ژینۆسایدی فیزیکیدا ئەوانەی دەکوژرێن، دەکوژرێن، بەڵام ئەوانەی دەمێننەوە، کەسایەتی‌و پێناسەی نەتەوەیی خۆیان دەپارێزن. بە پێچەوانە، لە ژینۆسایدی زمانی‌دا تەواوی ئەندامانی نەتەوەیەک پێناسەی نەتەوەیی‌و لە ئاکام‌دا هەستی نەتەوایەتیی خۆشیان لەدەست دەدەن.

با نمونەیەک هەر لەخۆمان بێنینەوە: دوژمنانی نەتەوەی کورد زۆرجار لەمێژوودا هەوڵیان داوە لە ڕێگای کوشتاری بەکۆمەڵەوە ئەم نەتەوەیە بتوێننەوە. کوشتارە بەربڵاوەکەی کورد لە تورکیاو چەند حاڵەت کوشتاری بەکۆمەڵ لە ئێران‌و ئەنفال‌و کیمیابارانی کورد لە عێراق چەند نموونەی بەرچاوی ئەم هەوڵانەن. کەچی دەبینین کە تەواوی ئەو کردەوە دژی‌ئینسانی‌یانە نەک هەر نەیان‌توانیوە ئامانجی بەڕێوەبەرانیان وەدی بێنن‌و کورد لەنێو بەرن، بەڵکوو ئاکامی پێچەوانەیان لێ‌کەوتۆتەوەو هەستی نەتەوایەتی‌و بیری ڕزگاری‌خوازی‌یان لەنێو کورددا زیاتر پەرە پێ‌داوە.

بەڵام چەند سەدە پێش ئەمانە شاکانی بنەماڵەی (گۆیا) بە ڕەگەز کوردی سەفەوی لە ئێران لە بەشێکی کوردستانی موکری‌دا سیاسەتی ژینۆسایدی مەزهەبی‌و زمانی‌یان بە دژی کوردەکانی ئەو بەشەی کوردستان بەکار هێنا. ئاکامەکەی ئەوە بوو کە پاشی سەد ساڵێک دانیشتووانی سوننی‌مەزهەبی ئەو بەشەی کوردستان لەباری مەزهەبی‌یەوە بوونە شیعەو لەباری نەتەوەیی‌یەوە بوونە تورک‌و ئەو بەشە لە خاکی کوردیش لە نەخشەی جوغرافیای کوردستان سڕایەوە.

پێداگریی نەتەوەی کورد لەسەر پاراستنی زمان‌و کولتوورو ناسنامەی خۆی، هەوڵی ناحەزانی کوردی بۆ سڕینەوەی ئەو ناسنامەیە پووچەڵ کردۆتەوە. تەنانەت خەباتی بەردەوام‌و نەپساوەی ئەم گەلە لە هێندێ بواردا جۆرە پاشەکشەیەکیشی بە سیاسەتی نکوولی‌کردنی دەوڵەتەکان لە بوونی کوردو پێناسە نەتەوەیی‌یەکەی کردوە. بەڵام ڕاستی‌یەکی تاڵە کە تا ئێستاش لە زوربەی زۆری پارچەکانی کوردستان‌دا بوونی کوردو مافە ڕەواکانی بەڕەسمی نەناسراوەو هەربۆیە ئێستاشی دەگەڵ بێ نیزیک بە سەدی‌هەشتای کوردەکان لە مافی بەکارهێنانی زمانی زگماکی بەتایبەتی لە بواری پەروەردو فێرکردن‌دا بەتەواوی بێ‌بەشن. تەنیا لە باشووری کوردستانە کە لە نیزیک بە سەدەیەک لەمەوبەرەوە مافی بەکارهێنانی زمانی کوردی بۆ گەلەکەمان بەڕەسمی ناسراوەو ئەوە بۆ دوو دەیەش دەچێ کە کوردی ئەم پارچەیەی کوردستان لەپاش دەیان‌ساڵ خەبات‌و قوربانی‌دان هەرنەبێ لە بەشێکی خاکەکەی‌دا بە مافە قانوونی‌یەکانی گەیشتوەو تەنانەت بە شێوەی دوفاکتۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆشی دامەزراندوە.

داخۆ لەم بەشەی کوردستان‌دا کەلکی تەواومان لەم دەرفەتە وەرگرتوە ؟

ئەوەی لە باشووری کوردستان بەدەست هاتوە، دەگەڵ ئەوەی هێندێ ئاڵوگۆڕی هەرێمی‌و جیهانییش ناڕاستەوخۆ شوێنەواریان لەسەر وەدی‌هاتنی داناوە، دەبێ بە بەرهەمی خەبات‌و تێکۆشانی کوردو دەسکەوتی خوێنی شەهیدان دابنرێ‌و هەربۆیەش لەسەر هەمووان بەتایبەتی دەسەڵاتدارانی ئەم بەشەیە کە قەدری بزانن‌و لەبیریان بێ کە چنرخێکی گرانی بۆ دراوەو چڕەنجێکی فەرهادی لەپێناودا کێشراوە. ئەو ڕاستی‌یەش قەت نابێ لەبەرچاو ون بێ کە بەرپرسانی ئەم ئەزموونە بەنرخە ئەرکێکی قورس‌و پیرۆزیان نەک‌هەر بەرامبەر بە نەوەی دواڕۆژی ئەم بەشە، بەڵکوو بەرامبەر بە کورد بەگشتی‌و لە هەموو پارچەکانی کوردستان‌دا لەسەر شانە.

وەک لەپێشەوە گوتمان باشووری کوردستان تەنیا پارچەی کوردستانە کە هەموو ئەو مافانەی بۆ بەڕەسمی ناسراون کە لە بەیان‌نامەی جیهانیی مافە زمانی‌یەکان‌دا هاتوون. بەپێی دەستوور کورد هەقی هەیە لە هەموو قۆناخەکانی خوێندن‌دا بە زمانی خۆی بخوێنێ، چاپەمەنی بە زمانی خۆی بڵاو بکاتەوە، لە ئیدارەو دادگاو بەکورتی لە هەموو بوارەکانی ژیان‌دا زمانەکەی خۆی بەکار بێنێ. بەڵام هەرچەند ئەوەی لەو زەمینەیەدا کراوە جێگەی شانازیی هەمووانە، بەداخەوە هێندێ کەلێنی زۆر گەورە هەن کە تائێستا پڕ نەکراونەوەو ئاسۆیەکی ڕوونیش بۆ پڕبوونەوەیان بەدی ناکرێ. با بە نموونەوە قسە بکەین:

ئێستاش کە ئێستایە بەشێک لە نامەگۆڕینەوەی نێوان دامودەزگاکانی حکوومەتی هەرێم‌و زۆر لە حوکمەکانی دادگا بەزمانی عەرەبی دەنووسرێن، ئێستاش ئەگەر بە ناوچە جۆراوجۆرەکانی هەرێمدا بگەڕێی‌و سەیری تابلۆی سەردەرانەی دامودەزگاکان‌و تابلۆکانی سەرجادە بکەی، هەست ناکەی لە وڵاتێکدا دەگەڕێی کە گەلەکەی هەموو مافە زمانی‌یەکانی بەڕەسمی ناسراون‌و بۆخۆی بڕیاردەری چارەنووسی خۆیەتی. زۆرجار دەبینی تابلۆکان بەزمانی عەرەبی نووسراون‌و ئەگەر کوردییشن، سەد ئاوات بۆ عەرەبی‌یەکە دەخوازی، دەچی لە بازاڕحاجەتێکی نێومال دەکڕی، کاتێک بە قەولی بازاڕ وەسڵت بۆ دەکەن دەبینی بە عەرەبی نووسراوە، ئەویش عەرەبی‌یەک کە هەر دوژمنت بی‌خوێنێتەوەو زۆر شتی دیکەش

لە قوتابخانەکانی هەرێمدا هەر نەبێ بە دوو شێوەزار دەرس دەخوێندرێ‌و هەوڵی ئەوە لەکاردایە کە خوێندن بە شێوەزاری دیکەش دەست پێ‌بکرێ، لەحاڵێکدا ئەوەی کۆمەڵگای جیهانی‌و بەڵگەنامەکان‌و یەک لەوان بەیان‌نامەی جیهانیی مافە زمانی یەکان بەڕەسمیی دەناسن خوێندن بە زمانی زگماکی‌یە نەک بە شێوەزاری شارو ناوچەو هی دیکە. هیچ نەتەوەیەک لەم جیهانەدا نابینرێ کە دوو زمانی خوێندن‌و نووسینی هەبێ. خۆ ئاشکراشە کە زۆربەی زۆری زمانەکان بەتایبەتی ئەو زمانانەی خەڵکێکی زۆر قسەیان پێ‌دەکەن خاوەنی شێوەزاری جۆراوجۆرن.

کەلێنێکی دیکە ئەو پاشاگەردانی‌یەیە کە لە زمانی نووسینی میدیاکان‌دا دێتە بەر چاو. لەوە گەڕێ کە تەنانەت لە تاقە یەک گۆڤار یان ڕۆژنامەدا چەند جۆرە ڕێنووس‌و ڕێزمانت بەرچاو دەکەون، تووشی وشەو زاراوەی ئەوتۆ دەبی کە لە قوتووی هیچ عەتارێکدا نای‌دۆزیەوە. وا دێتە بەرچاو کە هێندێ کەس لە نووسینی هەر بابەتێکدا بۆ وشەیەکی کوردی دامان، زەحمەت بەخۆیان نادەن لە دوو کەسی دیکە بپرسن بەرامبەری ئەم وشە عەرەبی، یان بێگانەیە لە کوردی‌دا چی‌یان پێ‌شک دێ. بەڵکوو یەکسەر شتێکی تازەکوورەی بۆ دادەتاشن‌و ئەگەر خێرخوایەکیش هەڵکەوێ بپرسێ بۆچی فڵانە وشەی ڕەسەنی کوردیتان بەکار نەهێناوە، خۆیان ناشکێنن‌و لەجیاتی ئەوەی بڵێن نەمان‌دەزانی، دەڵێن بابە ئەم وشانە ئیدی ئێکسپایەر بوون‌و لە مۆد کەوتوون.

کارەساتبارتر ئەوەیە کە دەبینین لەسایەی دەمارگرژیی ناوچەیی‌و زاراوەیی‌دا (لەخوای بەزیاد بێ) هەر جارە زمانێکی تازەمان بۆ پەیدا دەبێ. بەواتایەکی دیکە ئەگەر تا دوێنێ کۆلۆنیالیستەکان‌و دەوڵەتە دیکتاتۆرەکان بۆ قازانجی خۆیان کوردو کوردستانیان پارچەپارچە دەکرد ئەمڕۆ (کوردە حەیاتەکە) بەدەستی خۆی‌و بەزیانی دواڕۆژی خۆی‌و نەوەکانی، خەریکە گەل‌و نیشتمانەکەی دابەش‌دابەش دەکا. وەرن سەیری کەن هەر لەم بەشە ڕزگارەی کوردستان‌دا نەک ڕێنووس‌و ڕێزمان بەڵکوو زمان‌و ئەلفوبێ‌یەکەشمان یەک نیەو زۆریشمان ماوە باس لە زمانی ستاندارد یان زمانی یەکگرتووی ئەدەبی بکەین. کارەساتی هەرە گەورە ئەوەیە کە شارەزایان‌و مشوورخۆرانی هەرێمەکەشمان بەرامبەر بەو پرسە گرنگە نەتەوەیی‌یە بێ‌خەمن‌و کورد گوتەنی مێشکیان لێ میوان نیە.

خۆ کەس نیە نەزانێ کە وەختێک کوردستان لەنێو چوار وڵات‌دا دابەش کراوەو لە سێ پارچەشی‌دا دەرەتانی ڕەسمی بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی نەڕەخساوە، یەکخستنی زمانی کوردی بۆ هەموو کورد لە توانادا نیە، بەڵام خەسارێکی گەورەیە کە لە بەشە ئازادەکەی کوردستانیش‌دا ئەو پرسە گرنگە نەتەوەیی‌یە ئاوڕی لێ‌نادرێتەوە، لەکاتێکدا ئەوە دەتوانێ لەسەر دواڕۆژی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش کاریگەر بێ. ئارەزوو دەکەم هەم دەسەڵاتی کوردی‌و هەم دامودەزگا زانستی‌و فەرهەنگی‌یەکان بەزوویی لە غەمی چارەسەری ئەم پرسەدا بن‌و دواڕۆژی کورد لە مەترسیی پارچەپارچەبوون بپارێزن.

بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێن‌و کەلەبەرانە ئەگەر دەرفەت برەخسێ شارەزایانی ئەم بوارە دەتوانن زۆر ڕێگای دروست‌و زانستی پێشنیار بکەن، بەڵام هەوەک نموونەیەکی سەرەتایی دەتوانم ئەم سێ پێشنیارە بخەمە بەرچاو:

١-دانانی لیژنەیەک لە زمان‌زانان‌و زمان‌ناسان بۆ لێکۆڵینەوەی ڕێگاکانی دیاری‌کردنی زمانی ستاندارد یان زمانی یەکگرتووی کوردی،هەرنەبێ بۆ باشووری کوردستان‌و دانی پێشنیارێکی ڕوون بە پارلمانی کوردستان بۆ پەسندکردن‌و ئیمزاکردن لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوەو پاشان جێبەجێ‌کردنی لە هەموو بووارەکان‌دا.

٢-ساغ‌کردنەوەی ڕێنووسی کوردی بە بەشداریی شارەزایانی ئەم بووارەو بڵاوکردنەوەی هەم بەجیاو هەم لە تەواوی ڕۆژنامەکاندا. دوایەش دیاری‌کردنی بەرپرسێکی شارەزا لە هەموو بڵاوکراوەکان‌دا بۆئەوەی هەر نووسراوێک هاتە بەردەستیان ئەگەر ڕێنووسەکەی جیاواز بوو دەسکاریی بکەن.

٣-دیاری‌کردنی لیژنەیەکی لێزان بۆ وەرگێڕانی هەموو ئەو وشەو زاراونەی بێگانە کە هاتوون یان دێنە نێو زمانی کوردی‌و بەرامبەرێکی ڕوونیان لە کوردی‌دا نیە بۆ ئەوەی هەرکەس یان هەردەزگایەک لەلای خۆیەوە بەرامبەرێکی جیاوازیان بۆ دانەنێ. ئەمانە پێویستە هەر (...) مانگ جارێک لە نامیلکەیەک‌دا بڵاو بکرێنەوەو بخرێنە بەر چاوی هەمووان.

سروشتی‌یە کە هەمووی ئەمانە تەنیا ئەوکاتە دەتوانن جێ بگرن‌و «خێر بدەنەوە« کە دەسەڵاتی سیاسیی کورد پشتیان بگرێ‌و لێیان بپرسێتەوە.

سەروەران! زۆر سوپاس بۆ گوێ‌گرتنتان، ڕۆژی زمانی زگماکیتان لێ پیرۆز بێ‌و هەر خۆش بن.

کوردستان
ژمارە: ٦٠٣
١٥ی ڕەشەممەی ١٣٩١
٥ی مارسی ٢٠١٣



**عەزیز مەعروفی: لە کاتێکدا جۆرێک لە دانوستان لە گۆڕێ دان بەڵام توپ باران و ڕاکێت بارانەکانیش بۆ سەر پەکەکە درێژەیان هەیە. دیارە ئەو سیاسەتە کە سیاسەتی بانێک و دوو هەوای پێ دەڵێن، بە خۆڕایی و بە بێ مەبەست نییە. ئامانجی ڕاکێت بارانی بنکەکانی پەکەکە و لە لایەک دانیشتن لە گەڵ ئۆجەلان و لە لایەکی دیکەش پەراوێز خستنی بەدەپە لە چی دایە؟**

**ڕەحمان سەلیمی: سنە لەو ڕوویەوە بوو بە ناوەندی نارەزایەتییەکان کە لەوێدا هەم ژمارەی بەشداربووان بە تایبەتی کچان و کورانی گەنج زۆرتر بوو هەم داواکارییە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی ڕوونتر و ڕێکخراوتر هاتە ئاراوە**

# کۆسپەکانی پێش ئاشتیی ڕاستەقینە لە تورکیە



عەزیز مەعروفی

دوو مانگ لەوەپێش ڕەجەب تەیپ ئەردۆغان، سەرۆک وەزیرانی تورکیە، پەردەی لە سەر بوونی وتوویژ لە نێوان بەڕێز عەبدوڵا ئۆجەلان، سەرۆکی گیراوی پەکەکە و کاربەدەستانی میتی وڵاتەکەی هەڵدایەوە. هێندەی نەبرد هاتن و چوونەکان بۆ ئیمراڵی ڕووی ئاشکرا و ڕاستەقینەی بە خۆوە گرت و ڕەوتەکە بە « قۆناغی ئیمراڵی» ناوی دەرکرد. ئەو قۆناغە بۆتە دەسپێک بۆ سەقامگیریی ئاشتی و تەناهی و برانەوەی شەڕی خوێناویی ٣٠ ساڵە لە تورکیەیە.

قۆناغی ئیمراڵی کە بە درێژەی قۆناغی ئۆسلۆ، لێکدانەوەی بۆ دەکرێ، هەڵگری پەیامی تایبەت بە خۆیەتی. بۆ گەڕان بە دوای تروسکایی ئاشتی و برایەتی لە تورکیە، پێوستە ئاوڕ لە کۆسپ و لەمپەرەکانی پێش ئاشتی لەو وڵاتە بدەینەوە.

وەختێک باس لە چارەسەری کێشەی کورد دەکرێ، یانی باس لە کیشەی نەتەوەی کورد بە درێژایی چەند سەد ساڵ و بە تایبەت لە سەد ساڵی ڕابردوو لە پاش شەڕی یەکەمی جیهانی و تێکرووخانی ئیمپڕاتۆریی عوسمانی و داڕژتنەوەی کۆماری تورکیە وەک تورکیەی نوێ بە دەستی مستەفا کەماڵ دەکرێ، کە هەتا ئەمڕۆ بێ پسانەوە ئامانجی پەلامار و شالاوی خوێناویی حاکمانی دەوڵەتی تورک بووە. بە درێژایی سەد ساڵی ڕابردوو، کورد لەو بەشەی نیشتمانەکەمان، بە هەموو شێوەیەک حاشای لێکراوە، مێژووەکەی شێوێندراوە و فەوتێندراوە، زمانەکەی کە یەکێک لە زیندووترین و دەوڵەمەندترین زمانەکانە، زیاتر لە هەشتا ساڵ بە هەموو شیوەیەک قەدەغە کرابوو. دەرخستن و نواندنی داب و نەریتی کوردی دەرەتانی لێ بڕابوو و قەڵای پۆلایینی بە دەوردا کێشرابوو. لە بەرکردنی جلوبەرگی کوردی تاوانێکی نەبەخشراو بوو، ناوە کوردەییەکان مەگەر لە سینگی خەڵک دا، دەنا ئاسەواریشیان نەمابوو، گوند و دێهاتەکان ئەوەندەی بۆیان دەیاسووتا، دەسووتاند، دەنا وێرانیان دەکرد و خەڵکەکەیان بۆ شوێنێکی دوور لە زێد و نیشتمان بۆ شارەکانی کۆنیا، ئەفیۆن، ئیستانبوڵ، ئانکارا، بۆدوور،... ڕادەگوێست. بچووکترین گومانیان لە سەر کەسێک یان بە تایبەت گەورەی بنەماڵەیەک هەبا، بە ڕێگایەک لە ڕێگاکان بێسەرو شوێنیان دەکرد و ئەو جار بنەماڵەکەیان بۆ دووری دوور هەڵدەداشت. کوردستان لە باری ئابووری، ڕێگە و بان، قۆتابخانە، هاتوچۆ و پێڕاگەیشتن بە یەکجاری پشتگوێ خرابوو. هەوڵی چڕ وپڕ بۆ شێواندنی دیموگرافیی کوردستان و تێکدان و کاوڵ کردنی شوێنەوارە مێژووییەکان و بە تاڵانبردن و فەوتاندنیان دەدرا، تەنانەت کوردەکان دەبوو سزای جۆراوجۆریی ئایینیش بچێژن. گشت ئەمانە لە ژێر ناوی پاراستنی یەکیەتیی خاک و شەڕ لە گەڵ جیاوازیخوازی و تیرۆر دەکران. ئەم هەڵوێست و بۆچوونانە بە درێژایی کۆماری تورکیە، بوونەتە هۆی بیر و بۆچوونی نارەوا و ڕوانگەی هەڵەی دەسەڵاتدارانی تورکیە و چۆنیەتیی جووڵانەوەیان بەرامبەر بە کێشەی ڕەوای کورد و مافە سروشتییەکانی.


کورد لە پاش ڕووخانی ئیمپڕاتۆریی عوسمانی و، بە تایبەتی ساڵی ١٩٢٣ شانبە شانی تورک لە بنیاتنانەوەی کۆماری تورکیەدا، بەشدار بوو. بەڵێنی زۆر بە کورد درا، پەیمانی سێڤر ئیمزا کرا. زۆری نەبرد ئەو کۆمارە نوێیە، شێخ سەعیدی پیران و هاوڕییانی شەهید کردن، کۆمەڵکوژیی دەرسیمی کرد و و سەید ڕەزاشی شەهید کرد. کوشتارەکانی ڕابردوو، قەڵتوبڕەکانی دەوڵەتی، ٩٠ ساڵ پاکتاوی نەژادی، ئایینی و نەتەوەیی کارێکی نەکردوە، کورد وا بە ئاسانی متمانە بە دەوڵەت بکات. بۆیە نەبوونی متمانە یەکێک لە کۆسپەکانی سەر ڕێی ئاشتییە. خولقاندنی باوەڕ و مەتمانە زۆر گرینگە، چونکە کورد دەرسی لە مێژوو وەرگرتووە، ئاستەمە ئەو جار فێڵی لێ بکرێ.

حیزبی داد و گەشە پێدان ( ئاکەپە) لە ماوەی دە ساڵ دەسەڵات دا، هێندێک ئاوڕی لە کێشەی کورد داوەتەوە. کردنەوەی تەرەتە شەش، ڕێگە دان بە فێر بوونی زمانی دایک بە شیوەی وانەی هەڵبژاردە، تا ڕادەیەک لابردنی بەربەست لە سەر نێوە کوردییەکان، داننان بە بۆرە مافی بەرگریکردن بە زمانی دایک لە دادگاکانی تورکیەدا، ئەو هەنگاوانەن کە ئەو پارتە لە پارتەکانی پێش خۆی جیا دەکاتەوە. بەڵام لە پاڵ ئەمانەش دا: دانانی کۆسپ و لەمپەر لە پێش ئازادیی ڕادەربڕین بۆ نموونە گرتنی زیاتر لە حەفتا ڕۆژنامەنووس، گرتن و لە زیندانی کردنی زیاتر لە دە هەزار چالاکی سیاسی، سەرۆک شارەوانی و بەڕێوە بەر و ئەندام پارڵمانی بەدەپە، نیڵدان و گەرم داهینانی تەندووری شەڕ، قەدەغە کردنی بەڕیوە بردنی جێژنی نەورۆز، خۆ پێشاندان و بۆنە و چالاکیی سیاسی و جەماوەری، سووکایەتی و هەڕەشە و گوڕەشەی کەم وینە لە کورد و ڕێبەرانی سیاسی و یاسایی کوردیشی پەیڕەو کردوون.

ڕەجەب تەیب ئەردۆغان وەک سەرۆک وەزیری تورکیە لە سەرەتایی ساڵەکانی دەسەڵات دا قسەی جوانی کردن. جارێکیان گوتی: «کیشەی کورد هەیە و تەنانەت کیشەی منیشە»، زۆری نەبرد دەنگی پارتەکەی لە هەڵبژاردن دا، بە ٤٩٫٩٪ گەیشت. ئەو جار گوتی:» لە تورکیە کیشەی کورد نییە» تەنانەت چەند حەوتوو لەوەپێش گوتی: « کێشەیەک بە ناوی کیشەی کورد نییە و ئەمن باوەڕم بە کیشەیەکی ئەوتۆ نییە. بەڵکوو کێشەی تیرۆر هەیە». هەر ئەو ڕوانگە وای کرد کۆمەڵکوژیی ڕۆبۆسکی ڕوو بدات و لە ئانوساتێک دا ٣٤ کاروانچیی کورد شەهید بکرێن. پێ بە پێی « کرانەوەی کورد» لەساڵی ٢٠٠٩ دا، بەرەبەرە بەندیخانەکانیش لە ئازادیخوازان و تێکۆشەرانی کورد پڕ دەکران. ئەو جۆرە قسە و هەڵوێستانەی دواتری سەرۆک وەزیر قەت یارمەتیی بە ڕەوینەوەی ڕق و بوغز و هەستی تۆڵە ئەستاندنەوەی تورکەکان، سەبارەت بە کورد نەکرد. پاش ئەو هەوراز و نشێوە، پێوستە ناوبراو سەر لە نوێ، بچیتەوە سەر ڕێچکەی سیاسەتی پێشووی و لە سەر هەڵوێستی پێشووی بروا و کار بۆ ڕەواندنەوەی پەشیوی و ئاڵۆزی بکات.

لە لایەک لە گەڵ ئۆجەلان دادەنیشن و لە لایەکی دیکەش بەدەپە دەخەنە پەراوێز و هاوکات بنکەکانی پەکەکەش ڕاکیت باران دەکەن، ئەمەش هەوڵەکانی ئاشتی دەخنکێنێ. بڵێی مەبەست لە دانوستانەکان، بۆ چارەسەری کێشەی کورد و سەقامگیریی ئاشتی و تەناهی بێ؟ نەک تەنیا ئەوە، بەڵکو وەڕێ خستنی شەڕی ڕەوانی بە دژی کورد، هیواکانی بەردەم ئاشتی لە تورکیە زۆر کز دەکات.





دوو پارتەکەی ئۆپۆزسیۆنیش، پارتی گەلی کۆماری و پارتی نەتەوەپەرست، هیچ چەشنە باوەڕێکیان بە ئاشتی و مافی کورد نییە و خۆی لێ دەدەزنەوە. پارتی ڕەگەز پەرست لە سەر نەریتی جاران دەکوژێ و دەبڕێ و ئەگەرجۆگەڵەی خوێنیش وەڕێ بخا هێشتا بە وەفاداری بە کەماڵیزم و هەوڵێک بۆ ڕەوینەوەی مەترسیی لەتبوونی وڵات پاساوی دەداتەوە. ئەگەر ئەو پارتە لە سەر سیاسەتی دەیان ساڵەی دەوڵەتەکەی بەرامبەر بە کورد سوورە، ئەوە پارتی کۆمارییش، لە هەڵوێستی دژە کوردانە و قسەی لاوەکی واوەتر، هیچی بۆ کورد لە کیسە دا نییە. ڕوانینی ئەو دوو پارتەش لەمپەرێکی سەختی دیکە لەپێش ئاشتی تورکیە لە دایە.

نەک تەنیا پارتی دەسەڵاتدار، بەڵکو پێویستە هەموو پارتەکان لە پاڵ کوردەکان بە یەک دەنگ، بۆ تەخت کردنی کۆسپ و لەمپەرەکانی پێش ئاشتیی ڕاستەقینە و نەمر تێبکۆشن و، قۆڵ لە ڕادانی ئاستەنگ و کەند و لەندەکانی سەر ڕێیان هەڵماڵن و بوار بە تاقم و دەستەی شاراوە نەدەن کە ئەو پرۆسە نوێیە لە گەڵ شکست بەرەو ڕوو بکەن.

بە ڕوانین لە دێڕەکانی سەرەوە، دەبینین تاکو ئێستا کەسێک کە باوەڕی بە قووڵایی و ڕاستەقینە بوونی کێشەی کورد هەبێ و هاوکات هێز و توانای چارەسەکردنی ئەو کێشە مێژووییەی بە شێوەی ڕیشەیی هەبێ، هێشتا لەو وڵاتە هەڵنەکەوتوە. دەبێ کەسێکی ئەوتۆ هەڵ بکەوێ کە باوەڕی بە کڕۆک و چارەسەری ڕیشەیی کورد هەبێ و لە ڕاستیدا توانای بەرەوپێشبردنی ئامانج و هەڵوێستەکانیشی هەبێ و لەوەش گرینگتر کۆمەلگەی تورکیەی بۆ وەها ئاڵوگۆڕێکی قووڵ ئامادە کردبێز. سەرۆکوەزیرانی تورکیە، هەر وەک بە ڕاشکاوی توانا و دەسەڵاتی هینانە گۆڕی پرسی لە مێژینەی کوردی هەیە، پێویستە باوەڕ بە نێوەرۆک و قووڵایی کێشەی چەند سەد ساڵەی کورد بهێنێ و، هێز و دەسەڵاتی خۆی و پارتەکەی بۆ چارەسەری کێشەی ٢٠ میلیۆن کورد، وەگەڕ بخات. چ باشتر کە ئەو کێشەیە لە سەردەمی دەسەڵاتداریی ئەو و پارتەکەی دا چارەسەر بێت و شانازیی دەستپێکردنی سەردەمێکی نوێ لە هاوژیانیی کورد و تورک لەو وڵاتە بە ناوی ئەوەوە لە مێژوو دا تۆمار بکرێت.

لە درێژەی پرۆسەی قۆناغی ئاڵۆزو پڕ گرێ و گۆڵی ئیمراڵی دا هاوکێشەکان دەگۆڕێن و هیچ شتێک وەک پێش خۆی نامێنتەوە. بەرهەمی هاوکێشەکان بۆ لە دایکبوونی ئاشتیی نەمر و ڕاستەقینە، بەوەوە بەستراوەتەوە، ئاخۆ دەوڵەتی تورکیە چۆن دەتوانێ، کۆسپ و لەمپەرەکانی پێش ئاشتی ڕاماڵێ و باوەڕ و ئامانجەکانی بۆ چارەسەری کێشەی کورد و سەقامگیر بوونی ئاشتی، تەرخان بکات. ئەرکی هەنووکەیی دەوڵەتی تورکیە ئەوەیە هەوڵ بدا، کێشەی کورد و دۆزینەوەی ڕێگە چارە بۆی و دابین کردنی ئاشتیی ڕاستەقینە و نەمر بکات بە پرسی تێکڕای کۆمەڵگەی تورکیە بە هەموو نەتەوە و پارت و پێکهاتەکانییەوە.

# یادێک لە راپەڕینە جەماوەرییەکەی ١٣٧٧ی خەڵکی کوردستان



ڕەحمان سەلیمی

**وەرگێران بۆ کوردی: ڕێبوار مەعروف زادە**

چاوخشاندنێک بە سەر مێژووی خەباتی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و ئاماژەکردن بە خاڵە بەهێز و لاوازەکانی ئەو بزووتنەوەیە، یارمەتیمان دەدا تا هەڵسوکەتی خەباتگێرانە لە قۆناخی جیاجیادا هەڵبسەنگێنین. هەرچەند کە مەجالی گەڕانەوە بۆ رابردوو و ئاماژە بە تەواوی رەوتی مێژوویی خەبات لەو وتارەدا ناگونجێ، بەڵام بە کورتی ئاماژە بە قۆناخە گرینگەکانی چەند دەیەی رابڕدوو دەکەم و لەو دەلاقەوە جەخت لە سەر راپەرینی خەڵک لە زۆرێک لە شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە کۆتایی ڕێبەندان و سەرەتای رەشەمەی ١٣٧٧، بە هۆی گیرانی عەبدوللا ئوجەلان رێبەری کوردەکانی کوردستانی باکوور، دەکەم.

بە هۆی دروستبوونی بۆشایی دەسەڵات لە سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانی لە رۆژهەڵاتی کوردستان کە لەو کاتەدا کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد رێبەریی هزر و خواستی نەتەوەیی دەکرد، هەروەها لەژێر کاریگەریی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە کوردستانی باکوور، کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد دامەزرا. بۆ یەکەمجار لە مێژووی بزووتنەوە رزگاریخوازەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، کەسایەتییە روناکبیری، نەتەوەیی و تێکنۆکرات کە رێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان دەکرد حکوومەتێکی ناوچەییان پێک هێنا. نەتەوەی کورد لە بەشێک لە رۆهەلاتی کوردستان بووە خاوەنی دامەزراوە و رێبەرانی کۆمار سەرەڕای هەموو گرفت و لەمپەرەکان توانیان ئیرادەی گرووپی کوردەکان بە باشترین شێوە رێک بخەن و خزمەتێکی پڕبایەخ بە گەشەی هزری دادپەروەری و نەتەوەیی بکەن. بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی دەیەی ٢٠ی هەتاوی کە بەرچاوترین دەسکەوتی نەتەوەیی بۆ کوردەکانی رۆژهەڵاتی کورستانی بەدی هێنا، دەکرێ لە ریزی بزووتنەوە کۆمەلایەتییە مۆدێرنەکان لە قەڵەم بدەین. رەهەندی ئەقڵانی داواکارییەکانی ئەو بزووتنەوەیە کە بە شوێن ئامانجگەلێکی دیار و بەرهەست بوو بە سەر رەهەندی رۆمانتیکی ئەو، کە لە زۆربەی بزووتنەوەکانی کون دەبینرا، زال بوو. ئەو بابەتە بە تایبەتی لەو روویەوە گرینگە کە سەردەمی ئێدئۆلۆژییەکان و دوو جەمسەری بوونی جیهاندا روویدا. لە دوای ئەوەی کۆماری کوردستان بووە بو قوربانی بەرژەوەندییە نێوخۆیی و دەرەکییەکان و رووخا، شەپۆلێک لە دڵساردی هەموو کوردستانی گرتەوە. سالانێک کات پێویست بوو تا هەست و هزری نەتەوەیی توانی بۆ جارێکی دیکە خۆی رێک بخا و لە چوارچێوەی رێکخراوە سیاسی یەکاندا قۆناخێکی نوێ لە خەبات دەست پێ بکا.

شۆڕشی ١٣٥٧ دەرفەتێکی گونجاو بۆ هێنانەئارا و بەدواداچوون بۆ خواستە نەتەوەییەکانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بوو. هەر لەو پێوەندییەدا نوێنەرانی کورد هەوڵێکی زۆریان بۆ دەستەبەرکردنی ئەو مافانە دا، بەڵام بە هۆکارگەلێکی جیاواز بە تایبەتی بە هۆی دانپێدانەنانی رێبەرانی شۆڕش بە بوونی نەتەوەیەکی دیکە جێگە لە نەتەوەی فارس و مەزهەبێک جێگە لە مەزهەبی فارس، هەموو هەوڵە ئاشتیخوازانەکانی کورد بێ ئاکام مایەوە. بەڵام ئیرادەی نەتەوەیی خەلکی کوردستان لە بەرامبەر هێرشی چەکدارانەی تازە بە دەسەڵات گەیشتووەکان خۆڕاگری کرد و بۆ جارێکی دیکە خەیاڵی ئێرانی تەک نەتەوەیی و شۆڤینیزمی فارس ی کردە بلقی سەر ئاو. بەرخۆدانی هێزە سیاسییەکانی کورد و بە تایبەتی حیزبی دێموکرات و کۆمەلە کە بە هێرشە چریکییەکانی خۆیان پەلاماری کۆماری ئیسلامی یان دەدا و لە پشتیوانی خەڵک بەهرەمەند بوون، لە نیوەی دەیەی حەفتا بە هۆی گۆڕانکاری لە ناوچە و دروستبوونی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەربەرە راگیرا.

رەنگە لە دوای ئەو قۆناغەیە کە یەکێک لە ناچالاکترین دەورانی بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەستی پێ کرد. ئامادەنەبوونی هێزە سیاسییەکان و هەروەها داخرانی زیاتری فەزای سیاسی، کولتووری و مەدەنی لە نێو کوردستان، ئەو بەشەی کوردستانی خستە پەراوێزەوە و بە جۆرێک کۆماری ئیسلامی سەرکەوت لەوەی کە خۆی وەک براوە بناسێنێ. کەمپنشینی هێزە سیاسییە بە نفووز و بە ئەزموونەکانی کورستان و کەلێن تێکەوتن لە نێوان ئەوان و خەڵک، دڵساردییەکی بڵاو کردبووە کە چاوەروانی هیچ کردەوەیەکی جەماوەری بەرین نەدەکرا. لە دۆخێکی لەو چەشنەدا بوو کە گیرانی رێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان بە هۆی فیتنەگێرییەکی نێودەوڵەتی، سەرهەڵدانێکی بەرینی جەماوەری لێکەوتەوە و خەوی لە بەرپرسانی رێژیمی ئیسلامی تاراند. بڵاوبوونەوەی وێنەی دەستبەسەرکراوی ئوجەلان و نێشاندانی بێ دەرەتانی و بێ پشتیوانی گەلی کورد، دەرفەتێکی گونجاوی بۆ بە هێنانەئارای خواستە پەنگخواردووەکانی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان رەخساند. خەڵک لە زۆربەی شار و ناوچەکانی کوردستان رژانە سەر شەقام و بە نیشاندانی دووبارەی ئیرادەی گرووپی و نەتەوەیی خۆیان، لە لایەک هاوهەڵوێستی خۆیان لەگەڵ کوردەکانی باکووری کوردستان راگەیاند و لە لایەکی دیکە توورەیی و بێزاری پەنگخواردووی خۆیان لە زولم و تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی نیشان دا.

هەرچەند لە زۆربەی شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان نارەزایەتی جەماوەری بەرێوە چوو و هێندێک توونددوتیژیشی لێکەوتەوە، بەڵام لووتکەی ئەو راپەڕینە جەماوەرییە لە رۆژی سێی رەشەمەی ١٣٧٧ لە شاری سنە رووی دا. دیارە سنە لەو روویەوە بوو بە ناوەندی نارەزایەتییەکان کە لەوێدا هەم ژمارەی بەشداربووان بە تایبەتی کچان و کورانی گەنج زۆرتر بوو هەم داواکارییە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی روونتر و رێکخراوتر هاتە ئاراوە. لەو توندوتیژییانەی لە لایەن هێزە نیزامی و ئەمنییەتییەکانی رێژیم کە لە سێی رەشەمەدا رووی دا دەیان شارومەندی سنەیی دەستبەسەر، بریندار یان کوژران. رووداوی سێی رەشەمەی ١٣٧٧ کە کاریگەرییەکی گەورەی لە سەر شێوازی خەباتی جەماوەری لە رۆژهەڵاتی کوردستان و بە تایبەتی لە شاری سنە جێ هێشت، هەڵگری پەیامگەلێکی گرینگ بوو کە دەکرێ ئاماژە بەو خاڵانە بکەین :

١- کۆتایی خەباتی چەکدارانەی هێزە سیاسییەکانی کوردستان لە دەیەی هەفتا کە چەشنێک لە پاسیڤبوونی سیاسی لە رۆژهەڵاتی کوردستانی لێکەوتەوە، هەروەها بەڕێوەبردنی پیلانی یەک لە دوای یەکی رێژیم بۆ ئەوەی وا نیشاندان بدا کە ئیدی کوردەکان دەسەڵاتدارێتی کۆماری ئیسلامییان قبوول کردوە و بە تایبەتی گەورە شارێکی وەک سنە لە کولتووری ناوەندا تواتەوە و چیدیکە توانای پێکهێنانی بزووتنەوەیەکی نارەزایەتی بە دژی دەسەڵات نییە، ناراستی هەموو ئەو ئەگەر و بابەتانە لە دوای نارەزایەتی سێی رەشەمە بەرجەستە بووە. ئەو نارەزایەتییانە کە لە سەرەتادا تەنیا وەک هاودەردییەک لە باکووری کورستان دەرکەوت و دروشمەکانی لەو ئاراستەیەدا بوو، لە درێژەی خۆیدا بە تایبەتی لە شاری سنە بووە بە گۆڕەپانی بەرەنگاری دژی کۆماری ئیسلامی.

٢-ئەگەر هەر لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە ودواتر لە خەباتی چاکداری سالەکانی ٤٧-٤٦ و تەنانەت لە رەوتی خەباتی چەکداری دەیەی شەست و هەفتا، ناوچەی موکریان وەک ناوەندی مافخوازی و نەتەوەگەرایی لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە قەلەم دەدرا و هەمیشە شارەکانی باشووریتر و بە تایبەتی سنە لە پلەی دووهەمدا جێیان دەگرت، رووداوەکانی سێی رەشەمە بۆ هەمیشە کۆتایی بەو روانینە هێنا. زوربەی پیلانەکانی رێژیم لە شارە گەورەکانی کوردستان وەک کرماشان و سنە بەرێوە دەچێ و هەوڵ بۆ تواندنەوەی کولتووری ئەو شارانە هەولێکی دژەمرۆییە کە هەلگری رەهەندگەلێکی فاشیزمی نەتەوەیی و ئایینی حکوومەتی تاران بووە.

هەروەک چۆن نابێ پرسی نەتەوایەتی تەنیا بە خەمی نەتەوە زوڵملێکراوەکانی کۆمەڵگای ئێران دابنرێ و پێویستە بژاردەکانی سەر بە هەموو پێکهاتەکانی ئەو وڵاتە خۆیانی لێ بە بەرپرسیار بزانن، خەبات بۆ ماف و ئازادییەکانی ژنیش نابێ تەنیا بە ئەرکی ژنان دابنرێ.

پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

کوێستان فتووحی: هەرچەند بەداخەوە لەم چەند ساڵەی دواییدا هێندێک لە ژنان بۆ خۆدەربازکردن لە مەینەتییەکانی ژیان پەنا دەبەنە بەر خۆسووتاندن و خۆلەنێوبردن، کە ئەمە نەک ناوی نانرێ خەبات بەڵکوو ئەوپەڕی لاوازی و داماویی ئەو مرۆڤانە دەگەیەنێ. ئەو کردوەیە لە لای خەباتکاران و ئازادیخوازانەوە ناپەسند و مەحکوومە و نابێ ڕێگە بدرێ ئەم فەرهەنگە لە نێو ژناندا پەرە پێ بدرێ

# با هەموو ڕۆژەکانی ساڵ بکەینە ڕۆژی خەبات دژی ستەم و ناعەدالەتی

## (بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی ژنانەوە)



**کوێستان فتوحی**



٨ی مارس ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان، بیرهێنەرەوەی یەک سەدە خەباتی مافخوازانەی ژنانی جیهان بۆ گۆڕینی هەلومەرجی نادادپەروەرانەی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییە. ڕۆژی هاودڵی و هاوپێوەندیی ژنانی جیهان لە دژی نابەرابەرییەکانە. ڕۆژی وەئاگا هاتنەوەی هەموو ژنان و کچانێکە کە دیلی بیروبۆچوونە کۆنەپەرستانەکان و دابونەریت و یاسا پڕ لە هەڵاواردنەکانی وڵات و کۆمەڵگەی خۆیانن. ئەو ڕۆژە هەلێکی باشە بۆ هەموو ژنانی ستەم لێکراو تا داوا و خواستەکانیان جارێکی دیکە بێننەوە بەرباس و گوڕ و تینێکی دیکە بە خەباتەکەیان ببەخشنەوە. حاشاهەڵنەگرە کە دەستڕاگەیشتن بە ماف و ئازادییە ئینسانییەکان تەنیا لە ڕێگەی خەبات و تێکوشانی بێوچانەوە مسۆگەر دەبێ.

بێمانایە باس لە پێشکەوتن و پەرەسەندنی ئابووری، سیاسی و کەلتووریی هەر وڵاتێک بکرێ کەچی نیوەی کۆمەڵگەکەی لە تێکۆشانی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، ئازادانە بەشدار نەبێ، ڕوحی پیاوسالاری بە سەریدا زاڵ بێ و ژن تێیدا مافەکانی پێشێل بکرێ. هیچ بزووتنەوەیەکیش ناتوانێ ئیددیعای ڕزگارکردنی نەتەوەیەک بکا، بەڵام بایەخ بە ڕۆڵی ژن لە خەباتدا نەدا.

سەرەرای هەوڵی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ بە ڕەسمی ناسینی مافەکانی ژنان لە جیهاندا بەداخەوە هەتا ئێستاش لە زۆر وڵات و کۆمەڵگەی جۆراوجۆردا ستەم و ناحەقی بەرانبەر ژنان، هەر بەردەوامە. یەکێک لەو وڵاتانەی بە شێوەیەکی سیستماتیک و بەردەوام مافەکانی ژنانی تێدا پێشێل دەکرێ و ژن ڕووبەڕووی توندوتیژی و سووکایەتی و ستەم و ناعەدالەتیی حاکمییەت و کەلتووری پیاوسالاری بووەتەوە، وڵاتی ئێرانە.

هەڵاواردن و توندوتیژی لە دژی ژنان لە تایبەتمەندییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامین. ئەو ڕێژیمە کۆنەپەرست و دژی ژنە ، ٣٤ ساڵە بە بیانووی جۆراوجۆری وەک ڕەچاو نەکردنی ڕێوشوێنە ئیسلامییەکان، ژیانی لە ژنانی ئەم وڵاتە تاڵ کردوە. خومەینی دامەزرینەری کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی دەسەڵاتی دیکتاتۆرانەی خۆی‌دا شەڕی لە دژی ژنانی ئێران ڕاگەیاند کە ئێستاش ئەم شەڕە هەر بەردەوامە. ناوبراو ٨ی مارسی بە دیاردەیەکی ڕۆژئاوایی ناو برد و گوتی هیچ پێوەندییەکی بە ژنانی ئێرانەوە نییە. ڕۆژی ٨ی مارس بەرانبەر بە ١٧ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ (ڕۆژی جیهانیی ژنان)، خومەینی فەرمانی حیجابی زۆرەملیی دەرکرد. ناوبراو کە قسەی بۆ کۆمەڵێک لە ژنان دەکرد، گوتی« خانمەکان دەتوانن بچنە ئیدارەکان بەڵام بە حیجابەوە دەبێ بچن»!. ئەمە سەرەتای دەستپێکردنی سەرکوتی ژنان لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی تازەدا بوو. ئامانجی ئەو ڕێبەرە کۆنەپەرستە ئەوە بوو کە ڕۆحییەی ئازادیخوازانەی ژنانی ئێران هەر لە سەرەتاوە تێک بشکێنێ و پایەکانی حکوومەتە کۆنەپەرستەکەی قایمتر بکا. لێرە بەدواوە لە هەموو یاساو ڕێساکانیاندا ژنیان بە مرۆڤێکی پلەدوو دانا و بە یاسای پر لە هەڵاواردن نەک هەر پێوەندیی نێوان ڕەگەزی نێرو مێ بەڵکوو سەرتاپای کۆمەڵگەی ئێرانیان تووشی ناهاوسەنگی و شێوان کرد.

### لە ئێران خەباتی ژنان دژوارتر دەبێ

لە ماوەی ٣٤ ساڵی ڕابردوودا سەرکوتی ژنان یەکێک لە سەرەکیترین کارو بەرنامەکانی حاکمانی کۆماری ئیسلامی بووە. بەردەوام بەرنامە و گەڵاڵە لە بواری جۆراوجۆر لە بەرزترین پلەکانی حکوومەتی‌دا لە دژی ژنان هاتوونە بەرباس‌و بڕیار لەسەردان. ڕێژیم بە بەکارهێنانی ئەو جۆرە سیاسەتە، ویستوویەتی بە شێوەیەکی سیستماتیک‌و ڕێکخراو، ژنان بشکێنێ‌و بیانکاتە کۆیلە و، کۆمەڵگەی ئێران بگێڕێتەوە بۆ سەدەکانی نێوەڕاست. هەوڵی داوە ڕوانینێکی جنسییەتی لەکۆمەڵگەدا نەهادینە بکا کە بەداخەوە بمانەوێ و نەمانەوێ سیاسەتی هەڵاواردنی ڕەگەزی لە ڕێگای سیستمی پەروەردەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە، کاریگەریی لەسەر ژیانی بەشێکی زۆر لە مرۆڤەکانی ئەم وڵاتە داناوە. هەروەها بە هۆی تێکەڵکردنی تێگەیشتنی دواکەوتوانەیان لە ئایین و پێوەندییە کۆمەلایەتییەکان لە گەڵ یاسا و سیاسەت، ژنانیان تووشی ژیانێکی هەتا بڵێی تاڵ و ئازاراوی کردوە. زیندانی کردن و ئازاردانی ئازادیخوازان و چالاکانی ژنیش تەنیا بە تاوانی نارەزایەتی دەربرین بە دژی هەڵاواردنی جنسییەتی، بۆتە کارێکی ڕۆژانەی دەسەڵاتدارانی خۆسەپێن بە سەر ئێراندا. ژنان ڕۆژ نییە لەگەڵ یاسایەکی نوێ کە دژی مافی ئینسانی و ئازادی و کەرامەتی ئەوانە، ڕووبەڕوو نەبنەوە.

بەڵام سەرەرای ئەو هەموو سەرکوت‌و چەوسانەوە یاساییانە، ژنانی ئاگا و ئازای ئێران قەت لە خەبات‌و بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو یاساو کولتوورو سوننەتانە کە ئاخوندە دواکەوتووەکان بەسەر کۆمەڵگەی ئێرانیاندا سەپاندوە، غافڵ نەبوون. هەر لە یەکەم ڕۆژەکانەوە بە نارەزایەتی لە قسەکانی خومەینی زۆربەی ژنانی کارمەند لە چوون بۆسەر کار بە حیجابەوە خۆیان پاراست و لە دژی ئەم بڕیارە کۆنەپەرستانەیە خۆپیشاندانیان وەڕێ خست. بە هەزاران کەس لە ڕۆژی ٨ی مارسی هەمان ساڵدا لە دانشکەدەی فەننیی تاران کۆبوونەوە و ئەم ڕۆژەیان کردە ڕۆژی خۆپیشاندان لە دژی بڕیارەکەی خومەینی. ئەمە سەرەتای بەربەرەکانیی ژنانی ئاگاو وشیاری ئێران لە دژی ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی بوو. لەو کاتەوە بزووتنەوەی بەرابەریخوازی ژنان بەشێوەی جۆراوجۆر و لە سەنگەری جۆراوجۆرەوە هەوڵیان داوە ئەو ناهاوسەنگی‌و نابەرابەرییانەی بەسەر ژناندا سەپاوە، تێک بدەن و ژیانێکی ئینسانی بۆ خۆیان دابین بکەن. یەکێک لەو بوارانەی کە ژنان بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی خۆیان هاتوونەتە مەیدانەوە، بواری نووسین و کاری فەرهەنگی بووە، بە تایبەتی بە دامەزراندن‌و بەڕێوەبردنی سایت و وێبلاگ دەستیان کرد بە وەڕێخستنی بزووتنەوەیەکی گەورەی فەرهەنگی‌و لەو ماوەیەدا بەڕاستی ئەدەبیاتی ژنان پێشکەوتنێکی یەکجار زۆری بەخۆوە بینی‌و، ئاگایی ژنانیش تا ڕادەیەکی زۆر چووە سەرێ. لە ماوەی ئەو ساڵانەی دواییدا بە دەیان و سەدان سایت و وێبلاگ تایبەت بە مەسەلەو کێشەکانی ژنان لە کۆمەڵگای ئێراندا سەریان هەڵدا و لە ئاگاکردنەوەی ژنان لە سەر مافەکانیان نەخشێکی گرنگیان گێڕاوە. ژنان ئازایانە لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا، تواناکانی خۆیان دەرخستوەو سەرەرای ئەو هەموو کێشە و ئاستەنگەی خراوەتە سەر ڕێیان، بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەسەڵات و یاسا پڕلە هەڵاواردنەکانیان سڵیان لەو کۆسپانە نەکردوەتەوە و لە هەر دەرفەتێک کە بۆیان هەڵکەوتبێ شانبەشانی هەموو ئازادیخوازانی دیکە لە مەیداندا ئامادە بوون و لە ئازار و سووکایەتی و تەنانەت لە مەرگیش نەترساون. حاکمانی کۆنەپەرستیش کە فکرەن‌و زاتەن دوژمنایەتییان لەگەڵ پێشکەوتنی ژناندا هەیە، بە هەموو شێوەیەک کۆسپیان خستۆتە سەر ڕێیان‌و بەردەوام سانسۆریان خستۆتە سەر سایت‌و وێبلاگەکانیان‌و دایان خستوون و بەڕێوەبەران و نووسەرانیان ڕەوانەی زیندانەکان کردوون و تەنانەت حوکمی نارەوایان بەسەردا سەپاندون. بەخەیاڵی خۆیان پێیان وابووە پێشی ئەو بزووتنەوەیە دەگرن کە لەگەڵ هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە سەری هەڵداوەو بۆتە هۆی ئابڕووچوونی کۆماری ئیسلامی لە نێو کۆمەڵگەی جیهانی‌دا.

### خەباتی ژنان لە کوردستان

لە کوردستانیش ژنان لە دەست سیاسەتی پڕ لە هەڵاواردنی کۆماری ئیسلامی و کەلتووری دواکەوتوانەی ژن بەکەمگر کە کۆماری ئیسلامی هەمووکات پەرەپێدەری ئەم کەلتوورە بووە، وەزاڵە هاتوون. سەرەرای ئەوەش ژنانی کورد لە هاورەگەزەکانیان لە ئێراندا دوا نەکەوتوون و لە دوو سەنگەر دا هەم دژی سیاسەتی هەڵاواردنی ڕەگەزیی کۆماری ئیسلامی و بۆ دەرباز بوون لە ژیانی پڕ لە جیاوازی و چەوسانەوە و بەسووک چاولێکرانیان، هەم بۆ گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییەکانیان وێڕای پیاوانی ئازادیخوازی کورد خەباتیان کردوە و هیچ تەنگ و چەڵەمەیەک بەچۆکی دا نەهێناون. ئەوە ڕاستە کەلتووری کۆمەڵگەی کورد لە ڕابردوودا لە ژنی ویستوە بێدەنگ بێ و ئەو سنوورەی بۆی دانراوە نەیبەزێنێ، بەڵام ژنانی ئاگا ئەو سنوورەیان تێک شکاندوە و بێدەنگبوونیان نەکردۆتە پێشە. هەرچەند بەداخەوە لەم چەند ساڵەی دواییدا هێندێک لە ژنان بۆ خۆدەربازکردن لە مەینەتییەکانی ژیان پەنا دەنەنە بەر خۆسووتاندن و خۆلەنێوبردن، کە ئەمە نەک ناوی نانرێ خەبات بەڵکوو ئەوپەڕی لاوازیی و داماویی ئەو مرۆڤانە دەگەیەنێ. ئەو کردوەیە لە لای خەباتکاران و ئازادیخوازانەوە ناپەسند و مەحکوومە و نابێ ڕێگە بدرێ ئەم فەرهەنگە لە نێو ژناندا پەرە پێ بدرێ. لە جیاتی ئەوەی ستەم و چەوسانەوە و هەلاواردن، ناچارمان بکا چۆک دابدەین و پەنا بۆ خۆکوشتن ببەین، دەبی بەرەورووویان ببینەوە و ئێمە چۆک بەوان دابدەین.

دەبێ تێبکۆشین هەتا کاروانی خەباتی ژنان بۆ گەیشتن بە مافە ڕەواو ئینسانییەکانیان بگاتە ئامانج و چی دیکە شاهیدی ناعەدالەتی و بێمافییەکان لە وڵاتەکەی خۆماندا نەبین.

**درێژەی:**

## پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

# بەبۆنەی ٨ ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژن

**لە کۆمەڵگایەکی وەک ئێرانی ژێر حاکمییەتی کۆماری ئیسلامیدا کە هاووڵاتییان بەژن و پیاوەوە لە ئازادی بێبەشن و لەوەش زیاتر ژنانی کورد سەرباری بەندوبارە کۆمەڵایەتی و سیاسییە هەمەلاگیرەکان، قوربانیی ستەمێکی دیکەشن کە بریتییە لە ستەمی نەتەوایەتی، خەباتی عەدالەتخوازانەی ژنان سروشتی فرەڕەهەند و فرەبازنانەی خۆی بەباشترین شێوە وەردەگرێ و بەمچەشنە پۆتانسیەلێکی گونجاو بۆ پێکەوە گرێدانەوەی بازنە جیاوازەکانی خەباتی ئازادیخوازی لە خۆیدا مەڵۆ دەدا**

هەر لەو کاتەدا حاشای لێ ناکرێ کە وەزعییەتی ژنان لە وڵاتانی جۆربەجۆری جیهاندا و ئاستی پێشکەوتن و گەیشتنیان بە ماف و ئازادییەکانیان لەو وڵاتانەدا زۆر لێک جیاوازە. بۆ نموونە ئەگەر لە وڵاتانی دێموکڕاتیک و پێشکەوتوودا پرسی یەکسانیخوازی ئەمڕۆ بەشێوەیەکی سەرەکی لە جێگە و پێگەی ژن لە هەردوو بەستێنی نوێنەرایەتیی سیاسی و بواری کار و شوغڵی‌دا چڕ بۆتەوە، لە وڵاتانی ناسراو بە جیهانی سێهەم و دیکتاتۆرلێدراودا و یەک لەوان ئێران ژنان سەرەڕای چوونەسەری ئاستی هۆشیارییان و ڕابردووی بەشداریی چالاکانەیان لە بزووتنەوەی مافخوازانەدا هێشتا لە مافی ئینسانیی زۆر سەرەتایی خۆیان بێبەشن؛ لە مژارە هەرە سادەکانی ژیان ڕا بگرە کە دەکرێ ئازادیی جلوبەرگ بێ تا مەسەلەی هەرە گرینگی وەک پێکهێنانی ژیانی هاوبەش مافی هەڵبژاردن و بڕیاردانی سەربەستیان نییە؛ ئەمنییەتی جەستەییان بەردەوام لە مەترسیدایە؛ بەند و باری زۆر قورس و زاڵمانەی کۆمەڵایەتییان کە زۆر جار ئاکامی دڵتەزێن و قەرەبوونەکراوی لێ دەکەوێتەوە لەسەرە؛ لە بوار و دەرەتانی شیاوی پەروەردە و پێگەیشتن و دەرخستنی توانا و خەڵلاقییەتەکانیان بێبەش دەکرێن؛ میراتی نەریتیی لە پەڕاوێزخستن و بەکەمگرتنیان بەهۆی یاسا و هەڵسوکەوتی دامەزراوە دەوڵەتییەکانەوە نەهادینە دەکرێ و بە کورتی لە هەموو بوارەکانی ژیانی تاکەکەسی و ژیان لە کۆمەڵگا و بەشداریی سیاسیدا ماف و ئازادیەکانیان زەوت و بەرتەسک دەکرێتەوە.

ئەو واقیعە سەبارەت بە ژنانی کورد بە گشتی و ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هێندەی دیکەش ڕاستە. لە کۆمەڵگایەکی وەک ئێرانی ژێر حاکمییەتی کۆماری ئیسلامیدا کە هاووڵاتییان بەژن و پیاوەوە لە ئازادی بێبەشن و لەوەش زیاتر ژنانی کورد سەرباری بەندوبارە کۆمەڵایەتی و سیاسییە هەمەلاگیرەکان، قوربانیی ستەمێکی دیکەشن کە بریتییە لە ستەمی نەتەوایەتی، خەباتی عەدالەتخوازانەی ژنان سروشتی فرەڕەهەند و فرەبازنانەی خۆی بەباشترین شێوە وەردەگرێ و بەمچەشنە پۆتانسیەلێکی گونجاو بۆ پێکەوە گرێدانەوەی بازنە جیاوازەکانی خەباتی ئازادیخوازی لە خۆیدا مەڵۆ دەدا. هەر بەلەبەرچاوگرتنی بەستێنێکی ئەوتۆ لە زەوتکردنی مافەکان و خەبات بۆ وەدەستهێنانیشیانە کە ئەمڕۆ ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پشتگەرم بە ئەزموونی دەیان ساڵەی بەڕێوەبردن و بەشدارییان لە خەبات بۆ یەکسانی و دێموکڕاسی و مافی نەتەوەییدا لە ئاستە جۆربەجۆرەکاندا خەریکی تێکۆشان و خۆڕێکخستن و فراوانکردنەوەی ڕایەڵەکانی هاوخەباتین.

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وەک یەکەم ڕێکخراوی سیاسیی کورد کە هەر لەگەڵ دامەزرانی خۆی هەل و بواری پێکهاتن و تێکۆشانی ڕێکخراوی تایبەت بە ژنانی لە سێبەری خۆیدا پێکهێنا، خۆشحاڵە کە دەبینێ ئەمڕۆ ژنانی دێموکرات لەچوارچێوەی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان‌دا بە دەستپێشخەری و خەڵلاقییەتی خۆیان کەناڵە سەردەمییەکانی چالاکی و تێکۆشان تاقی دەکەنەوە و هەوڵ دەدەن ئەڵقە نوێیەکانی هاوپێوەندی و هاوخەباتی لە ئاستە جۆربەجۆرەکاندا لێک ببەستن.بێگومان تا نزیکبوونەوە لەو ئیدەئالە لە ماف و ئازادی کە ژنان بە گشتی و ژنانی کۆمەڵگای ئێمە شایانین ڕێگایەکی درێژ لەپێشە کە پێویستیی بە ئامراز و ڕێکاری چڕوپڕتر و هەوڵ و ئیرادەی هەردەم بەبڕشتتر هەیە.

بەڵام هەروەک چۆن نابێ پرسی نەتەوایەتی تەنیا بە خەمی نەتەوە زوڵملێکراوەکانی کۆمەڵگای ئێران دابنرێ و پێویستە بژاردەکانی سەر بە هەموو پێکهاتەکانی ئەو وڵاتە خۆیانی لێ بە بەرپرسیار بزانن، خەبات بۆ ماف و ئازادییەکانی ژنیش نابێ تەنیا بە ئەرکی ژنان دابنرێ و ڕێک لەبەر ئەوە کە بەختیاریی سەرجەم کۆمەڵگا لە گرەوی سەرکەوتنی خەباتێکی لەو چەشنە دایە پیاوانیش بە هەمان ئەندازە لێی بەرپرسن. شتێک کە پێشگیری لەوە ناکا کە هەروەک چۆن لەبواری مافی نەتەوەکاندا ئەوە پێش هەموو شتێک نەتەوەکان بۆخۆیانن کە دەبێ خۆیان پێناسە بکەن و گوزارش لە نیاز و مەرامەکانیان بکەن، لێرەشدا بەهەمان شێوە ئەوە خەون و ئیرادەی کۆمەڵە مرۆییە هەرە پێوەندیدارەکە واتە ژنان خۆیانن کە دەبێ بۆ بەرنامەڕێژی و هەنگاوهەڵێنانەوە لە مەیدانی خەباتی یەکسانیخوازیدا بە بنەما وەربگیرێ.

حیزبی ئێمە بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو ئەرکانە کە لەبواری پەرەپێدان بە جێگە و پێگە و داکۆکی لە مافەکانی ژن چ لە ڕیزەکانی خۆیدا و چ لەسەر ئاستی کۆمەڵگای ئێستا و ئایندەدا بۆخۆی داناوە، لە هەموو ئەو پێشوەچوون و گەشەسەندنانەی بزاڤی ژنانی کورد بەخۆیەوە دیوە خۆشحاڵە و جارێکی دیکە پشتیوانیی خۆی بۆ هەر چەشنە هەوڵ و هیممەتێک دەردەبڕێ کە بتوانێ بەشێوەیەکی جیددی و کارساز خەباتی ژنی کورد بە گشتی و خەباتی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی بگوازێتەوە بۆ فازێکی دیارتر و بەبەرهەمتر. بێگومان ڕەوتی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانیش دەتوانێ بوار و بەستێنێکی فراوانتر و بەرینتر بۆ خەباتی ژنانی کورد و ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکاتەوە.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی هەشتی مارس ڕۆژی جیهانیی ژن پیرۆزبایی ئەو ڕۆژە بە ژنانی جیهان بەگشتی و ژنانی کورد بەتایبەتی دەڵێ و ئارەزووی پێشکەوتن و سەرکەوتنی هەرچی زیاتر بۆ خەباتی ژنانی کوردستان و ئێران و سەرجەم بزاڤی یەکسانیخوازی دەکا.

**دەفتەری سیاسیی**
**حیزبی دێموکڕاتی**
**کوردستان**
**مارسی ٢٠١٣**
**(ڕەشەمەی ١٣٩١)**

**عومەر باڵەکی: ئەگەر سەرنجێک بدەینە ئامارەکان زیاتر ئەو ڕاستیەمان بۆ دەر دەکەوێ کە یاسا توندوتیژەکانی کۆماری ئیسلامی نەیتوانیوە پێشگیری بکا لە پەرە ئەستاندنی بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان**

**ئارەش لۆرستانی: پێویستە بوترێ ئەگەر لە سەرەتای شۆرشی ٥٧ یشدا تەکنۆلۆژیا و مێدیا ئەو برشتەی ئێستای هەبوایە، خەڵکی ئێران و کۆمەڵگە جیهانی باشتریان ئەو بەرپرسانە دەناسی و ئیدی ئێران بەم جۆرە نەدەکەوتە داوی ئایدیۆلۆژییە تاک ڕەهەندەکانی وەک سیستمی کۆماری ئیسلامی**

# سیاسەتی ئیعدام

# بۆ پێشگیری لە بڵاو بوونەوەی مادە هۆشبەرەکان



عومەر بالەکی

بەکارهێنانی مادە هۆشبەرکان لە کومەڵگای مرۆڤایەتی دا شتێک نیە تازە سەری هەڵدابێ. بۆ وێنە بە پێی هێندیک سەرچاوە بەشێک لە مادە سرکەرەکان بۆ سۆمەرییەکان و بابلیەکان و میسرییەکان لە ٥٠٠٠ سال لەوەپێش شتیکی ناسراو بووە و زیاتر وەک دەرمان لە ڕێورەسمە ئایینی‌یەکان دا بەکاریان هێناوە.

بەڵام بە تێپەربوونی زەمان و پەیدابوونی مادەی هۆشبەری دیکە ئەگەر سەردەمانیک ئەو مادە هۆشبەرانە عیلاج و شەفای نەخۆشییەکان بوون لە سەردەمی ئێستادا بوونەتە هۆکاری نەخۆشی مالویرانکەر و تێکدانی ڕایلکەی بنەماڵە و سەرئەنجام شێواندنی کۆمەڵگا.

لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا زۆر لەمێژە بە هەموو توانایانەوە بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو دیاردەیە دەکەن و لە بەربەرەکانیی خۆیاندا لەگەڵ بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان بەو ئاکامە گەیشتوون کە ئەودیاردەیە وەک نەخۆشیی کومەڵایەتی پێناسە بکەن و لە فکری چارەسەریدا بن، بەڵام لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دا وەک نەخۆشی چاوی لێ ناکرێ بەڵکوو وەک تاوان چاوی لێ دەکرێ و هەربۆیە لە سالی ١٣٥٨ بەم لاوە هەتا ئێستا یاساکانی کۆماری ئیسلامی بە هەموو توندوتیژییەکانیەوە نەیتوانیوە پێش بە پەرەگرتنی ئەو نەخۆشییە کۆمەڵایەتییە بگرێ و ڕۆژ بە ڕۆژ ئاماری تووش بوون بە مادەهۆشبەرەکان لە کۆمەڵگای ئێراندا روو لە زیادبوونە.

ئێستا لە سەردەمێک دا دەژیین کە هەوڵ دەدرێ موعتاد بە شێوەی جۆراوجۆری وەک «موعتاد مەحکوومە«، «موعتاد جیگای شک و گومانە«، «موعتاد جیگای باوەرنیە«، «موعتاد شێتە« و دەیان عینوان وناوی دیکە پێناسە بکرێ و بناسێندرێ بەو مەبەستە کە لەو ڕێگایەوە دزێوی و ناشیرینی موعتاد بوون و بەکارهێنانی مادە هۆشبەرکان نیشان بدرێ و هەتا بەو شێوەیە پێشگیری لە بڵاو بوونەوەی زیاتری مادە هۆشبەرەکان بکرێ و ئاوا مەزەندە دەکرێ ئەگەر ویست لە سەرمادە هۆشبەرەکان کەم بێتەوە لە ئاکام دا خستنە روو «عرضە«کەم دەبێتەوە.

بەڵام لەو ساڵانەی دوایی دا لە نێوان تویژەرانی بواری تاوانناسی و شێوەی بەربەرەکانی لەگەڵ تاوان ئەو باسە هاتۆتە گۆرێ کە ئایا یاساکانی بەربەرەکانی لەگەڵ مادە هۆشبەرەکان وەڵامدەر بوون یان نا؟ ئەگەر وەڵامدەر بوون، بۆچی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ڕادەی بە کارهێنانی مادە هۆشبەرەکان روو لە زیاد بوونە. ئاکام وەردەگرن کە یاساکان زیاد لە حەد توندوتیژن هەر ئەو توندوتیژییە وای کردوە کە دەستی قاچاغچی مادە هۆشبەرەکانی پترئاوەڵە کردوە بۆ بردنە سەری نرخی ئەو مادانە و کەسی بەکارهێنەری وا لێ کردوە بۆ پەیدا کردنی بەشە مەسرەفی خۆی تووشی تاوانی دیکەش بێت. بۆ وێنە لە سەرەتای سەدەی بیستمدا لە ئێران زۆربەی ئەو بنەماڵانەی خۆیان «تریاک»یان دەچاند مەسرەفیشیان دەکرد و لەو سەردەمەدا وەک نەخۆشی چاوی لێ دەکرا خەڵکێکی کەمتر روویان لە کێشان یا خواردنی دەکرد، بەڵام بەدوای قەدەغەکردنیدا کارێک کە دەیان ساڵ شتێکی سەرەتایی و ئاسایی دەهاتە بەرچاو بوو بە کردارێکی پێچەوانەی قانوون و هەر ئەوە بوو بە هۆی ئەوە کە بە کارهێنەرانی مادە هۆشبەرەکان. هەر وەک لە سەرەوە باسمان کرد ئەوجار لە ڕێگای نا قانوونییە وە بە دوای وەدەست هێنانی مادە هۆشبەرەکانەوە بن، چونکە بە پێی قانون بەرهەمهێنان و بڵاو کردنەوە و کەڵک لێ وەرگرتنی بە تاوان دەژمێرێ. هەر ئەوە وای کرد کە نرخی ئەو مادەیە بەشێوەیەکی سەرسورهێنەر چووە سەرێ و بوو بە هۆی گەشە کردنی بازرگانیی مادە هۆشبەرەکان، کە لە نێو دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیش دا زۆرن کە بە مەبەستی قازانجی مادی و سیاسی لەو هەلومەرجە کەڵکیان وەرگرتوە.

ئەگەر سەرنجێک بدەینە ئامارەکان زیاتر ئەو ڕاستیەمان بۆ دەر دەکەوێ کە یاسا توندوتیژەکانی کۆماری ئیسلامی نەیتوانیوە پێشگیری لە پەرە ئەستاندنی بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان بکا.

بە پێی ئامارەکان لەو کاتەوە کە یاسای قەدەغە کردنی مادە هۆشبەرەکان کەوتۆتە بواری جێبەجێ کردن بە شێوەیەکی سەرسورهێنەر تووشبووان بەمادە هۆشبەرەکان زیادی کردوە بۆنموونە: (٢٩٤١ کەس لە ساڵی ١٣٤٦)، (٢٨٢٨٦ کەس لە ساڵی ٦٦) و (٩٨هەزار کەس لە ساڵی ١٣٨١ .......)

هەر لە و پێوەندییە دا لە گەڵ چوونەسەری ژمارەی موعتادان، سزای ئیعدامیش لە پیوەندیی لەگەڵ مادە هۆشبەرەکاندا رووی لە زیادبوون کردوە. بۆ نموونە «٦٠ کەس لە ساڵی ١٣٥٨»،»نزیک بە ٤٠٠ کە لە ساڵی ١٣٥٩» و» نزیک بە ٦٠٠ کەس ١٣٦٣» ولە نێوان ساڵی ١٣٧٤ هە تا ١٣٨٤ ئەو ڕادەیە خۆی لە ٥٠٠٠ کەس نزیک کردۆتەوە کە بە هۆی قاچاغی مادە هۆشبەرەکان ئیعدام کراون و لەو ئامارانەرا بۆمان دەردەکەوێ کە ساڵ بە ساڵ ئیعدام بە ناوی قاچاغچی مادە هۆشبەرەکان رووی لە زیاد بۆونە بێ ئەوە کاریگەریی هەبێ لەسەر کەم بوونەوەی تووشبووان بەمادە هۆشبەرەکان و ئەو دیاردە دزێوو مالویرانکەرە.

دەوڵەت و سیستمی قەزایی کۆماری ئیسلامی نەهاتوون هۆکاری نەخۆشییەکە ببێتەوە و هەڵسەنگاندنی وردی بۆ بکەن و ڕیگا چارەی پێشگیری و بنبڕ کردنی بۆ بدۆزنەوە وبە دوای دا برۆن، هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری بەدانانی حاکمی شەرع و یاسای توندی شلاق لە پێش چاوی خەلک و سزای ئێعدام نەک پێشگیری پێ نەکراوە بەڵکوو ڕێخۆشکەر بووە بۆ پەرەگرتنی مادە هۆشبەرەکان. بۆ نمونە ئەگەر کۆمەلی میلیۆنیی موعتادەکانی ئێران ئیدعا بکەن کە پەنابردن بۆ مادە هوشبەرەکان ڕێگایەکە بۆ هەڵاتن لە دەست ئەو ئێش و ئازارە کە لە کومەلگادا تووشی بوون کە خولقینەری ئەو نەهامەتیانە خودی کوماری ئیسلامییە کە نەیتوانیوە بۆ کومەلگا بەگشیی و ئەو کومەڵە گەورە کە بە ناوی موعتادان ناسراون هەلی ژیانێکی سالم و بە ختەوەر برەخسێنێ وای کردوە کە لاوەکان لە بەر بێ کاری و بێ ئیمکاناتی و بێ داهاتوویی پەنا بەرەنە بەر مادە هۆشبەرەکان. ئەو کات وەڵام چ دەبێ.

بە پێی ئامارەکان زیاترلە ٢/٣ی زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی پرە لە کەسانیک کە یا مادە هۆشبەرەکان بەرهەم دێنن یا دابەشیان دەکەن یا بە کاریان دێنن و لێرە دایە کە دەبینین یاساکان بە تایبەتی یاسای ئێعدام نەی توانیوە کاریگەریی لە سەر کەم کردنەوەی بە کارهێنانی مادە هوشبەرەکان هەبێ.

سەرچاوە: کتێبی «جامعەشناسی انحرافات مسائل جمعیتی ایران»

مقالە: تأملی در مجازات مرگ و مبارز ناکام با قاچاغ مواد مخدر

# ئەحمەدی نژاد شوالیەی تاریکی



ئارەش لورستانی

وەرگێران بۆ کوردی: تەها ڕەحیمی

ئەحمەدینژاد ئەو شەوەیەیە کە لە سندووقەکەی ویلایەتی فەقیهەوە سەری وەدەر نا و بوو بە ئەکتەری سەرەکیی یەکێک لە پەردە تراژیکەکانی کۆماری ئیسلامی. ئەو کەسە گوماناوییە کە بە پێی چیرۆکەکە لە شانۆنامەی تاریکی بنئاژۆخوازی ئیسلامی کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ نەخشی چیرۆکی دڵخوازی کرێکارانی دەگێرا، لە نێوەڕاستی شانۆکەدا بەرەبەرە بە جۆرێک دیالۆگی دەقە دیاریکراوەکە دەگۆرێ کە دەبێتە هۆی سەرسامی و سەرسوڕمانی بینەران و حەبەسانی دەرهێنەر و ئەکتەر و ئەو کەسانەی دیکەی بەرێوەبەری شانۆ. ئێستاکەش کە لە پەردەی کۆتایی شانۆکە نزیک دەبینەوە، کۆمەڵێک پرسیاری بە مێشکدا دێن کە بلێی دوا پەردە چۆن تەواو ببێ و چارەنووسی ئەم ئەکتەرە ببێ بە چی؟ دیارە لەم نێوانەدا دەرهێنەریش لە بیری ئەوەدایە کە دەگەڵ بەلاڕێداچوونی شانۆکە لە ڕەوتی دڵخواز، بە چ شێوەیەک دەتوانێ نێوەرۆکی چیرۆکەکە بپارێزێ و سەرەڕای گۆڕانکارییەکان دیسان کەشەکە بگەڕێنێتەوە سەر دۆخی پێشوو.

ئەمە بە گشتی ڕوانینێکی ئەبستراکتە لە ئەحمەدینژاد و عەلی خامنەی، بەڵام وەڵامی پرسیاری «عاقیبەتی ئەحمەدینژاد؟» و هەروەها سەرسوڕمانی زۆربەی چالاکان و شرۆڤەکارانی سیاسی لە کار و کردەوەکانی ئەم دواییانەی ئەحمەدینژاد کە لە چوارچێوەی سیستمی کۆماری ئیسلامی دا نامۆن دەبێ قسەی لە سەربکرێ و لە هێندێک لە مێدیاکانی دەرەوەدا وەک مەتەڵێک باس لە ئاکارە دوور لە چاوەڕوانییەکانی ئەحمەدینژاد کراوە، ڕابردووی ٣٤ ساڵەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی بە ڕوونی نیشانی داوە چونکە پێناسە و باسوخواسە میتافیزیکییەکانی پێوەندیدار بە سیستمی کۆماری و ویلایەتی فەقیە لە لایەن توێژێکی تایبەتی دەزگای ئایین دۆزراونەتەوە و بەرهەم هاتوون بۆیە ئاراستە بەخشین و دیاریکردنی هێڵی گشتیی ئەو ڕەوتە بە گوێرەی ئامانج و مەبەستەکان و هەروەها هەلومەرجی بەرهەستی بەردەمی سیستم پێناسە و دیاری کراون و تەنانەت زۆربەی قانوونەکان بە شێوەیەکی (خلق الساعە) بە بێ هیچ گرنگیدانێکی کۆمەڵایەتی و تەنیا لە پێناو قازانج و بەرژەوەندی ویلایەتی فەقیە دا داڕێژراون. تاک ڕەهەندی و پاوان بوونی سیستمی حکوومەتی ئەمڕۆی ئێران، بۆتە هۆی ڕەخسانی بوار بۆ پێکهاتن و سەرهەڵدانی ناماقووڵترین بەرپرسان و ڕووداو و هەلومەرجی نالەباری ئەم ٣٤ ساڵەی ڕابردوو هەر قۆناخەی پێویستیی بە ئەکتەری تایبەتی خۆی هەبووە.

ئەبولحەسنی بەنی سەدر، محەمەدعەلی ڕەجایی، عەلی خامنەیی، ئەکبەری هاشمی، محەمەد خاتەمی و مەحموودی ئەحمەدینژاد سەرکۆمارەکانی تەمەنی کۆماری ئیسلامی بوون کە خوێندنەوە و تاوتوێی ژیاننامە و چالاکییەکانیان ئاڵۆزی و گومانێکی زۆر هەڵدەگرن. هەر چەند لە چەرخی خێرایی نزیکتر دەبینەوە، بە ئامرازی بەهێزی میدیا، ناسینی تاکەکان دروستتر و ژیرانەتر بووە، هەروەها پێوەرە سیاسی و فەرهەنگی و توانایی هەڵسەنگاندن لە هەزارەی سێیەمدا ڕێگەی بۆ شرۆڤەکاران و خەڵک خۆشتر کردوە.

مەحموود ئەحمەدینژاد بە هۆی ئەوەی سەردەمەکەی هاوکات بووە لەگەڵ شۆڕشی ئینتێرنێت و فەرهەنگی زانیاری گەیاندن لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی دا، لە سەرکۆمارەکانی دیکە زیاتر ئاکار و کردارەکانی تۆمار کراوە، بە جۆرێک کە تەنانەت لێدوان و قسە تایبەتە هەڵخەڵەتێنەرەکانی وەک خەرمانەی نوورەکەی کە بۆ ڕاکێشانی پشتیوانی هێندێک لە رووما ئایینییەکان دایڕشتبوو، ئێستا وەک کلیپ بڵاو کراوەتەوە کە دواتر ناچار بوو حاشای لێ بکا. پێویستە بوترێ ئەگەر لە سەرەتای شۆڕشی ٥٧ یشدا تەکنۆلۆژیا و مێدیا ئەو بڕشتەی ئێستای هەبوایە، خەڵکی ئێران و کۆمەڵگەی جیهانی باشتریان ئەو بەرپرسانە دەناسی و ئیدی ئێران بەم جۆرە نەدەکەوتە داوی ئایدیۆلۆژییە تاک ڕەهەندەکانی وەک سیستمی کۆماری ئیسلامی.

ناسین (زانین) گەورەترین هۆکاری پێشکەوتنی کۆمەڵگەیە. دوای ٨ ساڵ شەڕ و کۆتایی هاتنی سەردەمی ڕەفسەنجانی، ڕەوتی ناسراو بە ئیسلاحات بە دروستی تێگەیشتن کە خەڵکی ئێران دوای دوو دەیە گوشار و ناخۆشی دوو بەرانبەر و هەروەها کێشانی تێچووی قورسی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەبێ خێراتر بەرەو فاکتۆرەکانی ئازادی، خۆشبژێوی و دادپەروەری هەنگاو بنێ و سنووری هەڵبژاردن بەرەو گرنگیدان و ڕێز گرتن لەو چەمکانەی باس کران کشاوە، بۆیە محەمەد خاتەمی بە دروشمی چاکسازییەوە وەک سەرکۆمار دەست بە کار بوو، بەڵام سیستمی ویلایەتی فەقیە سەرسەختانە لە بەرانبەر چاکسازییەکانیدا دژکردەوەی لە خۆی نیشان دا و، بە ڕووداوەکانی وەک کوی دانیشگا و قەتڵە زەنجیرەییەکان، چاکسازیشی پاوان کرد، بەڵام خاڵی گرنگی ڕەوتی ئیسلاحات، پشتیوانی و پێڕەوی ئیسلاحتەڵەبان لە قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی بوو کە بە گوێرەی ئەو قانوونەش لادانێک لە گۆڕێدا نییە و ئیسلاحتەڵەبەکان هەر پوتانسییەلی کۆماری ئیسلامین بەڵام دیکتاتۆری و تۆتالیتەری وەلی فەقیە لە هەموو تەمەنی کۆماری ئیسلامی دا هیچ کات گوێی بە قانوونە سەقەت و تەنانەت نیو بەندی قانوونی بنەڕەتی نەبزواوە و نابزوێ. کۆمەڵگەی ئێران کە هیوای لە ئیسلاح و ریفۆڕم لە کۆماری ئیسلامی دا بڕابوو و هیچ دەرفەتێکی بۆ گۆڕانی بەدی نەدەکرد بە قووڵکردنەوەی دژایەتییەکانی خۆی، ڕێژیمی نادیموکراتیکی کۆماری ئیسلامیی ناچار کرد بۆ پاراستنی دەسەڵاتە نگریسەکەی دژکردەوە لە خۆی نیشان دا و وەلی فەقیە هانای بردە بەر هێزە سەربازی و ئیتلاعاتییەکانی و بۆ کۆنترۆڵی ڕەوشی وڵات کاندیدای نەناسراوی خۆی بە دروشمی دادپەروەری و خۆشبژێوە هێنایە مەیدان. بە شێوەی فەرمی چارشێو لە سەر ئەحمەدینژاد



لادرا و مەحموود وەک بووکەڵەیەکی قورمیشکراو یا ڕوباتێک خەریکی جێبەجێ کردن و ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکانە بوو کە لە لایەن وەلی فەقیهەوە بۆی دەسنیشان دەکرا.

خولی یەکەمی سەرکۆماریی ئەحمەدینژاد بە ئامانجی دابەزاندنی ئابووریی خەڵک و هێرشی بەربڵاوی فەرهەنگی دڵخوازی ڕێبەری بۆ سەر خەڵک و هەروەها بەهێزکردن و گرژکردنی هێزە سەربازییەکان و، سیخۆری و ئیتلاعاتی، پشتیوانی لە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان بۆ گوشار خستنە سەر کۆمەڵگەی جیهانی و بەردەوامی لە پیتاندنی ئۆرانیۆم، تایبەتی کردنی ئابووری بە مەبەستی ئاسان گوازتنەوەی سەرچاوە داراییەکان بۆ ژێر دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیە، زۆر بە وردی جێبەجێ کران و ئەحمەدینژاد بوو بەو یارییپێکەرە خۆشەویستەی خامنەیی کە ناوبراو زۆرترین تێچوو و ئابرووچوونی بۆ پاراستنی ئەحمەدی نەژاد قبووڵ کرد. کارەساتی پاش هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ٨٨ کە بوو بە هۆی بەئاشکرا دانانەوەی ئەحمەدینژاد بە سەرکۆمار بوو کە زیاتر تووڕەیی خەڵکی لێکەوتەوە و کۆماری ئیسلامی خستە قەیراناویترین قۆناخەکانی تەمەنی.

ئەحمەدینژاد کە ساڵانی پێشتری لە پەراوێزی دەسەڵاتدا بردبووە سەر و سەرەڕای هەموو خۆشخزمەتییەکانی بە کۆماری ئیسلامی شایەد و بینەری چارەنووسی هاوڕێیانی پێشووی ئەو سیستمە واتە مووسەوی، کەڕووبی، خاتەمی، ڕەفسەنجانی، شاهرودی و ... بوو و هەروەها ئەو دەسەڵاتە زۆرەی لە پێگەی سەرکۆماری دا پێی بەخشرابوو، کاتێک بینی دوای ئەو هەمووە ساڵ گوێڕایەڵییەی بۆ وەلی فەقیە داهاتووی سیاسیی لێڵ و ناڕوونە و لەم لایەشەوە حەزو خۆشەویستی و کەڵکەڵەی دەسەڵاتی بێ سنووری کە تەنیا لە بەرامبەر وەلی فەقیە دا وەڵامدەر بوو، هەوڵی دا لەو قاوخی بووکەڵە شووشەییە بێ ئازارە دەربچێ و ببێ بە شوالییەیەک لە تاریکی کۆماری ئیسلامیدا بۆ ڕێبەر و، تاقە ڕێبەر و ئەربابەکەی خۆی پەراوێز بخا.

چاوخشاندنێک بە سەر هێندێک کار و کردەوە و ڕووداوەکانی سەردەمی ئەحمەدینژاددا بەڕوونی ترس و پاشەکشەی ڕێبەر و هاوباندەکانی لە بەرانبەر ئەحمەدینژاد و هاوڕێیانی دا دەردەخا. بڵاوکردنەوەی ئاماری نادروست و دوور لە ڕاستی لەسەر هەلومەرج و دەرفەتەکان و قەیرانەکانی وڵات، گەورەترین و قەبەترین پەروەندەی گەندەڵی دارایی و ڕانتخۆریی سەردەمی مودێرنی ئێران کە تا ئێستا ئاشکرا بووە، گرژترین کەشی نیزامی و ئەمنییەتیی وڵات، زۆرترین ئاماری هەژاری لە ئاستی وڵاتدا، هەڵاوسان و بێکاری، زۆرترین ئاماری دەسبەسەرکردن و گرتن و ئەشکەنجە و ئێعدام، کارەساتی کەهریزەک، پیتاندنی ناوکی بە بێ چاوەدێریی فەرمی و وردی چاوەدێرانی نێونەتەوەیی، سەفەر و سەردانی لەرادەبەدەر لە پارێزگاکان بە مەبەستی خەڵەتاندن و دیماگۆژی و لێکدانەوەی وردی دەرفەتەکانی پارێزگاکان لە پێناو قازانج و سوودوەرگرتن لە بەرژەوەندی گرووپێکی تایبەت، گەڵاڵەی ئامانجدارکردنی سوبسیدەکان کە بناخەی ئابووریی نادروستی دەوڵەتی گۆڕی و گوشارە ئابوورییەکانی سەر خەڵک بەوپەڕی خۆی گەیشت، سەردانە نێونەتەوەییەکان کە بە تەواوەتی ڕوخسار و ڕوومای ئێرانی لە بیروڕای جیهانییەکاندا، نەرێنیتر و ناشیرینتر لە قۆناخەکانی پێشووتری تەمەنی کۆماری ئیسلامی کرد، ئەدەبیات و فەرهەنگی نابەرپرسیارانەی بەرپرسانی سیستم کە نیشانەی وەحشیبوون و خوڵیایی بوونی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییە، لەقاودانی ئامانجدار لە پەرلەمان و هێندێک لەقاودانی تایبەتی بۆ ڕووخاندنی زیاتری دژبەرانی نێوخۆی سیستم، پڕۆپاگەندە و برەودان بە مەهدەوییەتی تایبەت کە تەنانەت بوو بە هۆی ناڕەزایەتی دەربڕینی باوەڕپێکراوانی سیستم، بەرزترین ئاماری لە سەر کار لابردن و دانانەوەی وەزیرەکان و هەروەها ئاشکرا بوونی بڕوانامەی ساختەی بەڕێوەبەران و وەزیرەکان، کەمتەرخەم بوون و بە هێند نەگرتنی کارەسات و ڕووداوەکانی وڵات بە تایبەت بوومەلەرزەی ئازەربایجان و ئاگرکەوتنەوە لە قوتابخانەی شیناوێ و ..... دیارە زۆربەی ئەو کارانە بە ئاگاداریی ڕێبەری و زۆربەشیان بە مەبەستی زەبردان لە خامنەیی ڕێکخراون.

ئەگەر دیسان بگەڕێینەوە سەر ژینگەی ئەبستراکتی شانۆکەی کۆماری ئیسلامی، چونکی ئەحمەدینژاد وەک ئەکتەری سەرەکیی ئەو پەردەیە لە شانۆکە لە نێوان ئەکتەر و دەورگێراندا ڕۆڵ دەگێڕێ، ئەمجارە سەرەڕای ئەو زەبرانەی لە پەیکەری خەڵکی دەدا، زەبر و خەسارێکی زۆریش بە دەرهێنەری شانۆ و ئەکتەرە سەرەکییەکانی دیکە دەگەیەنێ، بە جۆرێک کە لە ئەگەری مانەوەی زیاتری ئەحمەدینژاد لە پەردەکانی دیکەی شانۆدا وەک ئەکتەرێکی سەرەکی، ئەگەر دەگەڵ ڕێبەر لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتنی نەبێ، ئەو شوالیەی تاریکی، ئەو پوتانسییەل و هێزەی هەیە کە ڕەوتی دارمانی سیستمی شانۆیی وەلی فەقیە بە دەستی خەڵک خێراتر بکا و تەنانەت ئەگەر دەگەڵ خامنەییش ڕێک بکەوێ، کارەساتەکانی ئەم ٨ ساڵەی ڕابردوو هیچ ڕێگەیەکی نەهێشتۆتەوە کە خەڵک وەلی فەقیە و ئەحمەدینژاد و کاربەدەستانی دیکەی کۆماری ئیسلامی ببەخشن.

**دوو ساڵی یەکەمی دوای سووتان ناخۆشترین، دژوارترین‌و هەستیارترین ڕۆژەکانی ژیانی ئەو منداڵانەیە. ئەو کچانە لە مانگەکانی داهاتوودا وردە وردە لە بارودۆخی تایبەتیی خۆیان تێدەگەن‌و ئیدی لەو کاتەوە بەرگەگرتن لەبەرامبەر ئەو بارودۆخەو هەوڵدان و تێکۆشان بۆ زاڵبوون بەسەر کێشەکانی بەردەمیان، بۆ خۆیان‌و کەسانی دەوروبەریان دەست پێ دەکاو ئەو کاتەیە کە گرینگیی پشتیوانیی کۆمەڵایەتی‌و ڕوحی لەوان پتر لە هەموو کاتێک خۆ دەردەخا**

**ئەوەی ئەمڕۆکە منداڵانی شیناوێ پێویستییان پێیەتی، هەر تەنیا یارمەتیی ماڵی‌و پێدانی مافی بیمەو کردەوەی خەڵک هەڵخەڵەتێنی کاربەدەستان نیە، ئەگەر بەڕاستی کاربەدەستانی ئێران خەمی ژیان‌و داهاتووی ئەو کچانە دەخۆن، ئیمکاناتی دەسڕاگەشتنی ئەوان‌و بنەماڵەکانیان بە پسپۆڕانی جۆراوجۆری جەڕاحەکانی جوانکاری، دەروونناسەکان و فیزیۆتراپ و تواناسازەکان دابین بکەن‌و بە دابینکردنی ئەو ئیمکاناتە لە ئێستاوە سلامەتیی جەستەیی‌و ڕووحیی ئەوان دەستەبەر بکەن تا لە داهاتوودا بەرەوڕووی کەمترین خەسارو زیان ببنەوە**

# چۆنیەتیی مەڵهەمی زامی منالە سووتاوەکانی شیناوێ

سێ مانگ لەوە پێش‌و لە ڕۆژی ١٥ ی سەرماوەزدا بەهۆی ئاگرگرتنی سۆبەی نەوتیی پۆلێکی قوتابخانەی سەرەتایی شیناوێ لە پیرانشار، ٣٧ کچە قوتابی سووتان، کە ڕێژەی سووتانەکانیان لە نێوان سەدی ١٠ تا سەدی ٦٠ بوو.

چەند ڕۆژێک دوای ئەو ڕووداوە سەیران یەگانەو ساریا ڕەسووڵزادە، دوو لەو قوتابییە سووتاوانە بەهۆی سەختیی برینەکانیان گیانیان لە دەست داو منداڵە سووتاوەکانی دیکەش ئێستاش کەم‌و زۆر و بەشێوەی جۆراوجۆر لەگەڵ ژان‌و ئازارەکانی برینەکانیان هەڵ دەکەن‌و پێوشوێنی چارەسەری کەوتوون.

ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە نە گنجێکی خستە نێوچاوانی کاربەدەستێکی کۆماری ئیسلامی‌و نە هەموو هەوڵێک بۆ چارەسەریی پێویستی برینداره‌کان دران، هەڵەکان‌و داواکانیش بۆ ئیستیزاحی وەزیری پەروەردەو فێرکردن بێ ئاکام و مانەوەو پشتگوێ خران.

ئێستاش لەبەرەبەری هاتنی نەورۆزو ساڵی نوێدا هەواڵەکان باس لەوە دەکەن کە کیژۆڵە سووتاوەکانی شیناوێ‌یان بۆ سەیران و گەڕان بردۆتە شاری ئیسفەهان، وێنە بڵاوبووەکانیش ئەو منداڵانە لە سەر تەخت و مێزەکانی هۆتێل لە تەنیشت دایکیان پیشان دەدەن، لە حاڵێکدا ئاسەوارەکانی ئەو کارەساتە لە سەر دەم‌و چاوو ڕوخساریان هاواری بەزی بێ دەسەڵاتین. بێ‌و نەبێ ئەو بردنە سەیران‌و گەڕانەش داهێنانی وەزیری پەروەردەو فێرکردنە. هەر ئەو بەڕێزەی! تەنیا چەند ڕۆژ دوای ئەو ڕووداوە ڕایگەیاند کە هەموو شتێک ئاسایی‌یەو منداڵەکانیش تا چەند ڕۆژێکی دیکە دەگەڕێنەوە باوەشی قوتابخانەو بنەماڵەکانیان. دەبێ وەزیر ئەوەی زانیبێ کە دوو کەس لەوان، «ساریا» و«سەیران» قەتیان قسەکانی ئەو نەبیست؟ بڵێی زانیبێتی کە پۆلێکی دیکە لە دەستەخوشکەکانی ساریا و سەیران ئاستی سووتانەکانیان ئەوەندە زۆرە کە دەبێ تا مردن بە ئازارو دەرەنجامەکانی ئەو ڕووداوەوە بتلێنەوە؟

لە قسان دەوڵەت حیسابێکی بانکیی بۆ ئەو منداڵانە کردۆتەوەو وا قەرارە ئەگەر ئەو منداڵانە گەورە بوون، بتوانن پووڵ لە حیسابەکانیان بکێشنە دەرێ. لە هەواڵەکانیشدا باس لەوە کرابوو بیمەی « ایران»یش بڕی ٥٠ میلیۆن تمەنی بە هەر کام لەو بنەماڵانە داوە و لە ڕێورەسمێکی پرشکۆدا! ئەو پووڵە بە دایک‌و باوکی ئەو منداڵانە دراوە و دەبێ چەندەشیان وێنەی یادگاری‌و فیلم لێ هەڵگرتبێتەوە تا بەرپرسان‌و کاربەدەستانی ئێستاو داهاتووی وڵات بە قازانجی خۆیان دەکاریان بکەن.

لەوانەشە چەند ڕۆژ دواتر بنەماڵەی داماوی ئەو منداڵانە ئەو پووڵانە هەڵ گرن و لە دەردێکی ژیانی ژاکاوی خۆیانی بدەن، بەڵام لەو نێوەدا ئەوانەی لەبیر دەچنەوە، هەر منداڵە سووتاوەکانی قوتابخانەکەی گوندی شیناوێی پیرانشارن.

وەرن با وای دابنێین کە بەرپرسانی پێوەندیدار هەر نەبێ لەوەیان‌دا بیانەوێ بەرپرسانە بجووڵێنەوەو ئەرکی سەرشانی خۆیان بەجێ بگەیەنن. ئەرێ هەر بەڕاست ڕێوشوێنی دروست و گونجاوی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ مەینەتییەکانی ئەو منداڵە زیان‌بەرکەوتووانە چین‌و ئەو ئیمکانات و پێداویستییانە کامانەن کە دەبێ لەبەردەستی ئەوان بنرێن؟

## قۆناغەکانی چارەسەری

برین و شوێنەوارەکانی سووتان لە سەر لەش و جەستە بەژانترین دەردو خەسارن‌و ڕەوتی چارەسەر و دەرمانیشیان یەکجار سەخت‌و درێژخایەنە. ئەوەش کە سووتاوەکە منداڵ بێ‌و شوێنی سووتاوەکەش دەست‌و پەل‌و دەم‌و چاوو ڕوخسار بێ، هەستیاری‌یەکە ئەوەندەی دیکە زیاتر دەکا. هەنگاوەکانی چارەسەر بۆ منداڵێکی سووتاو لە سێ قۆناغدا دەچتە پێشێ:

قۆناغی یەکەم، فازی چارەسەری کاتیی قەیرانەو بۆ ڕۆژەکانی سەرەتای ڕووداوەکە دەگەڕێتەوەو مەبەستی سەرەکییش لەو قۆناغەدا بەرەنگاربوونەوەی خەسارە سەرەتاییەکانی سەر لەشی منداڵ‌و پاراستنی لە مەرگەو تا ئەو جێیەی دەکرێ ڕێگەگرتن لەو دوادەرەنجامانەیە کە لە درێژخایەن‌دا کاریگەرییان لەسەر سلامەتیی ئەو دەبێ.

بەداخەوە دوو کەس لە منداڵانی شیناوێ نەیان‌توانی ئەو قۆناغە ببڕن‌و گیانیان لە دەست دا، بەڵام بە خۆشی‌یەوە ئەوانەی دیکە کەوتنە فازی دووهەمی چارەسەر.

فازی دووهەمی چارەسەر تێکردنەوەی پێست لە شوێنە سووتاوەکان بەپێی پێویستیی نەخۆشەکەیە. پێست یەکەم قەڵغانی بەرگریی لەش لە بەردەم هروژمی نەخۆشی‌یەکان و ئۆرگانیسمە دەرەکی‌یەکانەو لەشی مرۆڤ بۆ پارێزراوبوونی لە بەرامبەر میکرۆب و نەخۆشییەکاندا پێویستیی بە پێستێکی سالم هەیە. هەربۆیەش عەمەلەکانی تێکردنەوەی پێست لەکاتی خۆی‌داو لە جێی خۆی‌دا نەک هەر لەڕووی جوانکارییەوە، بگرە بۆ پاراستنی کەسی زیان بەرکەوتووە کە گرینگ‌و ژیانەکی‌یە.

تێکردنەوەی پێست بە تایبەت لەو جێیانەی کە نەخۆش دەست‌و سەرو ملی سووتاوە هەر زۆر گرینگەو پێویستی بە بەردەوامیی ئەو عەمەلانە بۆ ماوەی چەند ساڵی بەردەوام هەیە.

بەداخەوە گۆڕینی شکلی دەم‌و چاو و ئەندامەکانی لەش کە شوێنکاری سەرەکیی سووتان بە ئاگرن لەو برینانە کە لەوانەیە قەت بە تەواوی چاک نەبنەوەو جیا لە زیانی جەستەیی، ئەو کەسەش تووشی نەخۆشیی دەروونی‌و دەرەنجامی ڕووحیی زۆر خراپ بکا.

فازی سێهەمی چارەسەر کە وا وێدەچێ لە بابەت منداڵانی شیناوێ تا ڕادەیەکی زۆر لەبیر کرابێ، بەدواداچوونی بەردەوام‌و درێژماوەی چارەسەری، گوڕوتین بەخشینەوە بە لەش و توانای‌ی ئەو منداڵانەیە.

چۆنیەتیی چارەسەری لەو قۆناغەدا کە ماوەی دوو تا سێ ساڵ دوای ڕووداوی سووتانەکەوە دەکێشێ، زۆر گرینگە؛ چونکە پێوەندیی ڕاستەوخۆو یەکلاکەرەوەی بە چارەنووسی دواجاری منداڵە سووتاوەکە هەیە. لەو بەشەی چارەسەری سووتاوەکانیشدا دوو پرسی سەرەکی هەن کە یەکیان « سڵامەتیی جەستەیی»ی کەسی سووتاوەو ئەوی دیکەشیان « خواردنی گونجاو».

سڵامەتیی درێژماوەی جەستەیی

یەکەم باس، باسی سڵامەتیی جەستەیی قوربانیانە کە هەر کام بەپێی جۆری سووتانەکان‌و بڕی زیان بینینەکان بەدواداچوونی بەردەوام‌و تایبەت بەخۆی دەوێ. سووتانی سەخت و قووڵ گۆڕینی متابولیک‌و چڵکردنی لێ دەکەوێتەوە کە تا سێ ساڵ دوای ڕووداوەکە هەروا دەمێنێ. ئەو ئاڵوگۆڕانەی چوونەسەرێی مەترسیی شکانی ئێسک، نەخۆشییەکانی جەرگ، تێکچوونە هۆرمۆنی‌یەکان، دروست کردنی کێشە لە بەشەکانی دڵ، مێشک و تێکچوونی سیستمی بەرگریی لەشی بەدوادا دێ.

بێتو ئەو کێشانە لەکاتی خۆیان‌دا نەبیندرێن‌و چارەسەری گونجاویان بۆ نەکرێ، ژیانی منداڵەکە بەرەوڕووی مەترسیی نەمان دەبێتەوە. لەو بارەوە بەردەوامیی ڕەوتی تێکردنەوەی پێست لە شوێنە سووتاوەکان گرینگیی زۆریان هەیە. هەروەها ئەو منداڵانە پێویستییان بە پێڕاگەیشتنی تایبەتی لەبواری تواناسازی و فیزیۆتراپی‌یە، چونکە تواناکردنەوەی جومگەکان‌و ڕێگەگرتن لە لەکارکەوتنی ئەوان یارمەتی بە گۆشتەزوونەی برینەکان‌و چالاک کردنەوەی ماسوولکەکان دەدا.

خاڵی گرینگ‌و سەرەکیی دیکە لە ڕەوتی چارەسەری منداڵە سووتاوەکان خواردنی باش و دەسڕاگەیشتن و بەکارهێنانی خواردەمەنیی گونجاوە. ئەو منداڵانە سەرەڕای بەرگەگرتنیان لە بەرامبەر بارودۆخی دوای سووتانیان بەشێکی زۆری توانای جەستەیی و چنراوەکانی لەشیان لە دەست داوەو بۆ بوژاندنەوەی ئەوانە پێویستییان بە ڕێژیمێکی غەزایی تەواو پرۆتوئینی‌یە. پێگەیشتنی جۆرەکانی پرۆتوئین، یانی گۆشت، هێلکەو شیر بۆ بردنەسەرێی ئاستی توانای بەرگریی لەشیان‌و بوژاندنەوەی بەشە سووتاو و زیان‌بەرکەوتووەنیان، بە تایبەت پێست و ماسوولکەکانی لەشیان زۆر زۆر پێویستە.

### سڵامەتیی دەروونی

پێوشوێن کەوتنی باری ڕووحیی منداڵەکان قۆناغێکی دیکەی ڕەوتی چارەسەری ئەو منداڵانەیە کە لەوانەیە هەر ئێستاش دەست پێکردنی وەدرەنگی کەوتبێ. ئەو منداڵانە تا ماوەیەک زۆر تووشی بینینی خەونی ناخۆش، میز بەخۆداکردن و شۆکەکانی ترس‌و دڵەراوکێ دەبن.

ئەوان بەهۆی کەم‌تەمەن بوونیان‌و بوونیان لە قۆناغی گەشەو هەڵدان‌دا؛ مەترسیی وەدواکەوتنی گەشەی ناسین، سۆزو عاتفەو کەمیی توانای تاکەکەسی‌و دەرکەوتنی کۆمەڵایەتی‌یان لەسەرە. ئەو منداڵانە بێتو لە پشتگیریی کۆمەڵایەتی‌و چارەسەرە ڕووحی‌یەکان بێبەش بن، لەوانەیە دوای ساڵێک لە ڕووداوەکە تووشی تەنیایی، خۆپەراوێزخستن، بەشداری نەکردن لە چالاکی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکاندا و دواجار خەمۆکی ببن.

### هەلومەرج و بارودۆخی تایبەتیی کچانی شیناوێ

هەلومەرج‌و بارودۆخی ژیان بۆ منداڵانی سووتاوی گوندی شیناوێ لەوەش ناخۆشترو ناڵەبارتر دەبێ. بۆ ڕوونبوونەوەی لایەنەکانی ئەو بابەتە با دووره‌دیمەنەکانی ئەو ژیانە بێنینە بەرچاو: پۆلێک منداڵی تەمەن ١٠ ساڵ لە یەکێک لە گوندە بێبەشەکانی شارێکی بێبەشی وەک پیرانشار.

زۆربەی ئەو کچانە دەم‌و چاویان سووتاوەو ئەوەش وای کردوە زیانی زۆر بە جوانیی ئەوان‌و دەرکەوتنیان بگا. جا ئەوەش کە بنەماڵەکانیان دەسڕۆیشتوو نین‌و ئاستی خوێندەواری و فەرهەنگی‌و جۆری ڕوانین‌و بەرەوڕووبوونەوەی کۆمەڵگاش لەجێی خۆی.

کەواتە پێچەوانەی بۆچوونی زۆرێک لە کاربەدەستە نەزانەکانی کۆماری ئیسلامی پرۆسەی چارەسەری منداڵانی شیناوێ تازە دەستی پێ کردوەو لە قۆناغی سەرەتایە.


دوو ساڵی یەکەمی دوای سووتان ناخۆشترین، دژوارترین‌و هەستیارترین ڕۆژەکانی ژیانی ئەو منداڵانەیە. ئەو کچانە لە مانگەکانی داهاتوودا وردە وردە لە بارودۆخی تایبەتیی خۆیان تێدەگەن‌و ئیدی لەو کاتەوە بەرگەگرتن لەبەرامبەر ئەو بارودۆخەو هەوڵدان و تێکۆشان بۆ زاڵبوون بەسەر کێشەکانی بەردەمیان، بۆ خۆیان‌و کەسانی دەوروبەریان دەست پێ دەکاو ئەو کاتەیە کە گرینگیی پشتیوانیی کۆمەڵایەتی‌و ڕووحی لەوان پتر لە هەموو کاتێک خۆ دەردەخا.

ئەوانە هەمووی فاکتۆرگەلێکن کە سەد هێندە ئەگەری سەرهەڵدانی کێشەو گرفتی ڕووحی‌و دەروونی لەو کچانەداو تەنانەت لای بنەماڵەکانیشیان دروست دەکا. ئەو کچانە بێتو پشتیوانیی کۆمەڵایەتی، دەروونی‌و پیشەیی بەردەوامیان لە تەمەنەکانی سەرووتریش لە پشت نەبێ، بە کەمی بەختی ئەوەیان دەبێ جێگەو پێگەی کۆمەڵایەتی، پلەی خوێندن‌و کارو ژیانی شیاوی خۆیان دەست کەوێ. هەر بۆیەش لەو قۆناغەی ئێستای چارەسەری ئەوان‌دا هەبوونی تیمێکی دەرمانیی پسپۆڕ لە دەروونناس، پزیشکی دەروونی و یاریدەدەری کۆمەڵایەتی‌و کارکردنی ئەو کادرە دەرمانی‌یە لەسەر بارهێنان‌و پەروەردەی ئەوان لەگەڵ بارودۆخیان دەتوانێ بەر بە زۆر زیان‌و خەساری ڕووحی لەوان و لە بنەماڵەکانیان‌دا بگرێ.

ئەوەی ئەمڕۆکە منداڵانی شیناوێ پێویستییان پێیەتی، هەر تەنیا یارمەتیی ماڵی‌و پێدانی مافی بیمەو کردەوەی خەڵکهەڵخەڵەتێنی کاربەدەستان نیە، ئەگەر بەڕاستی کاربەدەستانی ئێران خەمی ژیان‌و داهاتووی ئەو کچانە دەخۆن، ئیمکاناتی دەسڕاگەیشتنی ئەوان‌و بنەماڵەکانیان بە پسپۆڕانی جۆراوجۆری جەڕاحەکانی جوانکاری، دەروونناسەکان و فیزیۆتراپ و تواناسازەکان دابین بکەن‌و بە دابینکردنی ئەو ئیمکاناتە لە ئێستاوە سلامەتیی جەستەیی‌و ڕووحیی ئەوان دەستەبەر بکەن تا لە داهاتوودا بەرەوڕووی کەمترین خەسارو زیان ببنەوە.

**نووسینی مازیار مەهدەوی فەر کە لە ماڵپەڕی «ڕادیو زمانە»دا بڵاو کراوەتەوەو عەلی بداغی پوختەی ئەو بابەتەی کردوە بە کوردی**

# ئاسەواری تەڵاق لەسەر منداڵان



**ڕۆژە عەزیزی**

یەکێک لە گرینگترین دەسکەوتەکانی ژیانی دوو مرۆڤ بریتیە لە پێکهێنانی ژیانی هاوبەش و بنیاتنانی بنەماڵە و خێزانێکی تەندروست لە کۆمەڵگەدا. بەڵام یەکێک لە ڕووداوە ناخۆش و دژوارەکانی ئەو ژیانە هاوبەشە ئەو کاتەیە کە ئەو ژیانە هاوبەشە دوای ماوەیەک کۆتایی پێدێ و بنەماکانی کە ڕۆژێک ئەو خێزانەیان لە سەر پێکهاتوە هەڵدەوەشێنەوە. ئەم دیاردەیە واتە دیاردەی جیابوونەوەی هاوسەران یاخود(تەڵاق) دیاردەیەکی بە ئازار و پڕ لە کێشە دەبێ بۆ هاوسەران. بەڵام کێشەی زۆر گەورەتر و تراژیکتر ڕەنگە بگەڕێندرێتەوە بۆ منداڵانی ئەو خێزانە، منداڵانێک کە تا ئەو ڕۆژەی دایک و باوکیان لە یەکتری جیا نەبوونەوە ژیانێکی خۆشیان هەبووە. بەداخەوە دوای ڕوودانی تەڵاق دەبێ ژیانێکی زۆر جیاواز دەست پێ بکەن، کە ئەویش ژیانی خێزانێکی لێک هەڵوەشاوەیە و دەبێ خۆیان لە سەر ئەو ژیانە دژوار و تازەیە ڕابێنن.

هەرچەندە زۆر ڕێگەی دیکە هەن کە ژن و مێرد بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی ژیانی هاوبەشیان دەتوانن بیگرنە بەر، جگە لە تەڵاق. بەڵام دەبینین کە وەک خۆیان دەڵێن دوا ڕێگەی چارەسەری کێشەکانیان تەڵاق یا لێک ترازانی ژیانی هاوبەشیانە. منداڵانی ئەو ژیانە هاوبەشە زۆر جار بە هۆی لێک جیابونەوەی دایک و باوکیان و لێک ترازانی بنەماڵەکەیان بە داخەوە تووشی زۆر کێشەو گرفت دەبن و ڕەنگە قۆناغێکی دژواری ژیانیان بێ بۆ ڕاهاتن و ئاسایی بوونی ئەو ڕوداوەی کە بەسەر خێزانەکەیان هاتوە.

کاتێک ژیانی هاوبەشێک بەرەو جیابوونەوە دەڕوا، ئەوە منداڵانن کە لە باری دەروونی و جەستەییەوە زیانیان لێ دەدرێ و ڕووبەڕووی تەنیایی و ترس و دڵەڕاوکێ دەبنەوە، چونکە دەبێ خۆیان ئامادە بکەن بۆ دوو ژیانی جیاواز و دژوار.

بە ڕوودانی ئەم جیابوونەوەیە ڕەنگە زۆربەی منداڵانی تەڵاق وابیر بکەنەوە کە خێزانەکەیان چیتر ئەو ئاشتی و ئارامیەی تێدا بەدی ناکرێ، یاخود نەبوونی دایک و باوک لە چوارچێوەی ماڵێکدا و دوورکەوتنەوەیان لە یەکتر هەستی تەنیایی و بێ متمانەیی دەبەخشێتە منداڵان. بەڵام لەم حاڵەتەدا ئەرکی دایکان و باوکانە دوای کۆتایی هاتنی پرۆسەی تەڵاق کە بارودۆخی ژیانی دوای تەڵاق بۆ منداڵەکان شی بکەنەوەو هۆکارەکانی لێک جیابونەوەی دایک و باوکەکە بە پێی تەمەنی منداڵەکان بۆیان ڕوون بکەنەوە، چونکە تا منداڵەکان تەمەنیان لە سەرەوەتر بێ زیاتر بۆیان گرینگە بە هۆکارەکانی جیابونەوەکە بزانن. هەروەها بەخشینی هەستی بڕوا بەخۆبوون بە منداڵەکان و بەردەوام بوون لە سەر هەمان شێوە و ڕێگەکانی پەروەردە کردنی منداڵ کە پێش لێکهەڵوەشانی ژیانە هاوبەشەکە هەردوو هاوسەرەکە گرتبویانە بەر، چونکە ئەگەر ڕێگەی بەزەیی و ناز پێدان بگیردرێتە بەر ئەوە زۆر کێشە بۆ هەردوو هاوسەرەکە دروست دەکا و شێوەی پەروەدەی منداڵ بەرەو قۆناغێکی خراپ دەچێ. هەروەها پەیڕەوکردنی ئەو شێوازانەی کە بۆ تەشویق و سزای منداڵەکان دەگیرانە بەر، هەر گۆڕانکارییەک لە سیستەمی پەروەردەی منداڵەکان ڕووبدا، ئەوە دواجار ئاسەواری خۆی لە سەر منداڵەکان دادەنێ.

بێگومان منداڵان لە چوارچێوەی شوێنی ژیانیاندا، پێویستیان بە کەش و هەوایەکی ئارام و دوور لە شەڕوشۆڕە.

کاتێک دایک و باوک لە بەرچاوی منداڵەکان شەڕ و دەمەقاڵەیان دەبێ، ڕاستەوخۆ ئەو ڕەفتارانە کاریگەری لە سەر باری دەروونی منداڵەکان دەبێ. هەر بۆیە پێویستە دایکان و باوکان گرینگی بدەن بەم لایەنەو و لە ماوەی پێش کۆتایی پرۆسەی تەڵاقەکەو دوای پرۆسەی تەڵاقەکە گرینگی بەم لایەنە بدەن. هەندێک جار دوای کۆتایی پرۆسەی تەڵاقەکە بەشێک لە دایک و باوکەکان ڕێگری دەکەن لە منداڵەکانیان بۆ بینینی دایک یان باوکیان، یاخود هەندێک بیرۆکەی خراپ بەرانبەر دایکەکە یان باوکەکە لە مێشکی منداڵەکانیان دروست دەکەن و دەیانکەنە هۆکارێک بۆ چاندنی هەستی ڕق و قین بەرانبەر هاوسەرە کۆنەکەیان، ئەم کردارانە زۆر نادروستن و بۆ داهاتووی ئەو منداڵە ئاسەواری خراپ لە سەر باری دەروونی دادەنێ. منداڵ پێویستی بە دایک و باوکە لە هەمان کاتدا چونکە هیچ کام لە دایک یان لە باوک ناتوانێ سۆزو خۆشەویستی ئەوی دیکە قەرەبوو بکاتەوە، پێویستە بەردەوام هەستی سۆز و خۆشەویستی لە ناخی منداڵدا بنیات بنرێ.

یەکی دیکە لەو لایەنانە کە دەبێ دایکان و باوکان گرینگی پێ بدەن، چۆنیەتی ڕەفتار کردن دوای پرۆسەی تەڵاق لە گەڵ منداڵەکانە، چونکە دوای جیابونەوەی هاوسەرەکان منداڵەکان بە بەراورد لە گەڵ ڕووداوەکان زۆر هەستیار دەبن، دەبێ گرینگیەکی تایبەت بە بارودۆخی دەروونیی منداڵەکان بدرێ. گرینگی تایبەت بە پێداویستیەکانی منداڵەکان بدەن، چونکە بە بچوکترین گۆڕانکاری لە سیستەمی ژیانی خۆیان هەست بە تەنیایی دەکەن. سەردان و چاوپێکەوتنەکانی دایک و باوک لە کاتی خۆیدا ئەنجام بدرێ و تا ئەوەندەی بۆیان دەگونجێ لەکاتی چاو پێکەوتن و سەردانەکان کەشێکی ئارامیان بۆ بخوڵقێ،چونکە منداڵان لە تەمەنێکەوە بۆ تەمەنێکی تر سەبارەت بەم کێشەیە جیاوازن. تا تەمەنیان گەورەتر بێ زیاتر هەوڵ دەدەن لە بارەی کێشەکانی نێوان دایک و باوکیان بزانن و هەلومەرجی کۆتایی ژیانە هاوبەشەکە لای خۆیان هەڵدەسەنگێنن.

بە پێی لێکۆڵینەوەکان دەرکەوتوە کە منداڵانی تەڵاق زیاتر لە منداڵانی ئاسایی تووشی کێشە دەبن، بە تایبەت لە خوێندنگەکاندا زیاتر هەستی پێ دەکرێ. منداڵانی تەڵاق لە چوارچێوەی خوێندنگەکان ئاسەواری هەست بە تەنیایی و دڵەڕاوکێیان پێوە دیارە. هەرچەندە مەرج نیە کە هەموو منداڵانی تەڵاق ئەو ئاسەوارانەیان هەبێ،بەڵام ڕێژەیەکی بەرچاو توشی کێشە دەبنەوە. هەندێک لەو منداڵانە کێشەکانیان زۆر گەورەیە و بە ڕوونی دیارە و پێویستە دایکان و باوکان گرینگی بە بارودۆخی ئەو منداڵانە بدەن. زۆر جار ئەو کێشانە تا کۆتایی تەمەنی مێرمنداڵی درێژەی هەیەو بەشێکیشیان ڕەنگە تا تەمەنی لاویەتی ئاسەواری بمێنێ، چونکە ئەم ڕووداوە ڕەنگە کاتێکی زۆری پێویست بێ تا منداڵەکان خۆیان ڕادەهێنن لە سەر ژیانی دووریی دایک یان باوکیان.

یەکێک لە ڕێگە دروستەکانی کە پێویستە دایکان و باوکان بیگرنە بەر گرینگی دانە بە باری دەروونیی خۆیان و بە هیچ شێوەیەک ڕێگە نەدەن کێشەی دەروونی بۆ یەکێک لە هاوسەرەکان بێتە پێش، چونکە هەر گرفتێک بۆ یەکێک لە هاوسەرەکان بێتە پێش ڕاستەوخۆ ئاسەواری خراپ لە سەر منداڵەکان و باری دەروونیان و هەستیان دروست دەکا.هەر بۆیە دەبێ لە هاتوچۆو سەردانە کۆمەڵایەتیەکانیان لە گەڵ دۆست و ناسیاوانیان بەردەوام بن و بە هیچ شێوەیەک ڕێگەی تەنیایی و دورکەوتنەوە لە کۆمەڵگە نەگیردرێتە بەر، چونکە بچوکترین ئاڵوگۆر هەست پێ دەکەن. هەوڵ بدرێ کاتەکانی ژیان زیاتر بە کۆبوونەوە لە گەڵ دۆستان و چوونە دەرەوەو تێکەڵ بوون لە گەڵ کۆمەڵگە بەرنەسەر.

یەکێکی دیکە لە کێشەکان کە ڕەنگە زۆر لە منداڵانی تەڵاق ڕوبەڕووی ببنەوە، ئەوە بێت کە دایک یان باوک لە گەڵ ژنێک یان پیاوێکی تر ئاشنا دەبێ و بۆ جارێکی دیکە ژیانی هاوبەش پێک دەهێننەوە. لەم حاڵەتەدا زۆر لە منداڵان هەستێکی ناخۆشیان هەیە و ڕەنگە بەشێکیان هەستی ڕق و قینیان بەرانبەر هاوسەری دووەمی دایک یان باوکیان هەبێ و وا هەست دەکەن کە ئەوان زیاتر گرینگی بە ژیانە نوێیەکەیان دەدەن بۆیە ئەو منداڵانە هەستی تەنیایی لایان دروست دەبێ. هەندێکیشیان ڕقیان لەو منداڵانەی ئەو ژیانە هاوبەشە نوێیە دەبێتەوە. لەم بارودۆخەدا پێویستە دایک و باوکەکان زۆر بە ڕوونی ئاڵوگۆڕەکانی ژیانیان بۆ منداڵەکان شی بکەنەوەو تا بتوانن گرینگی بە بواری سۆز و خۆشەویستی منداڵەکە بدەن. هەستی متمانە بۆ خۆیان لای منداڵەکان دروست بکەن و بۆ ئەوەی بە تەواوی ئامادەیان بکەن بۆ ئەو گۆڕانکاریانەی لە ژیانیان دێتە پێش.

بەو هیوایە کە هیچ خێزانێک تووشی گرفتی تەڵاق و هەڵوەشانەوەی ژیانی هاوبەش نەبێ و هەوڵ بدرێ خێزانێکی تەندروست لە سەر بنەمای ئاشتی و خۆشەویستی بنیات بنرێ، تا هیچ کات بینەر و بیسەری ڕووداوە دڵتەزێنەکانی منداڵانی تەڵاق نەبین.



# کوردستان

## ئەدەب و هونەر

ژمارە: ٦٠٣

١٥ی ڕەشەممەی ١٣٩١

٥ی مارسی ٢٠١٣




# ڕۆمانتیسم وئەدەبی کوردی


عەلیرەزا ڕەحیمی


ڕۆمانتیسم وەک بزووتنەوەیەکی هونەری و ئەدەبی لە سەدەی ١٨ی-زایینی بەملاوە لەجیهانی ئەدەبی و هونەرو ئەندیشەی بەگشتی گەشایەوە، ئەم بزووتنەوە سەرەتا لە ئەڵمانیا لەساڵی ١٧٩٧ بە تێکۆشانی (گۆتە و شیلەر و هۆفمان..) لە ئینگلستاندا لەساڵی١٧٩٨ لەسەر دەستی ۆردزۆث» و بلاک ، ئینجا لە فەڕەنسا ١٨٢٠ بە جڵەوکێشی «لامارتین و ڤیکتۆرهۆگۆ هەروەها لە رووسیا بە ڕێبەری پووشکین و گوگول ولێرمانتۆف، سەری هەڵدا. بەڵام پێشەکییەکەی ڤیکتۆرهۆگۆ لە شانۆنامەی کرامول» بوو بە مانیفیستی ڕۆمانسیزم و خۆیشی بە ڕێبەری ئەم ڕێبازە ناسرا.

هۆکارو دۆخی سەرهەڵدانی ئەم بزووتنەوە؛

بەدوای شۆڕشی فەڕانسە و دامەزراندنی سیستمی پارلمانیی وبڵاوبوونەوەی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤدا کە ڕێخۆشکەرێک بوە بۆ بەدیهاتنی ئازادییەکانی تاکەکەسی. وەهەروەها هاتنە گۆڕی بزاڤی فیکریی رۆشنگەری لە ئەورووپای سەدەی ١٨ بە ریبەریی «هیگڵ وکانت وژان ژاک رۆسۆ وڤۆڵتێر..کەئەمە کاریگەرییکی زۆری هەبوو بەسەر گۆڕانی ژیانی ئەورووپا وسەرهەڵدانی شێوە بیرکردنەوەیەکی جیا لە کلاسیزم و دەرکەوتنی مەکتەبی ڕۆمانسیزم.

کە بەرلە شۆرشی فەڕانسەو پێش لە بڵاوبوونەوەی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، باس کردن لەماف و ئازادییەکانی تاکەکەس واتە لەسەردەمی کلاسیزم بەتەواوی قەدەغەو بیرکردنەوەیشان هەربڤە بوو. بە زمانێکی ساناتر ئەم ڕێبازە دژ بە داب ونەریتی سەردەمی کلاسیزم و شێوە بیرکردنەوەی کۆن و ڕوانگەی ئەوان لەمەڕ ئەدەب وهونەرەوە، سەری هەڵدا.

بنەڕەتی ترین جیاوازیی ئەم دوو ڕێبازە ئەدەبی و هونەرییە ئەمانەیە:

-کلاسیستە، عەقڵ و هزریان بە بنەمای بنەڕەتی شێعر دەزانی بەڵام ڕۆمانیستەکان شێعریان گرێدراو بەهەست وخەیاڵ دەزانی.

– لە ڕوانگەی ڕۆمانسیزمەکانەوە تاکەکەس بە شیوەی ڕوانینی خۆی جوانییەکان دەبینێت، نەک ئەوەی کە گوێ قوڵاخی بیروڕای کومەڵگا بێت. ئیمانۆئێل کانت کە یەکێکە لە داهێنەرانی ئەم ڕیبازە ئەڵێ: کاتێ قسە لەسەر ئەوە دەکرێ کە فڵان شت جوانە! کەس باسی ئەوە ناکات ئایا ناوەڕۆکی ئەو جوانییە،هیچ سوودێکی بۆمان هەیەیان نا؟» واتایەکی تر جوانی ئەوشتەیە کە هەموو کەس لە فۆرمێکی دیاری کراودا پێی خۆش بێت بیبینێت، نەک ئەوەی کەسانێک بەرژەوەندییان لەمەدا هەبێ.ئەگەرمرۆڤ لەنێو کۆمەڵگادا نەدەژیا!ئێمەیش وا بیرمان نەدەکردەوە کەواتە ئەمە مەیلی کۆمەڵایەتیی وامان لێ دەکا بایەخ



یان سوودی گشتی بدەینە جوانی،هەر بەپێی ئەم روانگە ڕۆمانسیستەکان دژ بە دەستەمۆکردنی هونەروئەدەبیات بە قازانجی سیاسەت وکومەڵایەتی ڕاوەستان.ئەڵبەت ئەمە بەو مانایە نییە کە هونەرمەند وئەدیب بەرانبەر بە هەل و مەرجی سیاسی وبارودۆخی ژینگەی خۆی بە تەواوی بێ لایەن و بێ هەڵویست بێت ئەمە بۆ خۆی باسێکی جیایە کە لە لەبابەتێکتر لە ژێرناوی ڕیبازی «پەڕناس» و خستنەرووی دووباڵی «هونەر بو هونەرو،هونەری دەروەست یان( متعهد) بەتێروتەسەل باسی لێ بکرێت.

لە تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی ڕۆمانسیزم؛

– دەربڕینی ئازادانەی هەست وئەوین وخۆشەویستی

-لەبەرچاوگرتنی تاکەکەس ودەروونیەتی تاکەکەس

-باس کردن لە هەموو شتەکانی ژیان بە باش وخراپ،چ ناشیرین ؟چ جوان؟

-گەشەی هەست وسۆزی ئەویناری و دەربڕینی خەم وخەون وخولیا

-یادکردنەوە وڕەنگدانەوەی فەرهەنگ وکلتووری (فولکلوریک) گەشت وگەڕان و هەڵاتن لە شار،بەرەو لای سرۆشت وڕابردوو،منداڵی.

دۆزینەی ئاسەواری ڕۆمانسیزم لە ئەدەبی کوردی بەتایبەت لە بواری شیعر؛

ئەگەرچی ئەدەبی کوردی بەهۆی گیروگرفتە مێژووییەکان لە م بارەوە لاوازە و، ژانری شانۆنامەو رۆمانمان بەو شێوە نییە،بەڵام بۆ بەرەی یەکەمی شاعیرانی ڕۆمانتیسم کوردی دەتوانین ئەم شاعیرانە ناو ببەبین(مەولەوی،بێسارانی،وەفایی،نالی و وەلی دێوانە)ئەگەرچی شێوەو تکنیکەکانیان سەربە شێعری کلاسیکە بەڵام لە باری ناوەڕۆکەوە لەتایبەتمەندییەکانی رۆمانسیزمیان هەیە.

بۆ نموونە؛نالی بەپێچەوانەی کۆمەڵگا و نەریتی ئەوان بەم شێوە چاوانی خێڵ وقیچی مەحبووبە ئەنوێنێ:پێم دەڵێن مەحبووبە خێڵ وقیچە،مەیلی شەڕدەکا خێڵ وقیچە؟یا تەرازووی نازی

نەختی سەردەکا!

هەروەها شیعرەکانی وەفایی پڕیەتی لە نواندنی سروشت وعیشق وسۆزبەجوانترین شێوە بەڵام مەولەوی لەم بوارەدا بەرچاوترین شاعیرە، چۆنکە جیا لە مۆتیڤ و ئاوازی تایبەتی لە شیعرەکانی دا شێوەیەکی بنەڕەتی کێشی دەپەنجەیی(بڕگەیی /هجایی)کە وەزنێکی تایبەتە بە گۆرانیی فۆلکلۆریی کوردی بەکارهێناوە .ئەگەر نالی خێڵ وقیچی بە جوانی دەبینێت ودەینوێنێت. مەولەوی کوردیش باوێکی قەدیمی وکۆن کە بۆ چارەسەری پەتاو نەخۆشی سەرما هەناریان لە تەنوور ئەبرژاندودوای پێستەکەیان کون دەکردوو هەڵیان دەمژی،کە بۆئەم نەریتە هۆنراوەیەکی داناوە؛

شنەفتم دووربا،لەیل زوکامشەن»
دیشواربالای نەونەمامشەن
هەنارەکەی دڵ پڕ جە دانەی ئێش
پیشیای کوورەی نار عیشق ویش
بەمەودای موژگان سۆراخش کەرۆ
وە گەرمی نیشان دەماخش دەرۆ.
-دیشوار،ئێشوار،دژوار..هەڵامات وگیروگرفت
-پیشیا،پیشاو
-واتە دڵە ی وەک هەنارم کە پڕە لە دەنکی ئێش وئازار لەناو تەنووری عیشقی خویا پیشیاوە بە برژانگی خۆت کونی بکەو وبۆنەکەی هەڵمژێ چاک ئەبیتەوە.

درێژەی هەیە..

ژێدەر؛

ڕێبازە ئەدەبییەکان،فەرهاد پیربال/قالب های ادبی شمیسا/دیوان نالی/دیوان مەولەوی کورد و..

هەڵچنینی

# بەزمانی شیرینی کوردی، پارسی را فاس بداریم




مستەفا شێخە


هەر شاعیری نوێخواز و نووێنووس و نوێسەرا بە تەنیا بۆی نییە نۆڕمی زمان تێک بشکێنێت، وشەکان لەباڵ یەکتردا هەڵبشێلێت و بیانکاتەوە هەویر و بیانخاتە ناو رۆنی هەڵقرچاوی هەستی شاعیریەتی. ئێمەش کە نەشاعیرین و نە ماعیر، تەنیا پەخشان نوسێکی کرچ و کاڵی کەم خوێندەوارین و دوو لەڕووی ئێوە، پەرژینێکی بەگوڵ بێت، خۆمان بە خاوەنی زۆر شت دەزانیین، مافی خۆمانە خەریکی زمان بین.

لەم دواییانەدا ئاشکرا بووە نالی وسالم و وەفایی و پیرەمێرد و بێکەس و گۆران و سەجادی و هێمن و هەژار و خانی و فەقێ تەیران و مەولەوی و نازانم کێی دیکەش کارێکی باشیان نەکردوە و بە ڕبەی ئێمەیان نەپێواوە. هەڵەی گەورەی ئەم تۆمەتبارانەی سەرەوە ئەوەیە لەماوەی چەند ساڵی ژیانیاندا خەریکی هەڵەچێنی بوونە و لە جیاتی شەعەر گوتوویانە شێعر. ئێستا بە خۆشیەوە ئەم هەڵە زەق و بەرچاوەی ناوبراوان لەلایەن شاعیرانی شەعەری سەردەمەوە راست کراوەتەوە و هەرکەس بە شەعر بڵێت شێعر، هەتا چەرمی زگمان دەکەوێتەژان، پێی پێدەکەنین. ئەویش پێکەنینێکی وا کە هەموو خەڵکی دەوروبەرمان بزانن ئێمە چەندە زانایین و پیرو پێشینانمان بە ناشوکرێ نەبێت، چەندە نەخوێندەوار بوونە.

جگە لەوەی لە دونیای شاعیریدا نۆرمی زمان تێک دەشکێت، شەعری شاعیرانی کچمان کاتێک بە وێنەکانیانەوە لە لاپەڕەی فەیسبووکپاڵەوانەوە بەڕوومناندا دەگرژێنەوە، باوەش باوەش لایکیان بەسەردا دەبارێت و بارستایی چەند ئەوەندەی دێرە شەعرە تەڕ و پاراوەکان کامێنت و ژێرنووس و بۆچوون و مۆچوونیان بۆ دەنووسرێت. لە خوا بەزیاد بێت، سەرەڕای ئەمەش پیاوانی دوڕناس، دوڕ و لەعلی وشە لە ناو هەنبانەی کۆنی وشەی کوردییەوە دەدۆزنەوە و سەرو گوێی ئەوی هەرە ناسکیان تێک دەشکێنن و وشەی تازەی لاوپەسندیان لێ دروست دەکەن و شەعر و وێنە جوانەکانی شاعیرەی پێ زێڕەوشان دەکەن.

بە خۆشیەوە، ئێمە لە سایەی ئەم هەموو چازان و لێزان و زمانزان و مامۆستا و شاعیر و پەخشان نوس و وەرگێرە لێهاتووانەوە، لە زمانی خۆماندا تەواومان کردووە و خەریکین زمانی گەلانی دەوروبەرمان وەخۆ دەخەینەوە و خزمەتیان دەکەین.

بە تایبەت لەم دواییانەدا هەوڵ دەدەین زمانەکانی دەوروبەرمان کە سەدان ساڵە لە خزمەتیان داین، بیانگەشێنینەوە و ڕێگەیان بۆ بکەیەنەوە و رایانبکێشینە نێو زمانی خۆمان و ئەوەندەی دیکەش زمانەکەی خۆمانی پێ دەوڵەمەند بکەن.

دوای ئەوەی هەندێک وشەی وەک ( ئێوەش لەبرام فەرز ترن – دوو لەڕووی ئێوە) «هەستان بە دانشتن» و «کێشەی هونەری»مان لە زمانی شیرینی عەرەبیەوە وەرگرت و بە زۆری لەنێو زمانی کوردیمان نا، لەمەو دوا هەندێک لە کوردیزانان و چالاکانی زمان خەریکن بە وەرگێڕانی شیرین و پاراو لە دەقی فارسییەوە دەقی کوردی ئەوەندەی دیکەش دەوڵەمەند دەکەن.

ئەوەی لە خوارەوە دەبینین، چەند رستەیەکە کاری وەرگێڕێکی دەستڕەنگینی لای خۆمانە و دەڵێ: «مەشەدی عەوڵا و براکەی لاقیان داگرت کە لە چوون بۆ تەورێز پەشیمانمان بکەنەوە».

منی هەڵەچێن وای تێگەیشتم، ئەوکات ئێمە ویستوومانە بەسواری ماشین بۆ تەورێز بچین ، بەڵام نازانم چۆن مەشەدی عەوڵا و براکەی، بە جووتە خۆیان گەیاندوەتە تۆرمز(ستاپ)ی ماشێنەکە و لاقیان داگرتوە و هەوڵی پەشێمان کردنەوەی ئێمەیان داوە.

لە درێژەی ئەم وەرگێرانەدا، وەرگێڕی بەڕێز فەرموویەتی: «ماشێنێکی مشکی رەنگ لە ورمیڕا دەهات».

لە زمانی کوردیدا «مشک» و «مشکی» دوو وشەی جیاوازن و دوو مانای جیاوازیان هەیە. ئەگەر مەبەستی وەرگێر یان دەقە سەرەکیەکە مشک بووبێت، دیارە ماشێنەکە زۆر بچووک بووە و وەک مشک چووە، رەنگە کلکێکی باریک و درێژیشی هەبووبێت. ئەگەر مەبەستی وەرگێرە کوردەکە مشکی بێت، دیارە رەنگی ماشێنەکە وەک مشکی و خۆڵەمێشی دوای ئاگر، خۆڵەمێشی بووە. بەڵام ئەگەر مەبەستی نووسەرە فارسەکە رەنگی رەش بووبێت، بۆخۆی گوت و با وای نەنووسیبا.

لەنێو ئەم وەرگێرانە یەک سەد و دە لاپەڕەیەیدا، تەنیا باسی رستەیەکی دیکە دەکەم کە دەفەرموێت: «بە قسەکانمی گوێچکە هەڵدەخست».

قسەی خۆمان بێت، ئەگەر پێم نەڵێن لە دین وەرگەڕاوە و بە مورتەدم دانەنێن، زمانم لاڵ بێ، سەدجار زمانم لاڵ بێ، من دەڵێم و ئێوە نەتانبیستوە، جێی لێ نەبێت، تەشبیهات نەبێت، ئەم رستەیەی کۆتایی لە یاسای وڵاتانی وەک وڵاتی خۆمان تێکەڵ و پێکەڵترە و بە سەدان عەللامە و قازی و موفەسیر و نازانم چی و چی لێک نادرێتەوە و منی هەڵەچێنیش بەدەستیەوە سەرگەردان و کۆڵەوار و دەستەوئەژنۆم.

# ژنێک دەناسم من!




شێعری: «سیمین بێهبەهانی»


ژنێک دەناسم من!
حەزی فڕینی لە سەردایە
کەچی گیرۆدەیە و
بۆ رۆیشتن سەدان ترسی لەدڵ دایە

ژنێک دەناسم من!
لە گۆشەی خەڵوەتی ماڵێ
لەنێوان لێنان و شوشتن دا
لەنێو هۆدەکەی چێشتخانێ

سرروودی خۆشەویستی دەخوێنێ
نیگای سادە و بە تەنیایە
دە دەنگیدا خەم و ماندوویەتی
ئومێدی وا لەکۆتایی سبەی دایە

ژنێک دەناسم من!
پەشیمانە لەوەی وا چوو
دڵی بۆچی بەوی داوە
ئەوە کەی لایقی ئەو بوو

ژنێک بەئەسپایی لێوی دەبزێوێ:
کە بێزارم لە ئەم لانە
بەڵام پرسیار لەخۆی دەکا:
کە کێ دوای من
پرچی منداڵەکەم دەکا شانە

ژنێک زگپڕی مەینەت و ژانە
یەک منداڵی خەمی لە کۆش دایە
ژنێک بەدەم گریانەوە دەڵێ:
کە مەمکم شیری کەم تێدایە

ژنێک بە ڕایەڵی تەنیایی
لیباسی کون کونی ناسک دەچنێ
ژنێکیش لە کونجی تاریکی
خەوی تۆزێک ڕووناکی دەبینێ

ژنێک زنجیر لەپێ
ژنێک هاقاڵی زیندانە
هەموو بەشی ئەو لەدنیا
نیگای ساردی زیندانوانە

ژنێک دەناسم من...
ژنێک دەناسم من...
کە مردووی دەستی «تەحقیرە«
کەچی هاوار دەکا و دەڵێ
ئەوە خوڵقاوی نەزمی «تەقدیرە«

ژنێک هاودەمی مەینەتە
ژنێک فرمێسک لەچاوانە
ژنێک بەحەسرەت و دەردە
کەچی زۆریش بێ تاوانە

ژنێک ماسینی لاقانی

ژنێک برینی سەر جەرگی
حەشار داوە لەلای خەڵکی
کە پێی نەڵێن
ئەوە ئەتۆی کە بێ کەڵکی

ژنێک دەناسم من!
بۆنی خەمی شێعری بێ هاوتایە
کەچی پێ دەکەنێ و دەڵێ
ئەوە پێچ پێچی دنیایە

ژنێک دەناسم من!
هەموو شەوێ منداڵەکان
بەگۆرانی دەخەو دەکا
کەچی خەمێکی قورس
لە دڵیدایە، هەست پێ دەکا

ژنێک ترسی لە دەرچوونە
چونکە وەک مۆمی نێو ماڵە
هەرکە پێی نایە دەرەوە
ژووریان تاریک و بێ حاڵە

ژنێک شەرمەندەی منداڵە
کە سفرەی بێ نانی لەپێش دایە
بەڵام هاوار دەکا و دەڵێ:
بنوو رۆڵە، بنوو رۆڵە کە من
بۆ تۆی دەڵێم سرروودی خۆشی
لای لایە

ژنێک دەناسم من!
کە داوێنی کراسەکەی زەردە
شەو و رۆژی بۆتە گرین
بێ منداڵی بۆ وی دەردە

ژنێک دەناسم من!
تاقەتی ڕۆینی لێ براوە
هەنگاوەکانی زۆر ماندوون

دڵی لەژێر قورسایی لاقیدا
توانای هاواری نەماوە

ژنێک دەناسم من!
هەزاران جار
لە شەیتانی نەفسی خۆی ڕاساوە
هەر ئەوکاتیش کە سەرکەوتۆ
زەردە خەندەی سەر لێوانی
بە بەدکاران نیشان داوە

ژنێک گۆرانییان دەڵێ
ژنێک بێ هەست و خامۆشە
ژنێک هەموو شەوان
لە کۆڵانان بێ خواردن و باڵاپۆشە

ژنێک لە کاردا وەک پیاوە
قامکی دەستی گشت قەڵشاون
هێند ئازار و دەردی هەیە
لە بیری نیە
لەزگی دا کۆرپەی هەیە

ژنێک لەسەر جێگایە بۆی کەوتۆ
یەکێک لەسەرە مەرگی خۆی دایە
حاڵی شریان کێ دەپرسێ؟
بۆم هەڵ نایە

شەوێک لە سەر تەختێکی بچکۆلە
ژنێک بەئەسپایی گیان دەسپێرێ
ژنێکیش تۆڵەی خەیانەت
لە هەرزە پیاوێک دەستێنێ

ژنێک دەناسم من...

وەرگێڕانی: هەیاس کاردۆ

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party

NO: 603 5 march 2013

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان»، ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 MHz 11200
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268

تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp:Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com


## تاوتوێی پرسی ژێنۆسایدی گەلی کورد لەپاڕلمانی بریتانیا



ڕۆژی ١٠ی ڕەشەممە، لە بەرەبەری نزیکبوونەوەی ساڵیادی کۆمەڵکوژی و کیمیابارانی شاری هەڵەبجە، پارلمانی بریتانیا کۆڕێکی تایبەتیی بۆ تاوتوێکردنی پرسی بە ژینۆساید ناسینی تاوانی بۆمبارانی شیمیایی و ئەنفالی کورد لە باشووری کوردستان بەڕێوە برد.

لەم کۆبوونەوەیەدا ئەندام پاڕلمانەکان بە وردی باسیان لە کەیسی ژینۆساید و شیمیایی بارانی کوردستان کرد. ئەو کۆبوونەوەیەی پارلەمانی بریتانیا لە چوارچێوەی ئەو هەوڵانە دایە کە وڵاتانی ئوورووپایی و بەتایبەت ئیسکاندیناڤی بۆ بە ژینۆساید ناسینی تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفال دەستیان پێ کردوە و دوای وڵاتی سوئێد پارلمانی بریتانیا یەکێکی دیکە لەو وڵاتە خاوەن دەسەڵات و بڕیارانەی ئەندامی یەکیەتیی ئوورووپایە کەو ئەو پرسە تاوتوێ دەکا.

لەم دانیشتنەدا چەندین ئەندام پارلمانی دیکەی بریتانیا و هەروەها وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ڕاوێژکاری دەرمانیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و وەزیری پێشوی تەندروستیی حکوومەتی هەرێم، نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەبریتانیا، ، باڵوێزی عێراقی فیدراڵ لە لەندەن و هەروەها ڕەوەندی کورد لەم وڵاتە و بەشێک لە نوێنەرانی حیزب و لایەنە سیاسییەکان بەشدار بوون.

## یادی قوربانیانی شیمیایی سەردەشت و هەڵەبجە لە زانکۆی زانستە پزیشکییەکانی تاران



بەپێی ڕاپۆرتی ئەنجومەنی بەرگری لە مافەکانی قوربانییانی شیمیایی شاری سەردەشت ڕێکەوتی ٩ی ڕەشەممە لە بەرەبەری بیست و پێنجەمین ساڵڕۆژی بۆردومانی شیمیایی هەڵەبجە، ڕێوڕەسمێک لە تالاری ڕازیی زانکۆی زانستە پزیشکییەکانی تاران و بە هاوکاریی ئەنجومەنی ئیسلامی و خوێندکارانی کوردی ئەم زانکۆیە بەڕێوەچوو.

لەم ڕێوڕەسمەدا دوکتور ئەسعەد ئەردەلان مامۆستای زانکۆ و ڕاوێژکاری کاروباری نێودەوڵەتیی ئەنجومەنی بەرگریی لە مافی بەرکەوتوانی شیمیایی شاری سەردەشت لە قسەکانی خۆیدا باسی لە پرسی شەڕ و مافی خەڵکی مەدەنی کرد.

لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا نەقشبەندی و عەدنان بەرزنجی چەند پارچە شێعرێکیان خوێندەوەو پاشان دوکتور خالید تەوەکولی، یەکێکی دیکە لە قسەکەرانی ئەم ڕێوڕەسمە بوو کە داوای کرد تا بە شێوەی زانستی و ورد لەم ڕووداوە دژە مرۆییە و بنبڕکردنی وەها ڕووداوێک دژی کوردەکان بکۆڵرێتەوە.

هەروەها لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا وێنەی بەرکەوتووانی شیمیایی شاری هەڵەبجە پێشان درا و دوای خوێندنەوەی چەند پارچە شێعرێک لەلایەن شاعیر جەلال مەلەکشا، سەعدوڵڵا نەسیری هونەرمەندو ژەنیارانی کورد بە بۆنەی یادکردنەوەی ئەم کارەساتە دڵتەزێنە بە تایبەت کوژرانی منداڵان، چەند پارچە موسیقایەکیان پێشکەش بە ئامادەبوان کرد..

پاش خوێندنەوەی بەیاننامەی خوێندکارانی بەڕێوەبەری ئەم ڕێوڕەسمە، پەیامی خوێندکارانی هەڵەبجەش خوێندرایەوە. شایانی باسە کە لە هۆڵی دووهەمی هەمان زانکۆ پێشانگایەکی وێنەی کارەساتی شیمیایی باران کرانی سەردەشت و هەڵەبجەش کرایەوە..

## پیشاندانی شانۆی سەرشەقام قەدەغە کرا



جێگری وەزیری فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی لە بڕیارێکدا بەڕێوەبردنی شانۆی سەرشەقامی قەدەغە ڕاگەیاند. ئەم بڕیارە لە کاتێک دایە کە شانۆی سەرشەقام لە بەفرانباری ساڵی ٨٨وە هەتا ئێستا لە ٢٤ پارێزگای ئێران ٣٦٧ شانۆی سەرشەقام بەڕێوە دەچوو.

بە پێی هەواڵدەریی «فارس» ئەم بڕیارە پیشاندانی هەر شانۆیەک لەسەرشەقام قەدەغە دەکا، تەنیا لە کاتێکدا ڕێگە پێدراوە کە لەبەرەبەری بۆنە حکوومەتییەکاندا بێت.

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا ٨ ڤێستیڤاڵ لە ئاستی ئێراندا بە ناوی «شهروند» هاووڵاتی بەڕێوەچوون کە شانۆی سەرشەقامی مەریوان و سەقز لە گرینگترینی ئەو شانۆیانە بوون.

هەتا ئێستا ٧ خولی ڤێستیڤاڵی نێونەتەوەیی شانۆی سەرشەقام لە شاری مەریوان بەڕێوەچوون و بەوهۆیەوە شاری مەریوان بە پایتەختی شانۆی سەرشەقام ناوبانگی دەرکردووە.

## هونەرمەندێکی سەقزی، ماڵئاوایی لە ژیان کرد



ڕێکەوتی ١٣ی ڕەشەممەی ١٣٩١«ئەمجەد عەلیمورادی» کە بە باوکی شانۆی سەقز دەناسرێ، لە تەمەنی ٦٤ ساڵیدا بەهۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.

عەلی مورادی بە یەکێک لە دامەزرێنەرانی شانۆی هاوچەرخی شاری سەقز دادەنرێ کە بە نووسین و دەرهێنانی چەندین شانۆی سەرکەوتوو، توانی خۆی وەکوو یەکێک لە کۆڵەکە هونەرییەکانی شانۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بناسێنێ.

شانۆکانی «خوازبینی، پاڵەوانە کەچەڵ، ئەسپی سپی، ئا سەید کازم و ماچ و فرمێسک» بەرهەمە ناسراوەکانی ئەو هونەرمەندە کوردەن.

ئەمجەد عەلیمورادی لە دایکبووی شاری سەقزە و هەر لە سەرەتای منداڵییەوە ئۆگری کاری سینەما و شانۆ بووە و کەسیکی خاوەن ئەزموون لەو بوارەدا ناسراوە.

## شانۆی «ئەستێرەکانی ژێر خۆڵ» لە شاری شنۆ



شانۆی «ئەستێرەکانی ژێر خۆڵ» کە باس لە ئەنفال و کیمیاییبارانی هاووڵاتییانی کورد لە باشووری کوردستان لە سەردەمی دەسەڵاتدارەیتی ڕێژیمی بەعسدا دەکا، ڕێکەوتی ١٢ی ڕەشەممە دەستی بە کارەکانی کرد.

لە شانۆی «ئەستێرەکانی ژێر خۆڵ»دا بەسەرهاتی منداڵێکی ١٠ ساڵان بە ناوی هاوار باس دەکرێ، هاوار منداڵی خێزانێکی هونەرمەندە، کاتێک لەگەڵ دایکی بەرەو شوێنێکی دیکە کۆچ دەکەن، لەلایەن هێزەکانی بەعسەوە پێشیان پێ دەگیرێ و سووکایەتییان پێ دەکرێ.

شانۆی ئەستێرەکانی ژێر خۆڵ لە دەرهێنانی «حوسێن بەلەدی»یە و ٧ هونەرمەندی کورد کە سێ کەسیان ژنن، ڕۆڵی تێدا دەگێڕن کە بۆ ماوەی یەک حەوتوو بەردەوام دەبێ.

## سەرکەوتنێکی مەزن بۆ دەرمانی ئایدز



بۆ یەکەم جار نەخۆشێکی تووشبوو بە ڤایرۆسی «ئێچ ئای ڤی» لە ئەمریکا دەرمان کرا. پزیشکان لەمبارەوە ڕایانگەیاند کە ئەو تووشبووە کە سێ کاتژمێر دوای لە دایکبوونەوە تووشی ڤایرۆسی ئایدز بووە دوای خولێکی دەرمانی، ئاسەواری ئەم ڤایرۆسە لە خوێنەکەی دا نەماوە.

پزیشکانی دەرمانی ئایدز ئەم سەرکەوتنە بە خاڵێکی وەرچەرخان لە خەبات دژی ڤایرۆسی «ئێچ ئای ڤی» دەزانن و ڕایانگەیاندوە ئەم بابەتە دەتوانێ ببێ بە بنەمایەک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سەرکەوتووانەتر دژی نەخۆشی ئایدز.




بەر لە ماڵاوایی

بەر لە ماڵاوایی

## پاراستنی ڕێزی زمان

### «دیالۆگی دوولایەنەی نەتەوەکان بە پاراستنی ڕێزی زمان مسۆگەر دەبێ»



**قادر وریا**

لە پەیامی ئێرینا بوکووا سکرتێری گشتیی یونسکۆ بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک(٢١ی فێورییەی ٢٠١٣)

«زیندوو مانەوەی هەر زمانێک بەوە بەستراوەتەوە کە پێی بخوێندرێ و دەقی خوێندن و کتێبی قوتابخانە و چاپەمەنی بەو زمانە چاپ ببێ و لە ڕادەیەکی بەرین دا بڵاو ببێتەوە».

یونسکۆ(ڕێکخراوی کولتووریی نەتەوە یەکگرتووەکان) یەک لەو دامەزراوە نیونەتەوەییانەیە کە بایەخیکی تایبەتی بە زمانی دایک و ڕۆژی جیهانیی زمان دایک دەدەن. پەیامی ئەمساڵی ئێرینا بوکووا سکرتێری گشتیی یونسکۆ، نموونەیەکی دیار لەو بایەخپێدانەیە. یەکەم خاڵی گرنگی ئەو پەیامە، پێناسە کردنی زمان، وەک فاکتەرێکی گرنگی دروستکردنی شوناسی تاکەکان و گرووپە مرۆییەکانە:

« ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک، بۆنەیەکی باشە بۆ پێداگرتن لە سەر گرنگیی زمان لە دروستکردنی شوناسی تاک و گرووپدا کە بناغەی هەموو ژیانی کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتووری پێک دێنێ.»

بە پێچەوانەی ئەو ڕوانین و بیرکردنەوانەی کە داننان بە بوونی چەند نەتەوە و زمان لە کۆمەل و وڵاتی خۆیان دا بە مەترسی بۆ بەردەوامیی ئەو وڵات و کۆمەڵگەیە دەزانن و لە پێناوی ئەو مانەوەیە دا، زمانێک و نەتەوەیەک بە سەر ئەوانی دیکە دا دەسەپێنن،یونسکۆ،چەند زمانی و چەند کولتووریی کۆمەڵگەی مرۆیی بە جۆریک شانس و دەوڵەمەندی، دەزانێ:

« بوونی چەند کولتوور، هێز و دەرەتانێکە بۆ مرۆڤایەتی و، جۆراوجۆریی کولتووریی ئێمە دەردەخات. دروستبوونی ڕوانینەکان، نوێبوونەوەی بیرۆکەکان و فراوانبوونی خەیاڵ لە ئیمەدا بە هیز دەکا.»

وێکهەڵکردنی ئێتنیک و کولتووره جۆراوجۆرەکان ، لە گرەوی ڕێزگرتنیان لە یەکتر دایە. ئێرینا بوکووا سکرتێری گشتیی یونسکۆ، زمان بە سەرەکیترین و دیارترین نوێنەری ئەم ئێتنیک و کولتوورانە دەزانێ. هەر بۆیە لە پەیامەکەی دا دەڵێ: «دیالۆگی دوولایەنەی ئێتنیکەکان بە پاراستنی ڕێزی زمان مسۆگەر دەبێ». زمانەکان دینامیزمی لێکتێگەیشتنی مرۆڤەکانن. ڕێز گرتن لە مرۆڤێک یان کۆمەڵە مرۆڤێک بە بێ ڕێزگرتن لە زمانەکەیان،مانای نییە. «ڕێزگرتنی زمان» ئەو چەمکەیە کە یونسکۆ، بەر لە هەر شتێکی دیکە، لە داننان بە زمانەکە و بەکارهێنانی لە بواری خویندندا، دەیبینێ:

«یونسکۆ بۆ بەرەوژوورسبردنی ئاستی بەکارهێنانی زمانەکان کە دینامیزمی لێکتێگەیشتنی دوولایەنەی مرۆڤەکانە، هەوڵ دەدا. ئێمە پشتگیریی فیربوون بە زمانی دایک دەکەین کە ڕێخۆشکەرە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی باشتر خەبات لە گەڵ نەخوێندەواری بکەین و ئیمکانی خوێندن بە نیوەرۆکیکی بەرزەوە پیک بینین.»

خوێندن بە زمانێک هەر تەنیا یارمەتیدەر نییە بۆ باشتر فیربوون، بەڵکوو باشترین ریگاشە بۆ پاراستنی زمانەکە. پاراستنی زمانەکەش دەبیتە هۆی مانەوە و پارێزرانی دەسکەوتە مەعنەوییەکانی ئاخێڤەرانی و بەهیزبوونی متمانە بە بوونی کۆمەلایەتیی خۆیان. «ئێرینا بوکووا» دەڵێ:

«پارێزگاری لە زمانەکان ئەو دەرەتانە بۆ خەڵکی هەر شوێنێک پێک دێنێ کە تۆمارکردن، پاراستن و ڕاگوێزتنی زانیارییەکانیان دەستەبەر بکەن. زمانی دایک کەرەستەیەکە ئیمکانی ئەوە بۆ تاکەکان پیک دێنێ کە بیروبۆچوونەکانی خۆیان دەرببڕن و هەست بە ڕێزی خۆیان بکەن. زمانی دایک، هیزی بەدەستهێنانی جیگە و پیگەی کۆمەلایەتییە.»

یونسکۆ، ئەم ساڵ دۆزینەوەی پێوەندیی نێوان کتێب و زمانی دایکی بۆ ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک پێشنیار کردبوو. کتێب هەر تەنیا هەڵگر و ڕاگوێزەری زانست و زانیاری و ئەزموونەکان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە نییە، پارێزەر و پەرەپێدەری زمانەکان و هۆکاری دەوڵەمەند کردنیانە. کتێب بە تایبەتی ئەو کاتەی دەبێتە کەرەستەی خوێندن بە زمانێک، ڕۆڵ و جێگەیەکی دیکە لە خزمەتی زمانەکەدا بە دەست دێنێ:

«زیندوو مانەوەی هەر زمانێک لە گرەوی خوێندن بەو زمانە و چاپی دەق و کتێبی خوێندن بە زمانەکە و بڵاوبوونەوەیان لە ڕادەیەکی بەرین دایە. لە هێندێک وڵات، نەبوونی کتێب و دەقی خوێندن بە زمانی دایک، بووە بە کۆسپێک بۆ گەشە و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و، ئەمە یانی بێبەش بوون لە مافە بنەڕەتییەکان و ئازادیی دەربڕین.... ئێمە دەبێ بڵاوبوونەوەی کتێب بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بۆ هەمووان دابین بکەین بە تایبەتی بۆ منداڵان بۆ ئەوەی بتوانن بە زمانی دڵخوازی خۆیان، زمانی زگماکی بخوێنن.»

«پاراستنی ریزی زمان» خۆی لە داننان بە بوونی ئاخێڤەرانی ئەو زمانەدا دەبینێتەوە وئاخێڤەرانی زمانە جۆراوجۆرەکان، ئەو کاتە لە تەنیشت یەکتر و لە نێو یەکدا بە ئاسوودەیی دەژین، کە ڕێزی دیارترین فاکتەری شوناسی بەرامبەرەکەیان، واتە زمانەکەیان بگرن. بەرچاوترین لایەنی ئەو ریزلێگرتنە، خویندن بەو زمانانەیە. لە ئێرانی فرەنەتەوە و فرەزماندا، ئەم ڕیزە تەنیا بۆ تاقە زمانێک هەیە کە ئەویش زمانی فارسییە. ئاخێڤەرانی زمانەکانی تورکی، کوردی ، بەلوچی، عەرەبی، کە زیاتر لە نیوەی دانیشتوانی ئێران پێک دێنن، لە گەڵ سووکایەتی بە زمانەکەیان و لە ڕاستیدا سووکایەتی بە سەرەکیترین توخمی شوناسی خۆیان کە زمانەکەیانە بەرەوڕوون. ئەم ڕاستییە، بووە بە هۆی ئەوە ساڵ بە ساڵ، داوای بەرەسمی ناسرانی ئەو زمانانە و خوێندن بەوان لە قوتابخانە دا، بە دەنگیکی بەرزتر بێتە گۆڕێ و ڕۆژی ٢١ی فێورییە لە نیو نەتەوە بندەستەکانی ئێران دا بە شکۆیەکی زیاترەوە بەڕێوە بچێ.